# یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

# YNDK

یۆبیلی زیوین 1995 – 2020

**غەفوور مەخمووری**



یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

# YNDK

یۆبیلی زیوین 1995 – 2020

## غەفوور مەخمووری

هەولێر کوردستان

2020




یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

YNDK

یۆبیلی زیوین ١٩٩٥ - ٢٠٢٠

نووسەر: غەفوور مەخمووری

دیزاین و بەرگ: لقمان رشیدی

چاپ: یەکەم ٢٠٢٠

چاپخانە: تاران

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٥١١)ی ساڵی ٢٠٢٠ ی پێدراوە.

# پێشەکی

یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکــراتی کوردســتان YNDK، کــە لــە نــەورۆزی ١٩٩٥ لەدایکبــوونی خــۆی راگەیانــدووە، ســاڵانە لــە رۆژی نــەورۆزدا بــۆ بــەرز راگرتنــی جــەژنی نــەورۆز و ســاڵیادی لەدایکبــوونی YNDK مەراســیمێکی نەتەوەیــی و نیشــتمانی رێکدەخەیــن، هەنــدێ ســاڵ بــە ئاهەنگــی وتارخوێندنــەوەو مۆســیقا و گــۆرانی و، هەنــدێ ســاڵیش بــە مەراســیمی پێشــوازیکردن لــە میوانــان ئــەو یادانــە بــە خۆشــییەوە بەڕێدەکەیــن، ســەرەتای ســاڵی ٢٠٢٠ بیرمــان لــەوە کــردەوە کــەوا ئەمســاڵ بــە شــێوازێکی تایبــەت ســاڵیادی YNDK و جــەژنی نــەورۆز پیــرۆز بکەیــن، لەبەرئــەوەی لــەم ســاڵدا YNDK پێــی نایــە یۆبیــلی زیوینــی دامەزرانــدنی خــۆی و ٢٥ بیســت و پێنــج ســاڵی تەمــەنی کارو خەبــات و بەرخــودانی خۆڕاگرانــەی خــۆی تەواوکــردو، لــە مــاوەی رابــردوودا مێژوویەکــی پــڕ لــە هەڵوێســتی نەتەوەیــی و نیشــتمانی و جوامێــری و بەرخــودان و وڵاتپارێــزی تۆمارکــرد، بێگومــان ئــەو مێــژووەی YNDK جێگــەی شــانازی و ســەربەرزیمانە.

ئێمــە لــە ســەرکردایەتیی YNDK دەمانویســت و پلانڕێژیــمان کردبــوو کــەوا لــە مەراســیمێکی نەتەوەیــی و نیشــتمانی شایســتە یۆبیــلی زیوینــی YNDK و

نــەورۆزی ٢٠٢٠ پیــرۆز بکەیــن، بــۆ ئــەم مەبەســتەش بەرنامەمــان هەبــوو کــەوا تــەواوی هێــزو لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتانی مــەزن و کۆمەڵــێ حــزب و لایــەنی دۆســت و چەندیــن کەســایەتی لــە ناوخــۆو دەرەوە بانگهێشــت بکەیــن، بــەڵام بەداخــەوە بەهــۆی بڵاوبوونــەوەی ڤایــرۆسی کۆرۆنــا (COVID-١٩) لەجیهانــدا، کــە بۆتــە هەڕەشــەیەکی گــەورە و رووبــەڕووی تــەواوی کۆمەڵــگای مرۆڤایــەتی بۆتــەوە و، کوردســتانیشی گرتۆتــەوە، ئەمــەش وایکــرد کــەوا حکومــەتی کوردســتان کۆمەڵــێ رێــکاری پێویســت بــۆ پاراســتنی هاوڵاتیــانی کوردســتان و رێگرتــن لــە بڵاوبوونــەوەی ڤایــرۆسی کۆرۆنــا بگرێتــە بــەر، بۆیــە ئێمــەش لــە کۆبوونــەوەی کۆمیتــەی ســەرکردایەتی YNDK لــە رۆژی ٧ / ٣ / ٢٠٢٠ بڕیارمانــدا بــە وەســتاندنی تــەواوی چالاکــی و مەراســمیی یۆبیــلی زیوینــی YNDK .

یۆبیــلی زیوینــی YNDK لــە رەوشــێکی وادا، بــە شــێوەیەکی دیکــە بەڕێوەچــووە، لــە هەمــوو لایەکــەوە کەســایەتی و هێــزو لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتانی مــەزن و کــوردانی ئــوردەن و فەلەســتین و کــوردانی ئاســیای ناڤیــن و هێــزو لایەنــە سیاســییەکان و کەســایەتییە ســیاسی و رۆشــنبیرییەکانی دۆســتمان لــە وڵاتــانی عــەرەبی و ئەوروپــی و چەندیــن دامــەزراوەی رۆشــنبیری لەڕێــی پەیوەنــدی تایبــەت و نــاردنی پەیامــی پیرۆزبایــی پەیوەندییــان پێوەکردیــن و یۆبیــلی زیوینــی دامەزرانــدنی YNDK یــان پیرۆزکــرد، ئــەو پەیوەنــدی و نــاردنی پەیامــی پیرۆزباییانــە ســەرفرازو دڵخۆشــیان کردیــن، وێــڕای رێــزو خۆشەویســتیمان بــۆ هەمــوو لایەکیــان جارێکــی دیکــە لێــرەوە سوپاســیان دەکەیــن.

هەرچەنــدە کەرەنتینــە و خۆپاراســتن لــە بڵاوبوونــەوەی ڤایــرۆسی کۆرۆنــا لــە زۆر شــتی دابڕیــن، بــەڵام دەرفەتێکــی بــاشی پێدایــن بــۆ بیرکردنــەوەو نووســین و خوێندنــەوە، ئــەم کتێبــەش یەکێکــە لــەو کارانــەی کــەوا لــە زەمنــی کۆرۆنــا و لــە کەرەنتینــەدا نــووسراوەو ئامادەکــراوە.

لــەو ماوەیــەی کــەوا لــە کەرەنتینــەدا بوویــن؛ بیرمانکــردەوە کــەوا ســوود لــە کاتەکــە وەربگریــن و کورتەیــەک لــە کارو خەبــات و هــزرو رامــان و هەڵویســتی YNDK بنووســینەوە و، لەگــەڵ ئــەو پەیامــی پیرۆزباییانــەی کــەوا بــۆ یۆبیــلی زیوینــی YNDK هاتــوون هەموویــان لــە دوو توێــی ئــەم کتیبــەدا چــاپ و بڵاوبکەینــەوە، بــۆ ئــەوەی ببێتــە بەشــێک لــە مێــژوو و ئەرشــیفی کارو خەبــاتی YNDK بــۆ نــەوەکانی داهاتوومــان، ئومێــد دەکەیــن ئــەم کارەمــان جێــی رەزامەنــدی هەمــوو لایــەک بێــت.

**غەفوور مەخمووری**

**٢٠ / ٥ / ٢٠٢٠**

# یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

# YNDK

## (یۆبیلی زیوین 1995 – 2020)

غەفوور مەخمووری

## لەدایکبوونی YNDK

مانگـی ئـادار مانگـی قـەدەری کوردانـە بـە خۆشـی و ناخۆشـییەکانییەوە، مانگـی ئـادار سـەرەتای بەهـارە و سروشـت نـوێ دەبێتـەوە، لای کـورد بەهـار وەرزی نوێبوونەوەیـە، بۆیـە سـەیر دەکەیـن بەشـێك لـە بۆنـەو خۆشـییەکانی کـورد کەوتۆتە ئەم مانگـە، دوژمنانـی کـورد ئـەوە بـاش دەزانـن کـەوا کـورد هەوڵـدەدات لـە بەهـاردا خـۆی نوێبکاتـەوە، وەکـو دەبینیـن لـەم مانگـەدا گەلـی کوردسـتان راپـەڕی و سـەرهەڵدانی بەهـاری ١٩٩١ ی تۆمارکـردو زۆربەی شـارو شـارۆچکەکانی باشـووری کوردسـتانی ئازادکرد، دوژمنـان بـەردەوام هەوڵیانـداوە ئـەم مانگـەی کـوردان لـە شـاییەوە بکـەن بـە شـین، هەربۆیەشـە لـەم مانگـەدا کۆمەڵـێ کارەسـاتییان بەسـەر کـوردا هێنـاوە، لوتکـەی ئـەم کارەسـات و تاوانانـەش کیمیابارانکردنـی شـاری هەڵەبجـە بـوو لـە ١٦ / ٣ / ١٩٨٨ کـە بـووە هـۆی شـەهیدکردنی زیاتـر لـە ٥٠٠٠ هـاوڵاتی کـوردو بریندابـوون و ئاوارەبـوونی هـەزارانی دیکـە.

یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK وەکـو رێکخراوێکـی نەتەوەیـی کـە هەڵگـری پەیامـی نەتەوەییـە لـەم مانگـەدا لەدایکبـووە، ئەمـەش گوزارشـت لـەوە

دەکات کـەوا YNDK لەگـەڵ خۆشـی و ناخۆشـییەکانی نەتەوەکەمـان ئاوێتـە بـووە و، بـۆ ئـەوە لەدایکبـووە بـە بیـرو هـزری نەتەوەیـی خۆشـییەکانی نەتـەوە پێشـبخات و پەنـد لـە ناخۆشـییەکان وەربگرێـت، بۆئـەوەی لـە داهاتـوودا بەگـژ پیلانـی ناحـەزان و دوژمنـان دابچێتـەوە و بـەرەو ئایندەیەکـی گـەش هەنـگاو بنێـت.

سـاڵانی ١٩٩٤ و ١٩٩٥ کوردسـتان لە رەوشـێکی زۆر ناسـک و هەسـتیارو ئاڵۆزدا بوو، شـەڕی نەخـوازراوی براکـوژی لـە نێـوان پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان و یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان درێـژەی هەبـوو، ئـەو شـەڕە زیانێکـی زۆری مرۆیـی و سیاسی و ئابـووری بـە بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانی کوردسـتان گەیانـد، لەهەمـان کاتـدا کاریگـەری نێگەتیڤی کـردە سـەر ناوبانگـی کـورد لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆو دەرەوەدا، خەڵکێکـی زۆری نائومێـد و نیگـەران کردبـوو، بۆشـاییەکی سـیاسی لـە گۆڕەپـانی سـیاسی کوردسـتان دروسـتکردبوو، ئـا لـەم کاتـەدا ئێمـە کۆمەڵـێ کەسـایەتی وڵاتپارێـزو نەتەوەیـی بـە هەسـتکردن بـە بەرپرسـیارێتی نەتەوەیـی و نیشـتمانی بـۆ بەرگرتـن لـە شـەڕی ناوخـۆو پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشـاییە سیاسـییەی کـەوا لـە ئەنجامـی شـەڕی ناوخـۆدا دروسـت ببـوو، لـە هەمـان کاتـدا بۆئـەوەی لـە نائومێدییـەوە ئومێدێـک و هیوایـەک بـە گـەلی کوردسـتان ببەخشـین، دوای زنجیرەیـەک کۆبوونـەوەو راوێـژ لەگـەڵ یەکـتر گەیشـتینە ئـەو بـاوەڕەی کـەوا رێکخسـتنێکی نەتەوەیـی و نیشـتمانی دابمەزرێنیـن، ئەوەبـوو بڕیارمانـدا لـە رۆژانی ١٧ و ١٨ و ١٩ ی مانگـی ٣ ی ١٩٩٥ کۆنگـرەی دامەزرانـدنی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکـراتی کوردسـتان YNDK ببەسـتین، دوای سـێ رۆژ گفتوگۆکـردن و شرۆڤەکـردنی رەوشی سـیاسی و ئابـووری و کۆمەڵایـەتی و کلتـوری کوردسـتان و تـەواوی پرسـە نەتەوەییـەکان و دانـانی کارنامەیەکـی گونجـاو بـۆ ئـەو قۆناغـی کارو خەبـات، بڕیـاری دامەزرانـدنی YNDK مانـدا و، دوای تەواوکـردنی کارەکان لـە رۆژی جـەژنی نـەورۆزو سـەری سـاڵی کـوردی لـە ٢١ ی ٣ ی ١٩٩٥ لەدایکبـوونی YNDK مـان راگەیانـد، YNDK وەک پێویسـتییەکی بابـەتی و مێژوویـی لـە رەوشـێکی وا ئاڵـۆزو وەک وەڵامدانەوەیەکـی قۆناغـی سـەختی

خەباتی گەلی کوردستان لەدایکبوو.

ئێستاش کەوا یادی یۆبیلی زیوینی دامەزراندنی YNDK دەکەینەوە و، ٢٥ بیست و پێنج ساڵ بەسەر دامەزراندن و تەمەنی پڕ لە خەبات و بەرخۆدانی YNDK تێدەپەڕێت، YNDK لەو کاتەوە تا ئێستا وەکو رێکخستنێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و جەماوەریی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بووە هیوابەخش بۆ هاوبیرانی نەتەوەیی و وڵاتپارێزان و تێکۆشەران، YNDK لەماوەیەکی کورتی تەمەنیدا توانی بوون و کاریگەری خۆی بسەلمێنێت و، بەهۆی کاری بەردەوامی لەسەر خزمەتکردن و کارکردن بۆ سەربەخۆیی کوردستان کاریگەری لە سەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانی و سیاسییەکان دروست بکات، YNDK توانیویەتی لەئاست بەرپرسیاریەتیدا بێت و بە شرۆڤە و خوێندنەوە و پێشبینییەکانی پیلانە نەگریسەکانی داگیرکەران و دوژمنانی کورد و کوردستان ئاشکراو ریسوا بکات و رووبەڕوویان ببێتەوە، لەهەمان کاتدا YNDK هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بە پەروەردەیەکی نەتەوەیی و ئاشناکردنی تاك بەناسنامەکەی و پەیوەستبوونی تاکی کوردی بە خاك و وڵات و کلتور بە بنەما گرت، ئەوەش بۆئەوەی کەسایەتی تاکی کورد لەسەر بنەمای باوەڕبەخۆبوون بنیاتبنێتەوەو شێلگیرانە رووبەڕووی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان ببێتەوە، هەزری نەتەوەیی و وڵاتپارێزی YNDK وایکرد YNDK زۆر بەخێرایی بەدیاربکەوێ و ببێتە خودان پێگەی خۆی لەسەر ئاستی کوردستانی مەزندا.

## کار و خەباتی YNDK

YNDK وەك رێکخستنێکی نەتەوەیی و نیشتمانی کە هەڵگری هەزری نەتەوەیی و سەربەخۆخوازییە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان توانیویەتی بوونی کاریگەرانەی خۆی بسەلمێنێت و ببێتە هێزێکی حساب بۆکراو، YNDK هەمیشە بە

هەڵوێستی نەتەوەیی و وڵاتپارێزانەی خۆی دژ بە هەوڵ و پیلانەکانی داگیرکەران و نەیارانی کوردستان وەستاوەتەوە و لەهەر رووداوو پێشهاتێکی سیاسیدا هەڵوێستی کوردانەی خۆی هەبووەو توانیویەتی زۆر راشکاوانە و بوێرانە هەڵوێستی خۆی بخاتەڕوو.

بێگومان کارو خەباتی YNDK بێ زەحمەتی و قوربانیدان نەبووە، شەوی ٢٠ لەسەر ٢١ ی ١٠ ی ١٩٩٥ هەوڵی تیرۆرکردنی غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK درا و زۆر بە سەختی برینداركرا، لە رۆژی ٣١ / ٥ / ٢٠٠٠ هەڤاڵ سەربەست مەحموود ئەندامی مەکتەبی سیاسیی YNDK و سەرنووسەری رۆژنامەی میدیا لەلایەن دەستێکی نادیارو چەپەڵ و خوێنڕێژ لە هەولێر تیرۆرکرا، شەهید سەربەست مەحموود یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی YNDK و رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە کارو خەباتی YNDK لە بواری سیاسی و رێکخستن و راگەیاندندا، لەدەستدانی شەهید سەربەست مەحموود زیانێکی زۆری بە YNDK گەیاند، هەروەها برینداربوونی غەفوور مەخمووری پاش هەوڵی تیرۆرکردنی ئەمەش تا رادەیەکی زۆر کاری کردە سەر کارو خەباتی YNDK، لەبەرئەوەی مەخمووری بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ لە نەخۆشخانە مایەوەو چارەسەری وەرگرت، ئەم پیلانانە کاریگەرییان بۆ سەر کارو خەباتی YNDK هەبوو، بەڵام لە کارو خەباتدا سارديان نەکردینەوەو بوونە هۆی ئەوەی کەوا لە جاران زیاتر پەرە بە کارو خەباتی خۆمان بدەین.

بە پێویستی دەزانین ئەگەر بەکورتیش بێت تیشك بخەینە سەر کارو خەباتی YNDK لە ماوەی ٢٥ ساڵەی کارو خەباتی خۆیدا:

### لەسەرئاستی رێکخستن:

لەماوەی رابردوودا سەرەڕای کەمی توانا ماددییەکان YNDK بەکاروخەباتی خۆی توانیویەتی رێکخستنەکانی خۆی بگەیەنێتە زۆربەی هەرەزۆری شارو شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان و، ببێتە خاوەن بنکەیەکی جەماوەری بەرفراوان،

هەروەها توانیویەتی لەناو ریزەکانی خوێندەڤانان و ئافرەتان و لاواندا گەشە بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێکخستنەکانمان لەئاستی خواستی ئێمەدا نین و خواستمان لەوە زیاترە، بۆیە دەبێ زۆر زیاتر کاربکەین و کەسانی نەتەوەیی و وڵاتپارێز زیاتر لە ریزەکانی خۆماندا رێکبخەین و بەشێوازێکی چالاکانەتر ئاراستەی کارو خەباتیان بکەین، بۆئەم مەبەستەش کارنامەیەکی سەردەمییانەی گونجاوو کارامان دارشتووە.

**لەسەر ئاستی پەیوەندییەکان:**

YNDK وەکو هێزێکی نەتەوەیی و نیشتمانی لەماوەی رابردووی کارو خەباتی خۆیدا توانیویەتی پەیوەندییەکی برایانەو هاوخەباتانە لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری هێزو لایەنە سیاسییەکان و ناوەندە کلتوری و کەسایەتییە رۆشنبیرو وڵاتپارێزەکانی هەر چوار بەشی کوردستان و کوردانی ئاسیای ناڤین و کوردانی لوبنان و ئوردەن و رەڤەندی کورد لە دەرەوەی وڵات دروستبکات و، بەردەوامیش لەهەوڵداین بۆ پێشڤەبردنی ئەو پەیوەندییانە لەپێناو زیاتر خزمەتکردنی دۆزی رەوای نەتەوەکەمان و تەواوی گەلی کوردستان، سەرەڕای ئەو پەیوەندییانە توانیومانە پەیوەندی هاوخەباتی و دۆستانە لەگەڵ زۆر هێزو لایەن و ناوەندی سیاسی و پەرلەمانی بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی ئەوروپا دروست بکەین، هەروەها لە ماوەی رابردوودا توانیومانە بەشداری دەیان کۆنگرەو کۆنفرانسی گرنگی سیاسی لە وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی ئەوروپی بکەین و پەیامی سەربەخۆیی کوردستان بە هەموو ئەو ناوەندانە بگەیەنین، جگە لەمانە چەندین کۆڕو سمیناری تایبەتمان لەلایەن ناوەندە سیاسی و رۆشنبیرییەکانی بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپی بۆ رێکخراوە.

لە ڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەکان؛ وەک YNDK پەیوەندییەکی زۆر باشمان لەگەڵ چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و نووسەران و رۆژنامەنووسان و رۆشنبیرانی کوردستان هەیە و پەیوەندییەکانمان رۆژ بەرۆژ بەرەو پێشەوە دەچن.

ئێمە وەکو YNDK شانازی بەو پەیوەندییانەمان دەکەین و، هەوڵی پتەوکردن و پێشخستنی ئەو پەیوەندییانەمان لەگەڵ هەموو لایەك دەدەین، هیڤیدارین لەداهاتووی نزیکدا بتوانین لەگەڵ ئەو لایەنانەدا زیاتر لەیەکدی نزیکببینەوەو هاوکاری یەکدی بین و کاری نەتەوەیی و نیشتمانی هاوبەش و کردەیی بەیەکەوە ئەنجامبدەین.

**لەسەر ئاستی راگەیاندن:**

سەرەڕای کەمی توانا مادییەکان؛ YNDK لەرووی راگەیاندنەوە توانیویەتی گەشەیەکی بەرچاو بکات و رۆژبەڕۆژیش لە پێشڤەچوون و گەشەکردندابێت، راگەیاندنی YNDK بەردەوام لەسەنگەری گەل بووەو بەرگری لە کێشەکانی خەڵك کردووەو لەهەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیاندا بووە، رۆژنامەی (میدیا) کە رۆژنامەیەکی هەفتانە بوو YNDK دەریدەکرد، توانی ببێتە یەکێکە لە رۆژنامە هەرە باشەکانی کوردستان و جێی ئومێدی کەسانی نەتەوەیی و وڵاتپارێز بۆ دروستکردن و گەیاندنی بیرو بۆچوونی ئازاد، هەروەها رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی هزرو رۆشنبیریی نەتەوەیی و بیری سەربەخۆییخوازی و گۆشکردن و پەروەردەکردنی تاکی کورد بە ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی، ئەمەش وایکرد (میدیا) ببێتە خودان سەنگ و تایبەتمەندی خۆی.

(میدیا) کەوا تا ئێستا ٦٥٤ ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوە، بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ لێکۆڵەرەوان لەسەر ئازادی رۆژنامەنووسی و ئازادی بیروڕا لە کوردستان، سەرەڕای رۆژنامەی میدیا، وێبسایتی YNDK لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت (WWW.YNDK.COM) ئەویش کاریگەری خۆی هەبووەو رۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لە گەیاندن و ناساندنی هزرو هەڵوێستەکانی YNDK و دەتوانین بڵێین پردی گەیاندنی نێوان دەرەوەو ناوەوەی وڵات بووە بۆ گەیاندنی هزرو ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی و بیری سەرخۆبوونخوازی.

کە باس لە راگەیاندنی YNDK دەکەین نابێ رۆڵی رادیۆی (دەنگی مەخموور) لەبیر بکەین، ئەویش لەبواری خۆیدا خزمەتێکی زۆری هزرو روانینی نەتەوەیی و سەربەخۆییخوازی کردووە و لە سنووری خۆیدا توانیویەتی ببێتە تریبۆنێکی ئازاد بۆ گەیاندنی راستییەکان، ئێمە خواستمان ئەوەیە پەخشی ئەو رادیۆیەمان فراوانتر بکەین بۆئەوەی بتوانین بەفراوانی دەنگمان بەهەموو لایەك بگەیەنین.

رۆژنامەی (دەنگی مەخموور)، کە رۆژنامەیەکی مانگانەیە و بە هاوکاری و پشتیوانی و سپۆنسەری YNDK دەردەچێت، ئەویش لەبواری خۆیدا خزمەتێکی زۆری کردووە.

دەستی ماندووبوونی هەموو ئەو بەڕێزو خۆشەویستانە دەگوشین کەوا لە راگەیاندنەکانی YNDK دا کاریان کردووە و بەردەوامن، سوپاسی ئەرك و ماندوو بوونیان دەکەین کەوا بەردەوام کاریان کردووە بۆ گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی و سەربەخۆخوازی و پێشخستنی راگەیاندنەکانی YNDK و هیوای سەرکەوتنی زیاتریان بۆ دەخوازین.

### YNDK و خۆنوێکردنەوەی بەردەوام

YNDK وەک رێکخستنێکی مۆدێرن و سەردەمییانە بەردەوام لە بەخۆداچوونەوە و خۆ نوێکردنەوەدایە، لە ماوەی تەمەنی ٢٥ ساڵەی کارو خەباتی خۆیدا تا ئێستا پێنج کۆنگرەی بەستاوە, بەم شێوەیە:

١- کۆنگرەی یەکەمی لە رۆژانی ١٧ تا ١٩ / ٣ / ١٩٩٥ لە شارۆچکەی عەنکاوەی نزیک شاری هەولێر بەستووە.

٢- کۆنگرەی دووەمی لە رۆژانی ٥ تا ٧/ ٥ / ١٩٩٦ لە شارۆچکەی شەقڵاوە بەستووە.

٣- کۆنگرەی سێیەمی لە رۆژانی ١٠ تا ١٢ / ١/ ١٩٩٩ لەشاری هەولێر بەستووە.

٤- کۆنگرەی چوارەمی لەرۆژانی ١٠-١١ /٢/٢٠٠٢ لەشاری هەولێر بەستووە.

٥- کۆنگرەی پێنجەمی لە رۆژانی ١٢-١٣/١٢/٢٠١٢ لە شاری هەولێر بەستووە.

بێگومان هەر یەک لە کۆنگرەکانی YNDK وێستگەیەکی گرنگی بەخۆداچوونەوە و خۆنوێکردنەوە بوون، لە کۆنگرەکانی YNDK دا پرسە سیاسی و کلتوری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و بارودۆخی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و کاروخەباتی YNDK شرۆڤەکراون و هەڵسەنگێنراون و لەژێر تیشک و ئەنجامی گفتوگۆ و بیروڕا گۆڕینەوەکانی ئەندامانی کۆنگرە و بە گیانێکی دیموکراتییانە و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و نیشتمانی کارنامە بۆ کارو خەباتی داهاتووی YNDK دارێژراوە، دەتوانین بڵێین کۆنگرەکانی YNDK وێستگەی گرنگی نوێکردنەوەی دید و رامانی YNDK بوون بۆ تەواوی پرسە هزری و سیاسی و کلتوری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان.

## ■ هزرو سیاسەتی YNDK

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK ؛ وەک رێکخراوێکی نەتەوەیی سیاسی جەماوەری و یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە بۆ تێکۆشەران و نیشتمانپەروەرانی کوردستان، کە هاوبیری و هاوخەباتی لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان و یەکێتی خاکەکەی و ئازادی گەلەکەی بەپێی رێڕەوێکی زانستییانەی هاوشانی خەباتی دیموکراتییانەی سەرچاوە گرتوو لەمافی چارەنووسی گەلان و مافەکانی مرۆڤدا دەستی بە خەبات و تێکۆشانی خۆی کردووە و بەردەوامە.

YNDK باوەڕی وایە کەوا لە مێژووی دروستبوون و رەوتی گەشەی کۆمەڵگای مرۆڤدا هەست و بیری نەتەوەیی یەکێکە لە هێزە کاریگەرو بزوێنەرو رێکخەرەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا جیاجیاکانی مرۆڤایەتی لە ناوخۆیان و لە دەرەوە و لە بەرامبەر یەکتریشدا .

لەهەمـان كاتـدا نەتەوایەتـی فاكتەرێكـی گرنگـی دروسـتبوونی ئیمپراتۆریەتـە گەورەكانـی مێـژووە، هـەروەك چـۆن فاكتەرێكـی گرنگـی لێكهەڵوەشـانەوەی ئـەم ئیمپراتۆریەتانەشـە لەسـاتەوەختی هەڵگیرسـانی شۆڕشـی نەتەوەیـی نەتـەوە بندەسـتەكان (لـەدژی ئـەو بەرژەوەندییانـەی نەتـەوەی سەردەسـت كـە لەسـەر حسابی بەرژەوەندییەكانـی نەتـەوەی بندەسـت بەدەسـت هاتـووەو راگیـراوە) بـۆ سـەربەخۆیی نەتەوەیـی.

بـۆ ئێمـەی كوردیـش (كوردایەتـی) كـە بیـری نەتەوەیـی كـوردە بەكاریگەرتریـن چەكـی دەزانیـن بۆ رووبـەڕوو بوونـەوەی گشـت سیاسـەتەكانی داگیركاریـی داگیركەرانی كوردسـتان و بـۆ بەرجەسـتە كردنـی كەسـایەتی كـورد و دەیكەینـە بـەردی بناغـە بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجەكانمـان.

كـورد وەک نەتـەوە كۆنتریـن نەتەوەیـە لەڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، خاوەنـی خـاك و داب و نەریـت و زمـان و كەلەپـوور و مێـژووی تایبەتـی خۆیەتـی، لەسـەرەتای ئـەم سـەدەیەوە خاكەكـەی بەسـەر دەوڵەتـە كۆلۆنیالیسـتەكانی دراوسـێدا بەزۆرەملـێ دابـەش و داگیركـراوەو لـە هـەر چـوار لاوە داگیركـەران (عێـراق، توركیـا، ئێـران، سـوریا) بـە هەمـوو شـێوازێكی سـەربازی و سیاسـی و دەروونـی لەهەوڵـی سـڕینەوەی مۆركـی نەتەوەیـی و شـێواندنی كەسـایەتی و بنبڕكردنـی نەتـەوەی كـوردن و خاكەكـەی تەعریـب و تەتریـك و تەفریـس دەكـەن و سـامانی ئابـووری و شارسـتانی و كلتـووری بەتـاڵان دەبـەن و سـەرەتاییترین مافـی مرۆڤـی لـێ قەدەغـە دەكـەن، بـۆ گۆڕینـی ئـەم واقیعـە سـەپاوە ئێمـە خەباتـی نەتەوەیـی و نیشـتمانیمان درێـژە پێدەدەیـن.

بــە بــاوەڕی ئێمــە كوردســتان دابــەش و داگیركــراوە و بەبــێ خواسـتی گــەلی كوردسـتان بـە وڵاتـە داگیركـەرەكان لكێـنراوە، كوردسـتان وەک وڵات كـەوا لەلایـەن هـەر چـوار وڵاتی (عێـراق و ئێـران و توركیـا و سـوریا) داگیركـراوە، هـەر یـەک لـەو وڵاتانـە سیاسـەت و پیـلانی گڵاوی دژ بـە گـەلی كوردسـتان هەیـە، ئەمـە وایكـردووە لـە رووی

سیاسییەوە هەر بەشێکی کوردستان تایبەتمەندییەک وەربگرێت، لەهەمان کاتدا کورد وەک نەتەوەیەک تێکەڵی هەر سێ نەتەوەی (تورک و فارس و عەرەب) کراوە، ئەمەش وایکردووە کورد وەکو نەتەوە بکەوێتە ژێر کاریگەری سێ کلتوری جیاواز، ئەگەر سەیربکەین؛ دەبینین کورد لە باکووری کوردستان کەوتۆتە ژێر کاریگەری کلتورو زمان و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی تورک، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کورد کەوتۆتە ژێر کاریگەری کلتورو زمان و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی فارس، هەروەها لە باشوورو ڕۆژئاوای کوردستان کورد کەوتۆتە ژێر کاریگەری کلتور و زمان و بەشێک لە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی عەرەب، نەتەوە سەردەستەکانی (عەرەب و تورک و فارس) لە (عێراق و سوریا و تورکیا و ئێران) هەوڵیانداوە کلتورو تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی کورد بسڕنەوەو کلتورو زمانی خۆیان بەسەر کورددا بسەپێنن، بە بەرنامە کاریان بۆ شێواندنی تاکی کورد کردووەو هەوڵیانداوە کورد لە بۆتەی عێراقیبوون و تورکیبوون و ئێرانییبوون و سوریبوون بتوێننەوە، YNDK بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پیلانەی داگیرکەران کارنامەی خۆی هەبووە، هەوڵیداوە کاربکات کەسایەتی کورد وەک کورد و دوور لە هەستی خۆ بە عێراقی و تورکی و ئێرانی و سوری زانین بینا بکاتەوە، بۆ بیناکردنەوەی کەسایەتی نەتەوەیی کورد YNDK باوەڕی وایە کەوا پێویستە کەسایەتی کورد لەسەر بنەمای باوەڕبەخۆبوون و پەیوەستبوون بە مێژوو و کلتورو داب و نەریتە ڕەسەنەکانی کورد بینا بکرێتەوە، لەم پێناوەشدا لە ڕێی پەروەردەکردنی ئەندامانمان کاری زۆرمان ئەنجامداوەو بەردەوامین.

YNDK خاوەن هزرێکی نەتەوەیی سەردەمییانەیە و هەوڵمانداوە لەسەر ئەو ڕێبازە پەرە بە هزری نەتەوەیی بدەین و بەپێی تواناکانمان لەم ڕووەوە ئەوەی لە دەستمان هاتبێ کردوومانە و بەردەوامیشین، ئەگەر لەم ڕووەوە هەڵسەنگاندنێکی خێرا بۆ کار و خەباتی YNDK بکەین هەست بەوە دەکەین کەوا YNDK ڕۆڵێکی

کاریگــەرو بەرچــاوی هەبــووە لــە بڵاوکردنــەوە و پێشخســتنی هــزری نەتەوەیــی و، بــەردەوام لــە گەشــەکردن و پێشــڤەچوون دا بــووە.

YNDK زۆر راشـکاوانە ئامانجـە سـەرەکییەکانی خـۆی راگەیانـدووە و کردوویەتییـە سەرمەشـقی کارو خەبـاتی خـۆی، کـە ئەمانـە هێڵـە گشـتی و ئامانجـە سـەرەکییەکانن:

١- سـەربەخۆیی و یەکگرتنـەوەی کوردسـتان و رزگار کردنـی لـە هەموو دەسـەڵاتێکی داگیرکەر.

٢- دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی کوردسـتانی یەکگرتـوو کە لەبریاری سیاسـی و سیسـتمی ئابووریـدا خاوەنـی سـەربەخۆیی خـۆی بێت.

٣- چەسـپاندنی بنەماکانـی ئـازادی و دیموکراتیــەت و دادپــەروەری و ســەروەری یاسـا.

٤- رەخســاندنی هــەل و مــەرج بەشـێوەیەکی یەکســان لەبــەردەم هاووڵاتیانــی کوردســتاندا بــێ گوێدانــە ئینتمایــی نەتەوەیــی و مەزهەبــی.

٥- دابینکردنـی هەمـوو مافێکـی شـەرعی نەتەوەیی و سیاسـی و ئیداری و رۆشـنبیری بـۆ نەتەوەکانـی سـەر خاکی کوردسـتان.

٦- خەباتکـردن بـۆ گەڕاندنـەوەی خاکـی کوردسـتانی سـۆری بندەسـتی ئەرمێنیـا و ئازربایجـان بـۆ سـەر خاکـی کوردسـتان.

٧- جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و راپەراندن و دادوەری لەیەکتری.

٨- بەکردەییکردنی دۆزی ڕەوای کورد بە دۆزێکی جیهانی.

٩- دیاریکردنی ستراتیژێکی یەکگرتوو لەنێو باڵە سیاسییەکانی کوردستاندا.

١٠- نەهێشـنی ئـەو زاراوانـەی کـە مانـای لکاندنـی کوردسـتان بەوڵاتانـی داگیرکـەر دەبەخشــن و قەدەغــە کردنیــان لــە بەرکاهێنانیــان لەنێــوان هەڤــاڵان و راهێنانــی تاکەکانـی کـورد لەسـەر بـەکار نەهێنانیـان.

١١- داڕشـتنی دەسـتوورێکی تایبــەت بــە کوردســتان و خســتنەڕووی بــۆ ئــەوەی

گفتوگـۆی جەمـاوەری و راپرسـی لەسـەر بکرێـت و، بخرێتـە واری جێبەجێکردنـەوە.

١٢- دابینکـردن و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی بژێـوی گەلـی کوردسـتان و بەکارهێنانـی داهاتەکانـی باشـووری کوردسـتان بـۆ ئـەم مەبەسـتە.

١٣- دابینکردنی ئاسایش و ئارامی بۆ گەلی کوردستان

١٤- کارکـردن بـۆ بەسـتنی کۆنگرەیەکـی نەتەوەیـی سەرتاسـەری کـە تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان تیایـدا بەشـداربن.

١٥- هەوڵـدان بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو بڕیـارە نێودەوڵەتییانـەی کـە هـەل و مەرجـی تایبەتـی باشـووری کوردسـتان لەبەرچـاو دەگـرن.

١٦- هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسی کوردستانی یەکگرتوو.

١٧- بەرەنگاربووەنـەوەی هەمـوو هـەوڵ و پیلانەکانـی رژێمـە داگیرکەرەکانـی کوردسـتان بـۆ بەعەرەبکـردن و بەفارسـکردنی و بەتورککـردن و سـڕینەوەی مۆرکـی نەتەوەییـمان.

## سەربەخۆیی کوردستان

گـەلی کوردسـتان بەدرێژایـی مێـژوو لـە تێکۆشـان و بەرخـودان دابـووە، سـەرەڕای هەوڵـەکانی داگیرکـەران لـە ناوبـردنی گـەلی کوردسـتان بـە خـاک و خەڵکـەوە، بـەڵام توانیویـەتی پارێـزگاری لـە بـوونی خـۆی بـکات و رووبـەڕووی هێـرش و پەلامـاری دوژمنـان و داگیرکـەران ببێتـەوەو دوای هـەر کەوتنێـک بـە گڕوتینێکـی نوێـوە هەڵسـێتەوە.

کـورد وەک نەتەوەیەکـی زینـدووی رۆژهـەڵاتی ناڤیـن لـە رابـردوودا رۆڵێکـی کارای گێـڕاوە لـە بیناکـردنی شارسـتانییەتی ناوچەکـەدا، بەدڵنیاییـەوە ئەگـەر بـواری پێدرابـووا ئێسـتا دەیتـوانی رۆڵێکـی کاراتـر ببینێـت لـە بیناکـردنی کۆمەڵگایەکـی مۆدێـرن و دیموکـرات لـە رۆژهـەڵاتی ناڤینـدا، دەیتـوانی نموونەیەکـی زینـدووی حوکمـڕانی و پێکەوەژیـان پێشـکەشی هەمـوو جیهـان بـکات، بێگومـان ئەمـەش ئـەو کاتـە دەبێـت

کـەوا گـەلی کوردسـتان سـەربەخۆو خـاوەن دەوڵـەتی خـۆی بێـت.

پرسـی سـەربەخۆیی کوردسـتان و دامەزراندنـی دەوڵـەت، پرسـی سـەرەکی و ستراتیژیی کـوردە، بۆیـە YNDK ئـەم پرسـەی کردۆتـە پـرسی سـتراتیژی خـۆی و، ئـەو داوا رەوایـەی گـەلی کوردسـتانی گەیاندۆتـە زۆر ناوەنـدی ئەورووپـی و عـەرەبی، لـەو باوەڕەدایـە کـەوا پێویسـتە سـەرکردەکانی کـورد بەبایەخـەوە لەسـەر ئـەم پرسـە بوەسـتن و کاری بـۆ بکـەن، سـەربەخۆیی کوردسـتان هیـواو ئاواتـی هەمـوو کوردێکـە، بۆیـە پێویسـتە هەمـووان کاری بـۆ بکـەن و زەمینەسـازی بـۆ هێنانـەدی ئـەم ئاواتـەی کـورد بکـەن، ئێمـەی کـورد لەمـاوەی رابـردوودا دوو هەڵـی زێڕینـمان لەدەسـتدا، یەکیـان لـە سـاڵی ١٩٩١ و ئـەوەی دیکەشـیان لـە ٢٠٠٣ بـوو، ئـەم دوو هەڵـە زۆر لەباربـوون بـۆ راگەیاندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان، بـەڵام بەداخـەوە بـاش نەخوێندنەوەمـان بۆ رەوشـەکە وایکـرد کـە سـوود لـەم دوو هەڵـە وەرنەگریـن، لـە سـاڵی ١٩٩١ دوای راپەڕیـن کـە سـوپای داگیرکـەری عێـراق هێـرشی کـردە سـەر کوردسـتان خەڵکـی کوردسـتان کـۆڕەوی کـردو شـارەکانی جێیهێشـت، ئـەو کـۆڕەوە ویژدانـی هەمـوو جیهانـی هەژانـد ئـەوە هەلێـك بـوو دەمانتوانـی بـە هەمـوو دونیـای رابگەیەنیـن مافـی خۆمانـە ئێمـە خاوەنـی دەوڵـەت و کیـان بیـن بەداخـەوە ئـەو هەلەمـان لەدەسـتدا، لـە سـاڵی ٢٠٠٣ کـە دەسـەڵاتی بەعـس لـە عێـراق نەمـا هەمـوو دەزگا و دامەزراوەکانی عێراق هەڵوەشـایەوە هەلێکـی زێڕیـن بـۆ ئێمـە هاتـە پێشـەوە دەمانتوانـی سـەربەخۆیی کوردسـتان رابگەییـن رامانەگەیانـد، شـەڕی تیرۆریسـتانی داعـش هەلێکـی دیکـەی بـۆ کـورد رەخسـاند کـەوا کار بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان بـکات، ئـەوە بـوو گـەلی کوردسـتان لـە ٢٥ / ٩ / ٢٠١٧ ریفراندۆمـی ئەنجامـدا و بـە رێـژەی ٩٣ ٪ دەنگـی بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتاندا، بێگومـان YNDK رۆڵێکـی کارای هەبـوو لـە سەرخسـتنی پرۆسـەی ریفراندۆمـدا، بـەڵام بەداخـەوە خیانـەتی ١٦ ی ئۆکتۆبـەری ٢٠١٧ وایکـرد پرۆسـەی بـە دەوڵەتبـوونی کوردسـتان دوابکەوێـت.

بەباوەڕی ئێمە لەم قۆناخەدا پێویستە لە ڕێی بۆردێکی کوردستانی بەناوی (بۆردی سەربەخۆیی کوردستان)؛ کار بۆ جولاندنی ئەنجامی ریفراندۆم بکرێ، بەتایبەت دوای ئەو هەموو پێشهات و گۆڕانکارییانەی کەوا لەسەر ئاستی ناوچەکەدا دێنە پێشەوەو ڕوودەدەن، ئێمەی کورد پێویستە بەزووترین کات ناوەندی سیاسی کوردستان ڕێکبخەینەوەو دوور لە بەرژەوەندییە حیزبییەکان کاربکەین و سوود لەو بارودۆخە ناوچەیی و نێودەوڵەتییانە وەربگرین و بە کارنامەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی بەرەو ئازادی کوردو سەربەخۆیی کوردستان هەنگاو بنێین.

پێویستە پێکهاتەی (بۆردی سەربەخۆیی کوردستان)؛ بریتی بێت لە کەسانی شارەزا لە یاسا نێودەوڵەتییەکان و کەسانی ناسراوو کاریگەری کورد و بیانی کەوا ناسراو بن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی؛ بۆئەوەی بتوانن لەسەر ئاستی جیهان و لە ناوەندە بڕیاربەدەستەکان لوبی بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکەن، کەسایەتی وابن کەوا خودان ئەزموون و بەدەسەڵات بن بۆئەوەی گوێیان لێبگیرێت، لەم ڕووەوەش دۆستی زۆر باشمان هەن.

پرسی (سەربەخۆیی کوردستان)؛ پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە نەک پرسێکی حزبی، بۆیە پێویستە تەواوی لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان لەم پرسەدا ڕاوێژیان پێبکرێت و گوێیان لێبگیرێت و بۆچوونەکانیان بەهەند وەربگیرێت، ئەمەش وادەکات کەوا ئەم پرسە ببێتە پرسێکی میللی و هەموو لایەک ئەم پرسە بە پرسی خۆی بزانێت و بە گەرمی کاری بۆ بکات.

بێگومان؛ وەک لای هەموو لایەك ڕوونە تیرۆریستانی داعش خۆیان ڕێکخستۆتەوەو بەردەوامن لەسەر سیاسەتی ترس و تۆقاندن، لەهان کاتدا عێراق سیاسەتی برسیکردنی خەڵك لەدژی گەلی کوردستان پێڕەو دەکات، ئێمە لەناو سنووری دەستکردی عێراقدا لە دوو لاوە هەڕەشەمان لەسەرە لایەك داعش و لایەك حکومەتی عێراق، دەتوانین سوود لەو هەلە وەربگرین و بە هەموو لایەکی

رابگەیەنین کەوا تائێستایش لە چوارچێوەی سنووری عێراق هەرەشەمان لەسەرە، بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی ئەوەمان لێدەخوازێ هەموومان بەو ئاراستەیەدا کاربکەین و، دوور لەبەرژەوەندی حیزبی بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی و بەرەو سەربەخۆیی کوردستان هەنگاو بنێین.

بە حوکمی ئەزموونی نزیکەی ١٠٠ ساڵەمان لەگەڵ هەموو حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق ناتوانین بڵێین فلان حکومەت باشتر بووە، بەڵام دەتوانین بڵێین فلان حکومەت لەو حکومەتە خراپتر بووە لە ڕووی خراپییەوە دەتوانین بەراوردیان بکەین، لەڕووی باشییەوە نەیان بووە، لەسەرەتای دامەزراندنی عێراقەوە کورد داوای مافی خۆی کردووەو لەپێناو مافی خۆیدا لە شۆڕش و ڕاپەڕیندابووە، حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقیش بەردەوام فێلیان لە کورد کردووەو هەوڵی لەناوبردنی شۆڕشەکانی کوردیان داوە، شۆڕش و ڕاپەڕینەکانەکانی بارزان لەلایەن دەسەڵاتی مەلەکی ئەو کاتی عێراق سەرکوت کراوە، دوای ئەوە عەبدولکەریم قاسم لە ١٩٥٨ هەتا ١٩٦١ پەیوەندی لەگەڵ کورد خۆشکرد لەسەر ئەو بنەمایە بارزانی نەمر لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕایەوە، بەڵام دواتر کە قاسم خۆی بەهێزکرد دژی کورد وەستایەوەو شەڕی ڕاگەیاند، لە ساڵی ١٩٦٣ کە بەعسییەکان کودەتایان کرد وەکو پێویست سەرکەوتووش نەبوون کوردستانیان تاڵان کرد، دواترو لە ئەنجامدا کەوتنە دیالۆگ لەگەڵ کورد لە ساڵی ١٩٦٤ سەرکردایەتی کوردستانیان دوو پارچە کرد، دیسان لە ساڵی ١٩٦٨ بەعس لەڕێی کودەتا کە هاتە سەر دەسەڵات لەوپەڕی بێ دەسەڵاتیدا بوو پەنای بۆ سەرکردایەتی کورد هێنا دیالۆگی لەگەڵ کورد کرد بەیاننامەی یانزەی ئازاری ١٩٧٠ یان ڕاگەیاند، لە ساڵانی ١٩٧٠ هەتا ١٩٧٤ هێمنییەك باڵی بەسەر کوردستان کێشا، بەڵام دوای ئەوەی جارێکی دیکە بەعسییەکان کە خۆیان بەهێزکردەوە شەڕیان ڕاگەیاندەوە، ئەوە بوو پاشان ڕێکەوتنامەی جەزائیر مۆر کراو شۆڕشی کوردستان تووشی نسکۆ بوو، ئەگەر دوور

نەڕۆیـن لـە هەشـتاکاندا کاتـێ عێـراق لەگـەڵ ئێرانـدا لەشـەڕدا بـوون خەریـك بـوو دەسـەڵاتی بەعـس بـێ توانـا دەبـوو دیسـان پەنایـان بـۆ کـورد هێنـا لـە سـاڵانی ١٩٨٣ و ١٩٨٤ بەعـس لەگـەڵ سـەرکردایەتی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان دیالۆگـی کـردو نەگەیشـتنە هیـچ ئەنجامێـك، دواتـر کـە شـەڕی عێـراق و ئێـران راوەسـتا بەدڕندانەتریـن شـێوە رژێمـی بەعـس کەوتـە گیانـی خەڵکـی کوردسـتان و هێـرشی هێنـا سـەر کوردسـتان و تەنهـا لـە شـاڵاوە بەدنـاوەکانی ئەنفالـدا ٥٠٠٤ گونـدو شـارۆچکەی کوردسـتانی وێرانکـرد و نزیکـە ٢٥٠٠٠٠ هـاوڵاتی سـڤیلی کـوردی لـە ژن و منـداڵ و گەنـج و پیـر لـە گـۆڕە بەکۆمەڵەکانـدا زینـدە بەچاڵکـرد، لـە سـاڵی ٢٠٠٣ کـە رژێـم ڕووخـا سـەرکردایەتی کـورد چـووە بەغـدا کـە بـە بـڕوای ئێمـە وەکـو YNDK ئـەو چوونـەی کـورد بـۆ بەغـدا هەڵەیەکـی سـتراتیژی بـوو، دەبوایـە سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد لـە ٢٠٠٣ لـە کەرکـوك دابنیشـتبایە، ئـەو کاتیـش لـە کۆبوونەوەیەکـی سـەرکردایەتی لایەنـە سیاسـیەکاندا؛ پێـمان گوتـن کـە پێویسـتە هەمـوو لایەنـە ساسـییەکان لـە کەرکـوك دابنیشـین و کەرکـوك بکەینـە سـەنتەری بڕیـاری سیاسـی کوردسـتان (مـن ئـەوەم پێوتـن غ . م) بـەڵام ئـەوە نەکـرا، دواتـر لـە سـاڵانی رابـردوودا لـە ٢٠٠٣ تـا ٢٠٢٠ حکومەتـەکانی (ئیبراهیـم جەعفـەری و ئەیـاد عـەلاوی و نـوری مالیکـی و حەیدەر عەبـادی و عـادل عەبدولمهەدی) یـمان تاقیکـردەوە کـە جگـە لـە دژایـەتی هیچـی دیکەیـان بـۆ کـورد پێنەبـوو، بۆیـە بـۆ بەرگرتـن لـەو هەڕەشـانەی کـە لەسـەر ئێمـە هەیـە و بـۆ چارەسـەری تـەواوی گرفتـەکان پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان کار بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان بکەیـن، لەبەرئـەوەی تاکـە چارەسـەری پرسـی کـورد لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت تەنیـا دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردسـتانە بـەدەر لەمـە هـەر چارەسـەرێکی دیکـە شـتێکی کاتییـە.

بێگومـان ئێمـە تاسـەر ناتوانیـن لـە چوارچێـوەی عێراقـدا بمێنینـەوە لـە مـاوەی نزیکـەی ٨٠ سـاڵی رابـردوودا دەسـەڵاتی سـوننەمان بینیـوە، لـە ١٧ سـاڵی رابـردووش ئەزموونمـان لـە دەسـەڵاتی شـیعە وەرگرتـووە، بۆیـە ئەگـەر شـیعە پێویسـتی بـە

ئێمـە بێـت لێـمان نزیـك دەبێتـەوە، کـە سـوننە پێویسـتی بـە ئێمـە بێـت لێـمان نزیـك دەبێتـەوە، ئەمەشـیان تەنهـا بـۆ هاوسـەنگکردنی هاوکێشـە سیاسـییەکانە و بـۆ هیچـی دیکـە نییـە، دەبێـت ئێمـە وەکـو کـورد بتوانیـن بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییـە نەتەوەییەکانمـان سـوود لـە ناهاوسـەنگی هاوکێشـە سیاسـییەکانی عێـراق وەر بگریـن، ئەوکاتـەی شـیعە هاتـە سـەر دەسـەڵات ئێمـە چوویـن هاوپەیمانیـمان لەگەڵیـان کـرد ئەوانمـان هێنـا سـەر دەسـەڵات، ئێسـتا شـیعە بـە هەمـوو شـێوەیەك دژی خواسـتەکانی ئێمـە دەوەسـتێتەوە، دەسـەڵاتی سـوننەش بـەو ئامانجـە خـۆی لـە ئێمـە نزیـك دەکاتەوە کـە بگاتـەوە دەسـەڵات بـە هەمـان شـێوە دژی خواسـتەکانی ئێمـە دەوەسـتنەوە، لـە ٨٠ سـاڵی رابـردوو دا لـە لایـەن سـوننەوە حوکمـی عێـراق کـراوە هـەق نیـە میللەتێکـی وەکـو ئێمـە ئەزمـون لـەو ٨٠ سـاڵە وەرنەگیرێـت و ئێسـتا بێـت بـە دوو قسـەی خـۆش فریـو بخـوات.

ئـەو واقیعـەی کـە باسـمانکرد دەمانگەیەنێتـە ئـەو بـاوەڕەی کـەوا پێویسـتە واز لـە ململانێـی حزبایـەتی بهێنیـن و ریـزەکانی خۆمـان یەکبخەیـن و بـە کارنامەیەکـی سـەردەمییانە هەنـگاو بـەرەو سـەربەخۆیی و دامەزرانـدنی دەوڵـەتی کوردسـتان بنییـن.

## ■ یەکڕیزی

لـە ئەنجامـی ململانێـی حزبـە دەسـەڵاتدارەکانی کوردسـتان لەپێنـاو بەرژەوەنـدی تەسـکی کـەسی و حـزبی ناوەنـدی سیاسی کوردسـتان لێکـترازاوو پـەرش و بـڵاوە، ئەمـە وایکـردووە تـا رادەیـەک خەڵـک لێیـان بێئومێـد بێـت، بـۆ دەرباوکـردنی ئـەم رەوشـە سیاسـییە ناتەندروسـتە پێویسـتە بـە زووتریـن کات ناوەنـدی سـیاسی کوردسـتان رێکبخرێتـەوە و لـەو پـەرشی و بڵاوییـە دەربازبکرێـت، وەک چارەسـەر بـۆ ئـەم رەوشـە نەخـوازراوە ئێمـە لـە YNDK جارێکـی دیکـە پێشـنیاری پێکهێنـانی (ئەنجوومـەنی سیاسـیی کوردسـتان) دەکەیـن، پێویسـتە ئـەو ئەنجوومەنـە ببێتـە چەترێـک بـۆ

کۆکردنـەوەی تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان.

بـە بـاوەڕی ئێمـە پێکهێنـانی (ئەنجوومـەنی سیاسـیی کوردسـتان)؛ دەبێتـە فاکتەرێکـی بەهێـز بـۆ یەکـڕی و یەکدەنگـی گـەلی کوردسـتان و کۆکردنـەوە و یەکخسـتنی توانـا سیاسـییەکانی گـەلی کوردسـتان و، سـەرەتایەک دەبێـت بـۆ خاوکردنـەوەی گرژییـە سیاسـییەکان و کۆتاییهێنـان بـە ململانێـی نێـوان لایەنـە سیاسـییەکان و دەبێتـە مینبەرێکـی سـیاسی بەهێـزو مـۆراڵ بەخـش لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆ و دەرەوەدا.

لـەدوای پێکهێنـانی (ئەنجوومـەنی سیاسـیی کوردسـتان)؛ پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان کاربکەیـن بـۆ بەسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی کوردسـتان، بەسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی بـۆ تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان ئەرکێکـی بەپەلـەی ئـەم قۆناخـەی خەباتـی گەلـی کوردسـتانە، لەهەمـان کاتـدا بەسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی کوردسـتان لـەم قۆناخـەدا دەبێتـە فاکتەرێکـی گرنـگ بـۆ رێکخسـتنەوەی ناوماڵـی کـوردان لەسـەر ئاسـتی نەتەوەییـدا، لەبەرئـەوەی تـەواوی رۆژهەڵاتـی ناڤیـن لەبـەردەم گۆڕانـکاری و پێشـهاتی نـوێ دایـە، بۆیـە پێویسـتە ئێمەی کوردیـش بەرنامەیەکـی نەتەوەیی و نیشـتمانی هەمەلایـەن دابڕێژیـن بـۆ ئـەو ئەگـەرو پێشـهاتانەی کـە دێنەپێشـەوە، بۆئـەوەی سـوود لـەو هـەل و گۆڕانکارییانـە وەربگریـن، بـۆ بەسـتنی کۆنگـرەی نەتەوەیـی پێویسـتە تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتانی مـەزن بانگهێشـت بکرێـن و بـە گیانێکـی برایانـە گـوێ لەیەکـدی بگریـن و کارنامەیەکـی نیشـتمانی بـۆ ئـەم قۆناخـەو سـتراتیژێکی نەتەوەیـی بـۆ داهاتـوو دابڕێژیـن و کاری هـەرە باشـیش ئـەوە دەبێـت کـە لـە کۆنگـرەی نەتەوەییـدا (ئەنجوومەنـی نەتەوەیـی کوردسـتان) دروسـت بکەیـن و بیکەیـن بـە سـەنتەری بڕیـاری نەتەوەیـی لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی مەزنـداو هـەر کێشـەیەك کـە بێتـە پێشـەوە لـەوێ چارەسـەری بکەیـن.

## ■ روانین بۆ تێکۆشانی کوردان لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن و دیاسپۆرا

کوردستان وەك نیشتمانێکی پارچە پارچەکراوو داگیرکراوێکی نێودەوڵەتی لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا کەوتۆتە شوێنێکی زۆر ستراتیژی لەسەر نەخشەی سیاسیدا، زۆربەی سەرچاوە سەرەکییەکانی وزەی ناوچەکە لە چوارچێوەی خاکی کوردستاندان، (نەوت) کە یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی وزە بە رێژەیەکی وا لە کوردستاندا هەیە کە دەتوانین بڵێین گەورەترین یەدەگی نەوت بۆ دوارۆژ سەرچاوەکەی کوردستانە، جگە لەوە یەدەگێکی زۆری گۆگردو فۆسفات و زێرو زیو و یۆرانیۆم و ئاسن و کانزای دیکەو، هەروەها بەپیتی خاکەکەی بۆ کشتوکاڵ و بوونی سەرچاوەیەکی زۆری ئاو لە کوردستان ئەمانە هەموویان دەوڵەمەندی خاکی کوردستان نیشان دەدەن.

لەبەرئەوە کوردستان هەمیشە جێی چاوتێبڕینی هێزداران بووەو خاڵی بەیەکدادانی هێزە فراوانخوازو پاوانخوازەکان بووە بۆ داگیرکردنی خاکەکەی و بە تاڵان بردنی سامانەکەی، ئەگەر بۆ مێژوویەکی زۆر دوورو کۆن نەگەڕێینەوە، ئەوا چاڵدێران و لۆزان ئەنجامدانی دوو تاوانی دیرۆکی مەزن بوون دژی کوردستان و نەتەوەی کورد، کە بوونە هۆی دابەشکردن و داگیرکردنی کوردستان، بەڵام ئەنجامدانی ئەم تاوانانە هەروا بێ وەڵام و کاردانەوە نەمانەوەو، بەڵکو کورد بەدرێژایی مێژووی پارچە پارچەکردن و داگیرکردنی خاکەکەی بەمەبەستی بەرەڤانیکردن لە بوون و مانەوەی خۆی و دەرپەڕاندنی داگیرکەران لە خاکەکەی و دامەزراندنی کیانی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆی، بەردەوام دژ بە داگیرکەران و چەوسێنەرانی لە بەرخودانی شۆڕشگێڕانە دابووە، سەرەڕای ئەوەی بە درێژایی هەموو ماوەی ئەو بەرخودانە بارودۆخی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و ناوخۆییش بەشێکی زۆریان راستەوخۆ دژی کوردو بزاڤەکەی بوون و بەشێکی دیکەشیان لە ئاستی سەنگ و گرنگی و مەزنی بزاڤەکەدا نەبوون، بەڵام ئەوەی کە کورد دەتوانێت

تـا ئێسـتا شـانازی پێـوە بـکات ئەوەیـە کـە لـە ئەنجامـی بەرخودانـی قارەمانانـەی خۆیـدا سـەرەڕای هەمـوو دوژمنـە زۆرو زەوەنـد و هـارو هـۆڤ و دڕندەکانـی، وەکـو نەتـەوە خـۆی هێشـتۆتەوەو توانیویەتـی بەرەڤانـی لـە بـوون و مانـەوەی خـۆی بـکات و خـۆی لـە قڕکـردن بپارێزێـت، بێگومـان ئەمـەش خاڵێکـی درەوشـاوەی دیرۆکـی کـوردەو گەورەتریـن دەسـکەوتی بەرخودانەکەیەتـی.

رەوشـی کوردسـتان لـە تـەواوی پارچـە داگیرکراوەکانیـدا لـەڕووی خەباتـی سیاسـی و جەمـاوەری و دیپلۆماسـی و خۆڕێکخسـتن و خۆسـازدان و کاری شۆڕشـگێڕانەو هەوڵـدان بـۆ چەسـپاندنی دەسـەڵاتی شارسـتانییانەو سـەردەمییانە زۆر لـە جـاران پێشـڤەچوو و گەشـەکردووترە، لێـرەدا بەپێویسـتی دەزانیـن بەجیـا بـاس لـە بەشـەکانی کوردسـتان و رەوشـی کـوردان بکەیـن و تیشـك بخەینەسـەر پێشـڤەچوونەکان:

■ **باکووری کوردستان:**

پێشـڤەچوونی خەبـات و بەرخودانـی وڵاتپارێزانـەی نەتەوەکەمـان لـە باکـووری وڵات توانیویەتـی نەتەوەکەمـان لـە ئینـکاری هەبوونـی کـورد وەك نەتەوەیـەك رزگار بـکات و بیگەیەنێتـە ئـەو ئاسـتەی کـە حکومـەت و ناوەنـدە بڕیـار بەدەسـتەکانی تورکیـا ناچـار بـکات بگەنـە ئـەو بـاوەڕەی کـە بەڵـێ ئیـتر ناتوانـن ئینـکاری بوونـی کـورد بکـەن، هەروەهـا وایـان لێبـکات کـە بیـر لـە چارەسـەری پرسـی کـورد بکەنـەوەو لـەم رووەوە لێـدوان بـدەن، ئـەم گۆڕانکارییانـەی کـە لـە تورکیـا روویانـداوە لەژێـر کاریگـەری پێشـڤەچوونی خەباتـی نەتەوەکەمـان لـەو بەشـەی وڵات هاتوونەتـەدی، ئەگـەر ئـەو لێـدوان و سیاسـەتەی ئێسـتای تورکیـا کاتـی و تاکتیکیـش بن بایـەخ و گرنگییەکی سیاسـی تایبەتـی خۆیـان هەیـە، لەبەرئـەوەی توکیـا لـە رابـردوودا بەهەمـوو شـێوەیەك ئینـکاری بوونـی نەتەوەکەمانـی دەکـرد، پێشـڤەچوونی خەباتـی نەتەوەکەمـان لـە باکـووری کوردسـتان لەسـەر هەمـوو ئاسـتێکدایە، لەسـەر ئاسـتی سیاسـی و دیپلۆماسـی و کلتـوری و جەمـاوەری و شـێوازی دیکـەی شارسـتانییانەی خەبـات، ئەمانـە هەمـوو لـە باکووردا

رژێمـی داگیرکـەری تورکیایـان بەرامبـەر کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی شـەرمەزار کـردووەو هەمـوو لایـەک داوا دەکـەن کـەوا تورکیـا بیـر لـە گۆڕینـی سیاسـەتی فاشییانەی خـۆی بەرامبـەر بـە کـورد بکاتـەوە.

YNDK بەچـاوی رێـزەوە لـە کاروخەباتـی نەتەوەکەمـان لـە باکـووری کوردسـتان دەڕوانێـت و خۆشـحاڵە بـەو پێشـڤەچوونانەی بزاڤـی رزگاریخـوازی نەتەوەکەمـان لـەو بەشـەی وڵات، لەهەمـان کاتـدا هـاوکاری و پشـتگیری خـۆی بـۆ خەباتـی نەتەوەکەمـان لـەو بەشـەی وڵات رادەگەیەنێـت و کارو خەباتیـان بـەرز دەنرخێنێـت و، بانـگ لـە هەمـوو کوردسـتانیان دەکات لـە نـاوەوەو دەرەوەی وڵات هاودەنگ و پشـتیوانی خەباتی نەتەوەکەمـان بـن لـە باکـووری کوردسـتان بـۆ وەدەسـتهێنانی مافـە رەواکانـی گەلـی کوردسـتان و ریسـواکردنی سیاسـەتی فاشـییانەی رژێمـی داگیرکـەری تورکیـا کـە دژی نەتەوەکەمـان ئەنجامـی دەدات، هەروەهـا داوا لەتـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکان و رێکخراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی و کەسـایەتییە وڵاتپارێزەکانـی باکـووری وڵات دەکات کـە هـاوکارو پشـتیوانی یەکـدی بـن بـۆ زیاتـر پێشـڤەبردنی کارو خەبـات و گەیشـتن بـە ئـازادی و مافـە نەتەوەییەکانمـان.

### ■ رۆژهەڵاتی کوردستان:

سـەرەڕای ئـەو هەمـوو گۆڕانکارییانـەی کـە لـە ناوچەکەمانـدا روودەدەن و ئـەو هەمـوو پێشـهاتانەی کـە دێنـە پێشـەوە، هەسـت بـە سسـتییەك دەکـرێ لـە کارو خەباتـی ئـەو بەشـەی کوردسـتان، سسـتی کارو خەبـات لـەم بەشـەی وڵاتـدا وای کـردووە کـەوا هەڵوێسـت و روانینـی رژێمـی داگیرکـەری ئێـران بەرامبـەر نەتەوەکەمان هـەروەك خـۆی بێـت و بـەردەوام بێـت لـە دژایەتیکردنـی نەتەوەکەمـان و داننەنـان بـە مافەڕەواکانمـان و، راوەدوونـان و گرتـن و لـە سـێدارەدانی چالاکـوان و ئازیخـوازانی کـورد.

سـەرەڕای سسـتی لـە کارو خەباتـی ئـەو بەشـەی کوردسـتان هەوڵەکانـی لێکنزیکبوونـەوەی هێـزو لایەنـە سیاسـییە وڵاتپارێزەکانـی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـەرز

دەنرخێنین و بە چاوی رێزەوە لێیان دەڕوانین و، بانگ لە سەرکردایەتی تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکاتی رۆژهەڵات دەکەین کەوا زیاتر لەیەکدی نزیکببنەوەو ریزەکانی خۆیان یەکبخەن، پێویستە لەم پێناوەدا هەنگاوی بەلەزو خورت بهاوێژن و کارنامەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ قۆناخی ئێستای خەبات دابڕێژن و، کاربکەن بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسی لە نێوان خۆیاندا بۆئەوەی ئامادە بن بۆ ئەو ئەگەر و پێشهاتانەی کە لەسەر ئاستی ناوچەکەدا روودەدەن و دێنە پێشەوە.

ئێمە لە YNDK هاوکاری و پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ خەباتی نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان رادەگەیەنین و هیوای پێشڤەچوون و سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین و داوا لە تەواوی کوردستانییان دەکەین کە هاوکار و پشتیوانی کار و خەباتی نەتەوەکەمان بن لەو بەشەی وڵاتدا.

■ **رۆژئاوای کوردستان:**

رۆژئاوای کوردستان لە رابردوودا بەردەوام لەلایەن رژێمی سوریاوە بە خاك و خەڵکەوە ئینکاری بوونی کراوە و، رژێمی داگیرکەری سوریا جۆرەها سیاسەتی رەگەزپەرستانە و فاشییانەی لە بەرامبەر نەتەوەکەمان لەو بەشەی وڵاتدا بەکارهێناوە، وەك داننەنان بە بوونی کورد و دروستکردنی پشتێنەی عەرەبی و سەندنەوەی زەوی و زاری کشتوکاڵی لە کوردان و دانیان بە عەرەب و لێسەندنەوەی ناسنامەو جۆرەها سیاسەتی دڕندانەی دیکە، سەرەڕای بەردەوامبوونی ئەو سیاسەتە فاشییانەی رژێمی داگیرکەری سوریا، رۆڵەکانی نەتەوەکەمان لەو بەشەی وڵاتدا بەردەوام بوونە لە کارو خەباتی سیاسییانەی خۆیاندا و توانیویانە پارێزگاری لە بوون و مانەوەی خۆیان بکەن و تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان بپارێزن.

کاتێ باهۆزی شۆڕش و راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی گەیشتە سوریا رۆڵەکانی نەتەوەکەمان توانیان رۆژئاوای وڵات ئازاد بکەن و (رێڤەبەری خۆسەر) لە شارو شارۆچکەکانی رۆژئاوای کوردستان دامەزرینن و، رۆژئاوای کوردستان لە هێرش و

پەلامـاری تیرۆریسـتانی داعـش بپارێـزن، سـەرەرای هێـرش و پەلامـاری تیرۆریسـتانی داعش و هێـرش و پەلامـاری دەوڵـەتی داگیرکـەری تورکیـا و چەتـەکانی بـۆ سـەر کۆبانـێ و عفرین و گەلێـک دەڤـەری دیکـەی رۆژئـاوا، بـەڵام بەرخـودانی گەلەکەمـان لـە رۆژئـاوا توانیویەتی پارێـزگاری لـە دەسـتکەوتەکانی بـکات و پێشـیان بخـات، YNDK بـە گرنگـی دەزانێـت تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی ئـەو بەشـەی وڵات یەکڕیـزو یەکدەنـگ بـن و بەیەکـەوە کاربکـەن و خۆیـان لـە ململانێـی حزبایەتـی بـەدوور بگـرن، لەهەمـان کاتـدا YNDK بانـگ لـە هەمـوو لایـەك دەکات لـەم قۆناخـە هەسـتیارەدا لەجیاتـی حزبایەتـی کوردایەتـی بکـەن و بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی و نیشـتمانی لەبەرچـاو بگـرن و خۆیـان دوور بگـرن لەهــەر گـرژی و ناکۆکییـەك، لـە رابـردوودا نەتەوەکەمـان لـە رۆژئـاوای وڵاتــەوە هــاوکار و پشــتیوانی خەباتــی نەتەوەکەمــان بوونــە لــە باکــوورو باشــوورو رۆژهەڵاتـی کوردسـتان و بەکردەیـی بەشـداری شۆڕشـی هەمـوو بەشـەکانی وڵات بـوون، پێویسـتە لـەم قۆناخـەدا هەمـوو لایەکـمان لـە بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتان هـاوکارو پشـتیوانی نەتەوەکەمـان بیـن لـە رۆژئـاوای کوردسـتان.

لـەم رووەوە YNDK هـاوکاری و پشـتیوانی تـەواوی خـۆی بۆ خەباتـی نەتەوەکەمان لـە رۆژئـاوای کوردسـتان رادەگەیەنێـت و، داوا لـە هەمـوو کوردسـتانییان لـە نـاوەوەو دەرەوەی کوردسـتان دەکات هـاوکارو پشـتیوانی نەتەوەکەمـان بـن لـە رۆژئـاوای وڵاتـدا.

**باشووری کوردستان:**

باشـووری کوردسـتان کـەوا لـە راپەڕینـی بەهـاری ١٩٩١ لەلایـەن گەلی کوردسـتانەوە ئازادکـرا، لەهەمـوو رووێکـەوە گەشـەو پێشـڤەچوونێکی بەرچـاوی بەخۆیـەوە بینیـوە و، هەسـت بەوەدەکرێـت رۆژ بـە رۆژ لـەڕووی سیاسـی و دیپلۆماسـی و ئابـووری و پرۆسـەی ئاوەدانکردنـەوەو بنیاتنانـەوەی ژێرخـان بـەرەو پێشـەوە هەنـگاو دەنێـت، ئـەم پێشـڤەچوونانەی باشـووری وڵات مایـەی دڵخۆشـین و پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان هاوکاربیـن بـۆ پرۆسـەی ئاوەدانکردنـەوەو زیاتـر پێشـڤەبردنی باشـووری کوردسـتان

لەهەمــوو رووێکــەوە، بێگومــان ئاســتەنگی زۆر بــۆ پرۆســەی ســیاسی و حوکمــداری باشــووری کوردســتان لەلایــەن وڵاتــانی ناوچەکــەو عێــراق و رێکخــراوی تیرۆریســتی داعش دروســتکراوە، بــەڵام کوردســـتانیان خۆڕاگرانــەوە رووبــەڕووی ئاســتەنگ و گرفتــەکان بوونەتــەوەو پارێزگارییــان لــە دەستکەوتەکانی باشــووری کوردســتان کــردووە، ســەرەڕای پێشــڤەچوونەکان کــەم و کــوڕی و ناتەواویــش لــە شــێوازی بەڕێوەبــردن هــەن.

بــۆ نەهیشــتنی کــەم و کــوڕی و ناتەواوییــەکان و زیاتــر پێشــڤەبردنی باشــووری کوردســتان YNDK بەپێویســتی دەزانێــت چاکســازییەکی ریشــەیی ئەنجامبدرێــت و شــێوازی بەڕێوەبــردن سیســتماتیك بکرێــت و عەدالەتــی کۆمەڵایەتــی رەچاوبکرێــت و گەندەڵــی بنبــڕ بکرێــت و، بایــەخ و رۆڵــی تــەواو بــە لاوان و ئافرەتــان و کەسانی شارەزا بدرێــت، ئەمانــەش دەبنــە فاکتــەری ســەرەکی بــۆ زیاتــر کاراکــردن و پێشــڤەچوونی دەزگاو دامەزراوەکانــی پەرلەمــان و حکومەتــی کوردســتان.

ســەرەڕای ئــەو پێشــڤەچوونانەی باشــووری کوردســتان تــا ئێســتاش کۆمەڵێ هەڕەشــە لەســەر باشــووری وڵاتــدا هــەن، کــە پێویســتە هەموولایەکــمان رووبەڕوویــان ببینــەوە، بۆ رووبەڕووبوونــەوەی هەڕەشــەکانی ســەر باشــووری وڵات YNDK بــە پێویســتی دەزانێت بەزووتریــن کات ناوماڵــی کــورد و ناوەنــدی سیاســیی کوردســتان رێــك و یەکبخرێتــەوە و، مامەڵەیەکــی تەندروســت لەگــەڵ هێــزو لایەنــە سیاســییەکان بکرێــت، هەروەهــا وای دەبینێــت کــە پێویســتە هەمــوو لایەنــە سیاســییەکان لەســەر پرســە نەتەوەیــی و نیشــتمانییەکان یەکدەنــگ و یەکهەڵوێســت بــن، بــە تایبــەت لــەم قۆناخــە هەســتیارو چارەنووسســازەدا.

### ■ ناوچە داگیرکراوەکانی باشووری کوردستان:

کەرکــوك و مەخمــوورو خانەقیــن و شــنگاڵ و شــێخان و زومــمارو بــەدرەو جەســان و چەنــد شــوێنێکی دیکــەی باشــووری کوردســتان ئــەو ناوچانــەن کــە تائێســتا نەگەڕاونەتــەوە ســەر کوردســتان و لەلایــەن حکومەتــی ئێراقــەوە داگیرکــراون و، ئــەو

ناوچانە بە (ناوچە جێناکۆکەکان) ناویان دەبرێت و، لە دەستووری ئێراقدا ماددەی ١٤٠ بۆ چارەسەرکردنی پرسی ئەو ناوچانە دانراوە، لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە تا ئێستا هیچ کام لە کابینەکانی حکومەتی ئێراق هەنگاوی کردەییان نەناوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەو گەڕاندنەوەی ئەو شوێنانە بۆسەر سنووری ئیداری کوردستان، YNDK وایدەبینێت کەوا هیچ حکومەتێکی ئێراق نە لە ئێستا و نە لە داهاتووشدا ئامادە نییە ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکات و دەستبەرداری ئەو ناوچانەی کوردستان بێت.

سەبارەت بە پیلانەکانی ١٦ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ ی حکومەتی عێراق دژ بە خەڵکی کوردستان و ئەو ناوچانە، YNDK وایدەبینێت ئەو پیلانانەی عێراق بۆ ئەوەن کەوا ئەو ناوچانە نەگەڕێنەوە سەر کوردستان و وەك رژێمەکانی پێشوو داگیریان بکات، سەرەڕای ئەمانە هەموو لایەکمان ئەوە دەزانین کەوا حکومەتی عێراق لە ساڵی ٢٠١٤ تا ئێستاش سیاسەتی برسیکردن (سیاسة التجویع) بەرامبەر خەڵکی کوردستان بەکاردێنێت، YNDK زۆر بەتوندی ئەو پیلانانەی عێراق ئیدانەو ریسوا دەکات و دژیان دەوەستێتەوە و بانگ لە جەماوەری کوردستان و هەموو لایەك دەکات یەکدەنگ بن بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو پیلانە گڵاوانەی حکومەتی عێراق.

### ■ کوردستانی سۆر:

کوردستانی سۆر مەبەست لەو بەشە خاکەی کوردستانە کە کەوتۆتە بندەستی هەر یەك لە ئەرمینیاو ئازەربایجان، لەو بەشەی کوردستاندا نەتەوەکەمان لەرێی خەباتی کلتورییەوە توانیویانە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان بپارێزن و پارێزگاری لە بوونی خۆیان بکەن و بەردەوام لە کارو خەباتدان بۆ پێشخستن و بوژاندنەوەی زمان و کلتوری کورد، لەم بەشەی کوردستاندا کۆمەڵێ کەسایەتی و زانای بەتوانا لەبواری زانست و ئەدەبدا هەڵکەوتوون کە جێی شانازی کوردن.

ئێمــە وەکــو YNDK ئــەو بەشــەی کوردســتان بەبەشــێکی دانەبــڕاوی خاکــی کوردســتان دەزانیــن و پشــتگیری تــەواوی بزاڤــی کلتــوری و خۆپارێــزی نەتەوەکەمــان لــەو بەشــەی کوردســتان دەکەیــن و، هیڤیداریــن لەداهاتــوودا ئــەو بەشــەی کوردســتان بگەڕێتــەوە ســەر خاکــی کوردســتانی مــەزن.

## کوردانی ئاسیای ناڤین:

لەئەنجامــی هێــرش و پەلامــاری دوژمــن و ناحــەزان بۆســەر خاکــی کوردســتان و داگیرکردنــی وڵاتەکەمــان، ژمارەیەکــی زۆر لــە نەتەوەکەمــان پــەرش و بڵاوبوونەتــەوە و لــە وڵاتانــی دیکــەی ئاســیای ناڤیــن دەژیــن، کوردانــی ئاســیای ناڤیــن کــە لــە وڵاتانــی (کازاخســتان و قرخیزســتان و ئۆزبەگســتان و توکمانســتان ) دەژیــن ژمارەیــان لــە ٦٠٠٠٠٠ شەشســەد هەزارکــەس زیاتــرە، تــا ئێســتا پەیوەســتن بــە زمــان و کلتــوری نەتەوەیــی کــورد و پارێــزگاری لێدەکــەن، هەروەهــا یــادی جــەژن و بۆنــە نەتەوەییــەکان دەکەنــەوە بەتایبــەت جەژنــی نــەورۆز، لەســەر هەمــوو لایەکمانــە بەبایەخــەوە لــەو خوشــك و برایانەمــان بڕوانیــن و هاوکارییــان بیــن بــۆ پارێزگاریکــردن و پاراســتنی تایبەتمەندییــە نەتەوەییەکانیــان.

ئێمــە وەکــو YNDK هەمیشــە بەچــاوی رێــزەوە لــەو خوشــك و برایانەمــان دەڕوانیــن و ئــەوەی لــە توانامانــدا بێــت هــاوکارو پشــتیوانیان دەبیــن، بــۆ بەبیرخســتنەوە کاتــێ لــە ســاڵی ٢٠٠٩ لــە قرخیزســتان کەوتنــە بــەر هێــرش و پەلامــار ئێمــە لەســەریان بەدەنــگ هاتیــن و پەیامــی ئەوانیشــمان گەیانــدە ســەرۆکایەتی کوردســتان و وەڵامــی ســەرۆکایەتی کوردســتانیش کــە هەڵوێســتێکی کوردانــەو نەتەوەییانــە بــوو بەرامبــەر ئــەو گرفتانەیــان پێمان گەیانــدن، ســەبارەت بــە هەڵوێســتی YNDK کۆمەڵــێ کەسایەتی لــە کوردانــی ئاسیای ناڤیــن لــە ساڵیادی رووداوەکــەدا لــە رۆژی ١٤ / ٤ / ٢٠١١دا نامەیەکــی سوپاسگوزارییان ئاراســتەی ئێمــە کــردووەو لەمــڕووەوە سوپاســی هەڵوێســتی ســکرتێری گشــتی و ســەرکردایەتی YNDK یــان کــردووە.

**کوردانی لوبنان و ئوردەن و فەلەستین:**

ژمارەیەکی زۆر لە کورد لە وڵاتی لوبنان و ئوردەن و فەلەستین دەژین و تێکەڵی کۆمەڵگای لوبنان و ئوردەن و فەلەستین بوونە، زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکانیش چوونی کورد بۆ لوبنان و دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی سەلاحەددینی ئەیوبی و، لەسەددەی رابردووشدا دوای نسکۆی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە باکووری کوردستان ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی باکووری وڵات لەدەست زوڵم و زۆری تورکان ئاوارەی لوبنان بوون، کوردانی لوبنان ژمارەیان لە ۱۵۰۰۰۰ سەدو پەنجا هەزار کەس زیاترە، هەروەها ژمارەیەك کورد لە ئوردەن دەژین کە ژمارەیان دەگاتە ۱۵۰۰۰ پانزە هەزار کەس، هەروەها کوردانی فەلەستین ئەوانیش ژمارەیان زیاتر لە ٦۰۰۰۰۰ کەس دەبێت، وەک باسمانکرد چوونی کورد بۆ لوبنان و ئوردەن و فەلەستین و بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی وەك سەرچاوە مێژووییەکان باسی لێوە دەکەن دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەلاحەددینی ئەیوبی، هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردان لە میسر و سودان و لیبیا دەژین، کورد لەو وڵاتانەدا بەشێوەیەکی وا تێکەڵی ئەو کۆمەڵگایانە بوونە کەوا نەوەی ئێستا زۆربەیان زمانی کوردیان بیرچۆتەوە، تەنها بە ساڵاچووەکان کەمێک زمانی کوردی دەزانن، سەرەڕای ئەوەش شانازی بە کوردبوونی خۆیان دەکەن و، ناوەند و کۆمەڵەی کلتوری کوردییان دامەزراندووە و ساڵانە یادی سەری ساڵی کوردی و جەژنی نەورۆز دەکەنەوە.

ئێمە وەکو YNDK بەپێویستی دەزانین کەوا هاوکاری خوشک و براکانمان بین بۆ پاراستنی زمان و کلتورو تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان لە هەر شوێنێك بن.

**کوردانی دیاسپۆرا:**

YNDK بەچاوی رێزەوە لە کارو خەباتی رەڤەندی کورد و تەواوی کوردانی دیاسپۆرا لەدەرەوەی وڵات دەڕوانێت و، بەپێویستی دەزانێت کەوا بایەخ بە کوردانی دیاسپۆرا بدرێت و لە چوارچێوەی رێکخراوێکی تایبەت بەخۆیاندا رێکبخرێن،

بۆئـەوەی بتوانـن کاراتربـن بـۆ گەیاندنـی دەنگـی کـورد بـە ناوەنـدە نێودەوڵەتییـەکان و بەشـدارییەکی چالاکانەشیان هەبێـت لـە پشـتیوانیکردنی دۆزی ڕەوای گەلـی کوردسـتان لەسـەر ئاسـتی نێونەتەوەییـدا، کـوردانی دیاسـپۆرا ئەگـەر ڕێکخراوبـن دەتوانـن کاری مـەزن ئەنجامبـدەن کـە لەخزمەتـی پێشـڤەبردنی پرسـی نەتەوەیـی و نیشـتمانیماندا بێـت.

## ■ ڕوانین بۆ پێکەوەژیان

کوردسـتان لانکـی کۆنتریـن شارسـتانیەتە، هـەزاران سـاڵ بـەر لەزاییـن ئـاوەدان بـووە، ئـەو نەتەوانـەی لەسـەری ژیـاون بـە بـاب و باپیرانـی گەلـی کوردسـتان دادەنرێـن و شارسـتانێتییەکەیان بەشـێکە لەشارسـتانێتی کوردسـتان کـە هەمیشـە بەهـۆی داگیرکەرانـەوە بەتـاڵان بـراوە و شـێوێنراوەو پشـتگوێ خـراوە ئەویـش بـۆ سـڕینەوەی تایبەتمەندییەکـی سـەرەکی کوردسـتان بـووە، کـە گیـانی پێکەوەژیـانی نەتـەوەکانی سـەر خاکـی کوردسـتان بـووە، کوردسـتان وەک مێرگێـک لـە کۆمەڵـێ نەتـەوە و ئایـن و ئاینـزای جیـا پێکهاتـووە، ئێمـە لـە YNDK ڕێـز لـە تـەواوی نەتـەوەو ئایـن و ئاینـزاکانی کوردسـتان دەگریـن و بـاوەڕی تەواومـان بـە پێکەوەژیـان و مافەکانیـان هەیـە و، لەگـەڵ دابینکردنـی هەمـوو مافێکـی شـەرعی نەتەوەیـی و سیاسـی و ئیـداری و ڕۆشـنبیری نەتەوەکانـی سـەر خاکـی کوردسـتاندان.

## ■ ڕوانین بۆ پەرلەمان و حکومەت و سازییەکانی کوردستان

پەرلەمـان و حکومەتـی کوردسـتان وەک دوو دامـەزراوەی کوردسـتان بەرهەمـی خەبـات و تێکۆشـان و ڕاپەڕینـی گەلـی کوردسـتانن، بەرلەهـەر شـتێك پێویسـتە ئـەم دوو دەزگایـە و تـەواوی دەزگاکانـی کوردسـتان سیسـتماتیك بکرێـن و دەسـەڵاتی حزبەکانیـان لـێ دوور بخرێتـەوەو لەژێـر سـێبەری حیـزب بهێنرێنـەدەر و بـۆ هەمـوو خەڵـك وەك

یەکبن و بەچاوی یەکسان سەیری خەڵکی کوردستان بکەن و لەسەر بنەمای هاونیشتمانی مامەڵە لەگەڵ خەڵك بکەن نەك تەزکییەو بنەمای حیزبی، ئەو دوو دەزگایە بوونەتە جێی ئومێدی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش و هەموو لایەك بە چاوی ئومێدەوە سەیری ئەزموونی باشووری کوردستان دەکەن، سەرەڕای ئەنجامدانی ئیش و کاری باش؛ ئەزموونی باشووری کوردستان بێ گرفت و کەم و کوڕیش نییە، چارەسەرکردنی گرفت و کەم وکوڕییەکانیش وەك وتمان سیستماتیککردنی دەزگاو دامەزراوەکان و هێنانەدی دادپەروەری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە.

چالاکترین دوو خولی پەرلەمان، خولی یەکەم و دووەمی پەرلەمان بوون، بەداخەوە لە دوای ئەم دوو خولە پەرلەمان رۆڵی لە جاران کەمتر بووە، لە خولی سێیەم حزبە دەسەڵاتدارەکان لە رێی پەرلەمانەوە کاریانکرد بۆ بەرتەسککردنەوەی کاری حزبی و ئازادییە سیاسییەکان، بۆ نموونە دەرچوواندنی یاسای بودجەی حزبەکان هەوڵێك بوو بۆ سنووردارکردنی کاری سیاسی و بەرتەسککردنەوەی ئازادییە سیاسییەکان لە کوردستان، ئەم یاسایە هەوڵێك بوو بۆ ئیحتیکارکردنی ناوەندی سیاسی لەنێوان چەند لایەنێکی دەسەڵاتدا، وایلێهاتووە کاری پەرلەمانی و هەموو شتەکان لە کوردستان بەحزبی دەکرێن و، چی حزب دەیخوازێت پەرلەمان شەرعییەتی پێدەدات، هەقە سەرۆکایەتی پەرلەمان چاو بەم خاڵەدا بخشێنێتەوەو نوێنەرایەتی گەل بکات نەك چەند حزبێك!!

پێویستە بەهەموو لایەکمان کار بکەین بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان و نەهێلانی ئاستەنگەکان و بگەڕێینەوە بۆ لۆژیکی دیالۆگ و لەیەکدی گەیشتن و یەکدی قبولکردن بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە هەڵواسراوەکانمان چ لەناوخۆ و چ لەگەڵ بەغدا و دەوروبەردا، گرفتی سەرەکیمان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سیستمێکی شەفاف، زۆربەی ئیش و کاری وڵاتی ئێمە لەسەر بنەمای میزاجی کەسی بەڕێوەدەچێت، سەرچاوەی گرفتەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵە، گرفتێکی دیکەی کوردستان

ئەوەیـە گـوێ لەکـەس ناگیرێـت، زۆر جـار بیروبۆچوونـی زۆر بـاشی هـەن بـەڵام کاریـان لەسـەر ناکرێـت، پێویسـتە سـەرکردایەتی سیاسـی کوردسـتان بەشـێوەیەکی دادپەروەرانـە مامەڵـە لەگـەڵ خەڵـك و لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان بـکات و هەوڵـی چارەسـەرکردنی کێشـەکان بـدات، لەبەرئـەوەی کوردسـتان لەرەوشـێکی زۆر ناسـك هەسـتیاردایە و لەسـەر هەمـوو لایەکمانـە کار بـۆ دەربازبـوون لـەم رەوشـەی ئێسـتا بکەیـن.

## ئۆپۆزسیۆن

لـە کۆمەڵـگا دیموکراتەکانـدا ئۆپۆزسـیۆن و دەسـەڵات بـە هـەردوولا پرۆسـەی بەدیموکراسـیبوونی کۆمەڵگاکـە تـەواو دەکـەن، واتـە بوونـی ئۆپۆزسـیۆن لەهـەر کۆمەڵگایەکـدا هـۆکارە بـۆ کامڵبوونـی پرۆسـەی دیموکراسـی لـە کۆمەڵگاکـەدا، لـە کوردستانیشـدا بوونـی ئۆپۆزسـیۆن پێویسـتییەکی سـەردەمیانەیە و هـۆکارە بـۆ پێشـڤەبردنی پرۆسـەی سیاسـی لـە وڵاتـدا، بوونـی کێشـەکانی نێـوان دەسـەڵات و ئۆپۆزسـیۆن دەگەڕێتـەوە بـۆ خاڵێکـی سـەرەکی ئەویـش نەبوونـی سیسـتەمە، سیسـتماتیککردنی دەزگاو دامەزراوەکانـی کوردسـتان فاکتـەری سـەرەکییە بـۆ چارەسـەرکردنی زۆربـەی کێشـەکان، هـەر وڵاتێـك لەسـەر بنەمـای میزاجـی شەخسـی بەڕێوەبچێـت دووچـاری ئـەم کێشـانە دەبێـت کـە کوردسـتان دووچـاری بـووە، بۆیـە پێویسـتە بـە هەمـوو لایـەك بیـر لـەوە بکەینـەوە دەزگاکانـی کوردسـتان سیسـتماتیك بکەیـن، هەروەهـا هەمـوو لایـەك دان بەیەکـدی دابنێـن و یەکـدی قبـوڵ بکەیـن، کوردسـتان وڵاتـی هەرهەمـوو لایەکمانـە خزمەتکـردن و پێشخستنیشـی ئەرکـی هەمـوو لایەکمانـە، ئێسـتایش کاتـی ئـەوە هاتـووە کێشـەو گرفتەکامنـان لەسـەر بنەمـای دیالـۆگ و لەیەکدیگەیشـتن چارەسـەربکەین و کار بـۆ هێنانـەدی خەونـی نەتەوەییـمان بکەیـن.

لـە کوردسـتان گیانـی یەکـتر قبوڵنەکـردن هەیـە ئـەوەش بۆتـە گرفـت، دەسـەڵات و

ئۆپۆزسیۆن بە چاوی دژایەتی سەیری یەکتر دەکەن، دەبێ هەموو لایەکمان ئەوە باش بزانین کە بێ بوونی ئۆپۆزسیۆن پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی هیچ کۆمەڵگایەك تەواو نابێت بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی تەندروست لە هەر کۆمەڵگایەکدا فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ کامڵبوونی پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی ئەو کۆمەڵگایە، لە کوردستاندا هەنگاوەکان بەو شێوەیە ناهاوێژرێن، دەسەڵات بە شێوەیەك تەماشای ئۆپۆزسیۆن دەکات کە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەوە، ئۆپۆزسیۆنیش بە شێوەیەك تەماشای دەسەڵات دەکات هێلی راست و چەوت بەسەر هەموو کارەکانی دەسەڵات دادێنی، ئۆپۆزسیۆن دەبێت بەسەرنج و پرۆژەی باش دەزگا و دامەزراوەکان کاراتر بکات و وابکات دەسەڵات وا تێبگات چاودێرێکی بەسەرەوەیە بۆ ئەوەی کارەکانی پوختر بکات، ئۆپۆزسیۆن دەبێت ناتەواوییەکان تەواو بکات نەك لەگەڵ دەسەڵات خەریکی یەکتر خواردن و دژایەتی یەکبن، ئەگەر دەسەڵات کاری باش نەکات و، ئۆپۆزسیۆن بەرنامەی باشتری هەبێت ئەو کات ئۆپۆزسیۆن قازانج دەکات، لەبەرئەوەی خەڵك بریار دەدات کێ ئیدارەی ئەو وڵاتە بکات.

لە هەموو کۆمەڵگایەك رەخنە میکانیزمی پێشکەوتنە، مرۆڤ لە رێگەی رەخنەوە دەتوانی کەموکورتی و گرفتەکان ببینی و بەدوای چارەسەریاندا بگەرێ، کەچی بەداخەوە لە کوردستان کار بەو ئالیەتە نەکراوە، بەڵکوو بە ئالیەتی دژایەتیکردنی یەکتر کارکراوە، لە کوردستان ئۆپۆزسیۆن هێلی راست و چەپ بە سەر هەموو شتەکاندا دێنێ، بۆیە ئۆپۆزسیۆنێکی تەندروستمان نییە، بۆ نموونە لە ساڵانی رابردوو لە خۆپیشاندانەکانی کوردستان لە سەرەتاوە داواکاریی خۆپیشاندەران لە لایەن پەرلەمان و حکومەتەوە بە هەند وەرگیرا، خەڵکیش بە ئومێدەوە چاوەڕوانی ئەوەبوو چاکسازیی لە کوردستان ئەنجام بدرێت، بەڵام کە ئۆپۆزسیۆن سواری شەپۆڵەکە بوو، داخوازییەکان گۆڕانکارییان بەسەر داهات، لە داخوازیی جەماوەرەوە بوون بە داخوازیی چەند لایەنێکی سیاسی، کاغەزەکان

تێکەڵی یەکتر کران ئەمانە وایانکرد پرۆسەی چاکسازیش سست بێت، بەداخەوە یەکێتییەکی بڕیار لە نێوان هێزو لایەنە سیاسییەکان نابینین، دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن هەر یەکەیان کەوتونەتە داوی بەرژەوەندی خۆیان، هاوکات هەردوولا متمانەیان بە یەکتر نییە، هەر بۆیەشە تا ئێستا کۆبوونەوەی بێ ئەنجام، ئەنجام دەدرێت!! .

زۆر پرسی گرنگ هەیە ئۆپۆزسیۆن نەیتوانیوە وەکو پێویست کاریان لەسەر بکات، بۆ نموونە گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستان، هەروەها تێکەڵاوبوونی دەسەڵاتی حزب و حکومەت، ئەمانەو چەندانی دیکە وایکردووە ئەو ناعەدالیەتەی لە کوردستان هەیە، لە دنیادا نەبێت!!

## چارەسەر

کێشەو گرفتەکانی ئێستای کوردستان باکگراوندێکی سیاسی و مێژوویيان هەیە، ڕەنگدانەوەی واقیعی دووبەرەکی وناکۆکی سیاسی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستانن، بۆیە چارەسەری ئەم پرسە پەیوەستە بە چارەسەری گرفت و ناکۆکی مێژوویی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بۆئەمەش پێویستە لایەنە سیاسییە ناکۆکەکان بە دیدگایەکی سەردەمییانە سیاسەتی نوێی جیهان بخوێننەوە و لەجیاتی بەرژەوەندی تەسکی حیزبی ڕەچاوی بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی بکەن.

پێویستە ڕەخنە لە شێوازی کاری ڕابردوومان بگرین و، ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن بکەینە بنەمایەکی پتەو بۆ کاری داهاتوومان، لەبەر ئەوەی ڕەخنە میکانیزمی پێشکەوتنی هەر دامەزراوەو کۆمەڵگایەکە، لە ڕێگەی ڕەخنەوە ئێمە ناتەواوی و هەڵەکانی خۆمان دەبینین، بێگومان دۆزینەوەی هەڵە و ناتەواوییەکان وامان لێدەکات بەدوای چارەسەردا بگەڕێین، لەم ڕوانگەیەوە پێویستە لەسەر هەموو ئاستەکان بەخۆداپچینەوەو دان بەوە دابنێین کەوا شێوازی کارکردنمان لە ڕابردوودا کەم و کوڕی زۆری تێدابووە، لەڕووی سیاسی و لەڕووی دیبلۆماسی و لەڕووی ئیداری

و بـازرگانی و تـەواوی کایـەکانی ژیـان حیـزب هێنـدە باڵادەسـت بـووە شـکۆی بـۆ دامـەزراوەکانی کوردسـتان نەهێشـتۆتەوە، ئـەم شـێوازە کارکردنـە کاریگـەری نێگەتیفـی هەبـووەو لەناوخـۆ و لـەدەرەوەش رووبـەڕووی رەخنـە بۆتـەوە، بۆیـە پێویسـتە لـەم رووەوە هەوڵـی سیسـماتیککردن و تەکنۆکراتکـردنی دەزگاو دامـەزراوەکانی کوردسـتان بدەیـن.

هەروەهـا نەبـوونی عەدالـەتی سـیاسی و کۆمەڵایـەتی و ئابـووری و پەراوێزخسـتنی بەشـێکی زۆری لایەنـە سیاسـییەکان لـە پرۆسـەی سیاسی و بڕیاروەرگرتـن لـە کوردسـتان، بۆتـە هـۆی دووبەرەکـی و لێکـترازانی سـیاسی و کۆمەڵایـەتی کوردسـتان، پێویسـتە ئـەم خاڵـە بەهەنـد وەربگیرێـت و چارەسـەربکرێت، چارەسـەرکردنی ئـەم گرفتـە کلیـلی کردنـەوەی زۆربـەی دەرگا داخراوەکانـەو فاکتەرێکـی بەهێزیشـە بـۆ رێکخسـتنەوەی ناوەنـدی سـیاسی کوردسـتان، بـۆ ئەمـەش پێویسـتیمان بـە بڕیـاری سـیاسی بوێرانـە و خۆنەویسـتانە هەیـە.

ئێمـە وەکـو یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکـراتی کوردسـتان YNDK ؛ لێـرەوە بانـگ لـە تـەواوی لایەنـە ناکۆکـەکانی باشـووری کوردسـتان دەکەیـن، کـەوا رەچـاوی هەسـتیاری بارودۆخـی کوردسـتان بکـەن و، وەکـو ریزگرتـن لـە خوێنـی پاکـی شـەهیدان و قارەمانێتـی پێشـمەرگە و خۆڕاگـری گـەلی کوردسـتان؛ ناکۆکییەکانیـان بخەنـە لاوەو بگەڕێنـەوە سـەر مێـزی دیالـۆگ و لەیەکترگەیشـتن، لەبەرئـەوەی سـەردەم سـەردەمی دیالـۆگ و لەیەکترگەیشـتن و لەهەڤهاتنـە، لـەم پێنـاوەدا پێشـنیار دەکەیـن کـەوا:

یەکـەم: بـۆ رێکخسـتنەوەی ناوەنـدی سـیاسی کوردسـتان و دەربازکـردنی لـەو پـەرش و بڵاوییـەی کـە تێیدایـە بەزووتریـن کات (ئەنجوومـەنی سیاسـیی کوردسـتان) لـە تـەواوی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی باشـووری کوردسـتان پێکبهێندرێـت و، ئـەم ئەنجوومەنـە وەکـو پاڵپشـتێکی سـیاسی بـۆ دەسـەڵاتی سـیاسی کوردسـتان لـە کاردابێـت و رۆڵـی راوێـژکاری ببینێـت و، لـە کاتی هاتنەپێـشی قەیرانەکانـدا بـە پـرۆژەو کارنامـەی هاوبـەشی

سـیاسی هاوکاربێـت.

دووەم: ئەنجامـدانی کۆنگرەیەکـی راوێـژکاری بـۆ شـارەزا و پشـپۆڕان بـۆ داڕشـتنی نەخشـەڕێگایەکی گشـتگیر بـۆ دەربازکـردنی باشـووری کوردسـتان لـەو قەیرانانـەی کـە تێیکەوتـووە.

سـێیەم: سیسـتمانیکردنی دەزگا و دامــەزراوەکانی کوردســتان و، دوورخســتنەوەی کاری حیـزبی لـە دەزگاو دامـەزراوەکان، بۆئـەوەی حکومـەتی کوردسـتان ببێتـە حکومـەتی خەڵکـی کوردسـتان نـەک حکومـەتی ئـەم حیـزب و ئـەو حیـزب.

چـوارەم: قوڵکردنــەوەی گیـانی یەکـدی قبوڵکـردن و رەتکردنـەوەی خۆسـەپاندن و قۆرخـکاری لـە ناوەنـدی سـیاسی کوردسـتان و تـەواوی بـوارەکانی ژیانـدا.

پێنجــەم: پەرلەمــان و حکومــەتی کوردســتان؛ وەکــو دوو دامــەزراوەی نیشــتمانی کوردســتان دووربخرێنــەوە لــە ململانــێ و ناکۆکــی نێــوان حزبــەکان.

شەشــەم: گوێگرتــن لــە داخوازییــەکانی خەڵکــی کوردســتان و باشــترکردنی ژیــان و گوزەرانیــان.

حەوتـەم: یەکخسـتنەوەی هێـزەکانی پێشـمەرگە بـە کردەیـی و باشـترکردنی ژیـان و گوزەرانیـان.

هەشــتەم: یەکخســتنەوەی دەزگا ئەمنــی و هەواڵگرییــەکان بەکردەیــی و کردنیـان بـە دامـەزراوەی نەتەوەیـی و نیشـتمانی و دوور لـە دەسـتێوەردانی حیـزبی و، دەوڵەمەندکردنیــان بــە ئامێــری نــوێ و ســەردەمییانە و کەســانی پســپۆڕ و شــارەزا.

نۆیـەم: بەشـدارکردنی تـەواوی لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان لـە داڕشـتنی بڕیـاری سـیاسی و وازهێنـان لـە پەراوێزخسـتنی ئـەم لایـەن و ئـەو لایـەن.

دەیـەم: پێویسـتە لایەنـە ناکۆکـەکان واز لەیەکدی ناشـیرینکردن و شـەڕی راگەیاندن بهێنـن و بـە زمـانی سـەردەم زمـانی لۆژیک لەگـەڵ یەکـدی بدوێن.

یازدەهــەم: پێکهێنــانی (بــۆردی ســەربەخۆیی کوردســتان) کــەوا کار بــکات بــۆ

جولاندنی ئەنجامی ریفراندۆم و چۆنیەتی هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی کوردستان، ئەم پرسە پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە و پێویستە هەموو لایەکمان لەسەری هاوکار و یەکدەنگ بین.

دوازدەهەم: بۆ باشترکردنی رەوشی ئابووری کوردستان پێویستە حکومەتی کوردستان جگە لە کەرتی نەوت، بایەخ بە بوژاندنەوەو پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ و گەشتوگوزارو پیشەسازی ناوخۆ بدات.

سێزدەهەم: پێکهێنانی بۆردێکی نیشتمانیی دیالۆگ لە کەسانی شارەزاو لێهاتوو بۆ دیالۆگ و چارەسەرو یەکلاییکردنەوەی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان کوردستان و عێراق.

چواردەهەم: گەلی کوردستان بەردەوام هەرەشەی لەسەرە، گەیاندنی راستییەکان و پیلان و هەڕەشەکانی سەر گەلی کوردستان بە ناوەندە نێودەوڵەتی و دەزگا نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان پێویستی بە کاری دبلۆماسیەتی نەتەوەیی هەیە، بۆئەمەش پێویستیمان بەوە هەیە کەوا (کۆمیتەی نەتەوەیی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان) دابمەزرێنین و لەسەر ئاستی هەموو وڵاتانی جیهان بکەوینە کارکردن و، دەنگمان بەهەموو لایەک بگەیەنین، بۆ پشتیوانی کاری ئەم کۆمیتەیە رێکخستنی رەوەندی کورد لە دەرەوەی وڵات لە دامەزراوەیەکی نەتەوەیی بەهەند وەربگیرێت و بەردەوام هەوڵبدرێت لە کارو چالاکی جۆراو جۆردابن بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆ بخەنە سەر ناوەندەکانی بڕیار لەسەرتاسەری جیهان.

ئەم خاڵانە وەکو هەنگاوێک بەرەو هێورکردنەوەی ناکۆکی نێوان لایەنەکانی دەسەڵات دەخەینەڕوو، بۆئەوەی ببێتە فاکتەرێک بۆ لەهەڤهاتن و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و ئەنجامدانی چاکسازی بۆ دەربازکردنی باشووری کوردستان لەو قەیرانانەی تێیکەوتووە، ئەمەش پێویستی بە نیەت پاکی و هاوکاری و کاری هاوبەشی هەموو لایەکمانە.

# پەیامی پیرۆزبایی کەسایەتی و هێزو لایەنە سیاسییەکان بۆ یۆبیلی زیوینی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

# YNDK



## پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز سەرۆك مەسعود بارزانی

**بەڕێز کاك غەفوور مەخمووری، سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتیی کوردستان**

بەبۆنەی بیستوپێنج ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتیی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی یەکێتیەکەتان و سەرجەم کادیر و ئەندام و لایەنگرانتان دەکەم.
لەم بۆنەیەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانتان بکەم لەمەڕ ئەو قەیران و تەحەددیانەی لە ساڵانی ڕابردوو لەبەردەم گەلەکەماندا هەبووە. دەستخۆشی لە ئەرك و چالاکییەکانتان دەکەم و هیوای گەشەی بەردەوام و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.
نەورۆزتان پیرۆز و بمێنن بە خێر و خۆشی

**مسعود بارزانی**

**٢١ی ٣ی ٢٠٢٠**



# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**بەڕێـز غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردســتان**

سڵاو و ڕێز

جەژنـی نـەورۆز لـە ئێـوەی بەڕێـز پیـرۆز بێـت، هیـوادارم ببێتـە مایـەی شـادی و خۆشـگوزەرانی بـۆ هەمـوو خەڵکـی کوردسـتان.

لــە هەمــان کاتــدا بەبۆنــەی (٢٥)هەمیــن ســاڵیادی دامەزراندنــی یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکراتــی کوردســتان، پیرۆزباییتــان لێدەکــەم و هیــوای ســەرکەوتنتان بــۆ دەخــوازم.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**٢٠ / ٣ / ٢٠٢٠**

# پەیامی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان

**بۆ بەڕێزان لە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**

سڵاو و ڕێز ...

بەبۆنەی یۆبیلی زیوینی (٢٥) ساڵەی دامەزراندنی یەکێتییە تێکۆشەرەکەتان گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێزان سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و گشت کادیر و ئەندامانی یەکێتییەکەتان دەکەین. ئومێد دەکەین ئەم یادە و یادەکانی نەوروز و سەری ساڵی کوردی ببێتە مایەی خێر و خۆشی بۆ گەلە ستەمدیدەکەمان.

بەڕێزان: لەکاتێکدا یادی ئەم بۆنانە دەکەینەوە عێراق بەرەوشێکی ناهەموار تێدەپەری بەهۆی بێ حکومەتی و جیهانیش بەهۆی پەتای کۆرۆنا و دەرهاوێشتەکانی دروست بوونی قەیرانی ئابووری بەرەوشێکی مەترسیدار گوزەر دەکات. ئومێد دەکەین بەهاودەنگی و پاڵپشتی هەموو لایەك لە هەنگاو و سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەهەموو بوارەکان ئەم دۆخە تێپەڕێنین و ببێتە مایەی سەرکەوتنی گەلەکەمان.

دووبارە پیرۆز بێت یۆبیلی زیوینی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان.

**مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**٢٠-٣-٢٠٢٠**



## پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز کۆسرەت رەسووڵ عەلی
## سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

**بەڕێز کاك غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**

سڵاوو رێز ...

پیرۆزبایی جەژنی نەورۆزو سەری ساڵی تازەی کوردیتان لێدەکەم و هیواخوازم ساڵی نوێی کوردی ساڵی بەدیهاتنی ئاواتەکانی گەلەکەمان بێ.

هاوکات لە یۆبیلی زیوینی دامەزراندنی حزبەکەتان، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی جەنابت و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و ئەندام و لایەنگرانی حزبەکەتان دەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

لەم یادەدا دووپاتی دەکەمەوە کە لە پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا پێویستە هەموومان لە هێزو لایەنە سیاسییەکان یەکدەنگ بین و هەنگاو بنێین بۆ زاڵبوون بەسەر تەنگژەو قەیرانەکاندا.

**کۆسرەت ڕەسول عەلی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

**٢٥ / ٣ / ٢٠٢٠ سلێمانی**



# پەیامی بەڕێز دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ
# کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان

**بـرای بەڕێـزم کاك غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان**

سڵاوێکی گەرم ...

لـە یۆبیلـی زیویـن و یـادی (۲٥) سـاڵەی دامەزراندنـی حزبەکەتـان، پیرۆزبایـی گەرمـی خـۆم ئاراسـتەی سـکرتێرو ئەندامانـی مەکتەبـی سیاسـی و ئەنـدام و لایەنگرانتـان دەکـەم و هیواخـوازم لـە پێشـکەوتنی بەردەوامدابـن و یۆبیلـی زیوینیشـتان دەرفەتـی گەشەسـەندنی زیاتـری حزبەکەتـان بـێ.

سـاڵیادی دامەزراندنـی حزبەکەتـان هاوکاتـی دۆخێکـی هەسـتیارە لـە کوردسـتان و عێـراق و ناوچەکـە، کـە ئـەم دۆخـە یەکگرتوویـی و یەکگوتـاری کـوردی پێویسـتەو ئەرکـە لەسـەر هەموومـان بـۆ ئەگـەرەکان سـازو ئامادەبیـن و لەپێنـاو گەلەکەمـان هەنـگاوی جـدی بنێیـن.

هـەر بـەم بۆنەیـەوە، وێـڕای دەربڕینـی پیرۆزباییـمان لێتـان جەخـت لـە پەرەپێـدان و فراوانکردنـی پەیوەندییەکانـی نێـوان یەکێتـی نیشـتمانیی کوردسـتان و یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان دەکەمـەوە.

**دەرباز کۆسرەت ڕەسول**

**کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان**

**۲٥ / ۳ / ۲۰۲۰ سلێمانی**



# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز د. جەواد مەلا سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان KNC

**بـرای بەڕێـزم کاک غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکـراتی کوردسـتان**

سڵاوێکی برایانەی گەرم ....

بەبۆنـەی یوبێـلی زیویـن (٢٥)ەمیـن سـاڵیادی دامەزرانـدنی (یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکـراتی کوردسـتان)ی تێکۆشـەر و وڵاتپارێـز، بەنـاوی خـۆم و تـەواوی هاوبیرانمـان لـە کۆنگـرەی نیشـتمانی کوردسـتان KNC، گەرمتریـن پیرۆزباییتـان لێدەکەیـن و لـە ناخـی دڵـەوە هیـوای سـەرکەوتن و پێشـڤەچوونتان بـۆ دەخوازیـن.

بێگومـان YNDK لـە کارو خەبـاتی خۆیـدا رۆڵێکـی بەرچـاوو مـەزنی گێـڕاوە لـە بڵاوکردنـەوەی هـزری نەتەوەیـی و سـەربەخۆخوازی و، گەیانـدنی پەیامـی سـەربەخۆیی بـە ناوەنـدە کـوردی و عـەرەبی و جیهانییـەکان، بـەردەوام لـە سـەنگەری بەرگـری لـە گـەلی کوردسـتان بـووەو، هەوڵـی زۆری داوە بـۆ یەکڕیـزی و یەکدەنگـی لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان و، کارو خەبـات و هەوڵـەکانی YNDK بـۆ بەسـتنی کۆنگرەیەکـی نەتەوەیـی سەرتاسـەری گەواهیـدەری ئـەم راسـتییانەن.

لـەم یـادەدا ئێمـە وەکـو KNC، هەڵوێسـتە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەکانی سـکرتێری گشـتی و سـەرکردایەتی YNDK بەرامبـەر پرسـە نەتەوەیـی و

نیشــتمانییەکان لەســەر ئاســتی کوردســتانی مــەزن بــەرز دەنرخێنیــن و، بــە چــاوی رێـــزەوە لێیدەڕوانیـــن.

ئێمــەوە وەکــو KNC ســەربڵندین بــە پەیوەندییەکانمــان لەگــەڵ YNDK، لێــرەوە جارێکــی دیکــە جەختدەکەینــەوە ســەر پتەوکــردنی پەیوەندییەکانمــان لەپێنــاو خزمەتکــردنی پــرسی رەوای گــەلی کوردســتان.

پیرۆزبێــت جــەژنی نــەورۆز و یۆبیــلی زیوینــی YNDK، هــەر بژیــن و ســەرکەوتووبن بــۆ کــورد و کوردســتان.

**براتان**

**د. جەواد مەلا**

**سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان KNC**

**٢١ / ٣ / ٢٠٢٠ لەندەن**



# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز أحمد قذاف الدم
# بەرپرسی سیاسی بەرەی خەباتی نیشتمانی لیبیا

بِسْمِ اللَّـهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ

وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا (صدق اللَّهُ العظيم)

**الأخ المحترم السيد غفور مخموري السكرتير العام للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني**

بمناسبة الذكرى الخامسة والعشرين لتأسيس الاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني، نبعث لكم ولاعضاء المكتب السياسي وقيادة الاتحاد والكوادر والأعضاء كل التهاني متمنيين لكم مزيدا من العمل والمواقف النبيلة ... الساعية للسلام والأمن والاستقرار في عالم مضطرب.

وعيد نوروز مبارك على الجميع.

حياكم الله ... تحياتي.

**أحمد قذاف الدم**

**المسئول السياسي لجبهة النضال الوطني الليبي**

**٢٠ / ٣ / ٢٠٢٠**



# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز ئیریک سەلە سەرۆکی پارتی پارێزگارانی مەسیحی نەرویج

**بەڕێـز غەفـور مەخمـوری سـکرتێری گشـتیی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان**

بەبۆنـەی بیسـت و پێنـج سـاڵەی دامەزراندنـی پارتەکەتـان جوانتریـن پیرۆزباییتـان ئاراسـتە دەکـەم.

لەناخـەوە دۆسـتایەتی و گفتوگـۆ هاوبەشـەکانمان سـەبارەت بـە ژیـان و سیاسـەت و داهاتـوو بـەرز دەنرخێنـم، پێکـەوە خەبـات دەکەیـن لەپێنـاو ئـازادی و سـەربەخۆیی و ئاشـتی و شـکۆمەندی وڵاتەکانمـان.

بەهـۆی سـەردانیکردنم بـۆ وڵاتـە جوانەکەتـان خۆشەویسـتیم بـۆ کوردسـتان زیاتـر بـووە، هەروەهـا سـەردانیکردنی جەنابتـان بـۆ نەرویـج خۆشـحاڵی کردیـن، نـزا دەکـەم نەتەوەکانمـان لـە داهاتـوودا بەرەوپێشـەوە بچـن و پەیوەندییـە هاوبەشـەکانمان لـەڕووی بازرگانـی و کەلتـوری نێـوان هـەردوو نەتـەوە بـەردەوام بێـت و بەرەوپێشـەوە بچـن.

دووبـارە لەناخـی دڵـەوە پیرۆزبایـی یـادی بیسـت و پێنجەمیـن سـاڵیادی دامەزراندنـی پارتەکەتـان لێدەکـەم.

**ئیریك سەلە**

**سەرۆکی پارتی پارێزگارانی مەسیحی نەرویج**

**٢٥ ئاداری ٢٠٢٠ ئۆسلۆ**



## پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز مەحموود بەشاری کەعبی دامەزرێنەری بەرەی عەرەبی رزگاریخوازی ئەهواز

**حضرة الاخ المناضل الأستاذ غفور مخموري السكرتير العام للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني المحترم.**

بمناسبة مرور خمسة وعشرين عاما على تأسيس الاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني، يسرني ان اتقدم باحر واجمل التهاني والتبريكات مليئة بالمحبة والدعاء الى جنابكم واخوتكم كافة من أعضاء وكوادر وكذلك الشعب الكوردي المناضل الصديق نتمنى لكم التوفيق والنجاح لمهمتكم القومية لشعبكم المناضل لتحقيق آماله للوصول الى حقوقه المشروعة.

ماضاع حق وراءه شعوب تناضل من أجل الحفاظ على الهوية القومية المعترف بها بكل المواثيق والاعراف الدولية.

كل عام وانتم منتصرين باذن الله تعالى.

**اخوكم**

**محمود بشاري الكعبي**

**مؤسس الجبهة العربية لتحرير الاحواز**

**٢١ / ٣ / ٢٠٢٠ أوسلو - النرويج**



## پەيامی پيرۆزبايی بيرمەندی عەرەب
## بەڕێز د. عەبدولحوسين شەعبان

**الصديق العزيز غفور مخموري السكرتير العام للإتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني المحترم**

تحية حارة وتهنئة قلبية بمناسبة الذكرى ال٢٥ لتأسيس إتحادكم (الإتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني)، متمنين لكم شخصياً الصحة والتقدم وللشعب الكوردي العز والإزدهار .

أشدّ على يدكم بحرارة مع التمنيات القلبية.

**المخلص**

**د. عبدالحسين شعبان**

**٦ / ٤ / ٢٠٢٠ بيروت**

# پەیامی پیرۆزبایی پارتی دیموکراتی گەلان HDP

**بەڕێزان لە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**

سڵاوو رێز ...

ئێمە وەك پارتی دیموکراتی گەلان HDP ؛ (٢٥)ەمین ساڵڤەگەری دامەزراندنی یەکیتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK پیرۆز دەکەین، سلاوو رێزو خۆشەویستیمان بۆ سکرتێری گشتی و ئەندامانی سەرکردایەتی و تەواوی ئەندام و لایەنگرانی یەکیتییە تێکۆشەرەکەتان هەیە.

ئێمە وەکو گەلی کورد بە قۆناخێکی ناسك و گرنگ دەرباز دەبین، شەڕی سێیەمی جیهانی بەتایبەت لەسەر خاکی کوردستانێ بەڕێوە دەچێت و هەول دەدرێت هەموو دەستکەوتەکانی کوردان لەناوببەن، پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی ئێمە ئەرکی هەموو هێزە کوردییەکانە، بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانمان دەبێ هەموو لایەکمان خەباتی سەرەکیمان پێکهێنانی یەکیتی نەتەوەیی کورد بێت.

ئێمە لەو باوەڕەداین کەوا یەکێتییەکەتان وەک چۆن لەماوەی رابردوودا بۆ یەکیتی نەتەوەیی خزمەتێکی سەرکەوتووانەو مەزنی کرد، لە داهاتووشدا دەتوانێت رۆڵێکی مەزنتر بگێرێت.

دووبارە ئێمە لە HDP ؛ (٢٥) ساڵ خەبات و تێکۆشانی YNDK پیرۆز دەکەین و هیوای سەرکەوتن و سەرفرازیتان بۆ دەخوازین ... سلاوو رێزی خۆمان پێشکەش دەکەن.

**پارتی دیموکراتی گەلان HDP - ٢٤ / ٣ / ٢٠٢٠**




# پەیامی بەڕێز موستەفا ئۆزچەلیك
# سەرۆکی گشتیی پارتیا ئازادیا کوردستانێ PAK

**بەڕێــز غەفــوور مەخمــووری ســکرتێری گشــتیی یەکێتیــی نەتەوەیــی دیموکراتــی کوردســتان**

سڵاوو ڕێز ...

بــە بۆنــەی ٢٥ ســاڵەی دامەزرانــدنی یەکێتییەکەتــان (یەکیتــی نەتەوەیــی دیموکــراتی YNDK)، ئێمــە لــە باکــووری کوردســتانەوە, بەنــاوی خۆمــان و بەنــاوی هەمــوو ئەندامــانی پارتەکەمــان, بــە هەســتێکی برایانــەی نەتەوەیــی و نیشــتمانییەوە پیرۆزبایــی لــە جەنابتــان و هەمــوو ســەرکردایەتی و ئەنــدام و لایەنگــرانی YNDK دەکەیــن.

ئێمــە لــەو باوەڕەداینــە YNDK وەک چــۆن تــا ئێســتا لــە خزمەتکــردنی دۆزی ڕەوای ئــازادی و دیموکــراتی کوردســتان ڕۆڵــی کاریگــەری هەبــووە , لەمــەودواش YNDK هەمــان ڕۆڵــی نەتەوەیــی و نیشــتمانی دەبینێــت.

لەگەڵ ڕێز و سڵاوماندا.

**موستەفا ئۆزچەلیك**

**سەرۆکی گشتیی پارتیا ئازادیا کوردستانێ PAK**

**٢٥ / ٣ / ٢٠٢٠**



# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێزان هاوسەرۆکانی تەڤگەری کۆمەڵگەی دیموکرات TEV-DEM

**الأخ العزيـز غفـور مخمـوري السـكرتير العـام للإتحـاد القومـي الدمقراطـي الكوردسـتاني**

**الإخوة الأعزاء قيادة و أعضاء و كوادر الإتحاد**

تحية طيبة و بعد ...

بدايـة نهنئكـم بمناسـبة الذكـرى الخامسـة والعشريـن لتأسـيس إتحادكـم القومـي الدمقراطـي الكوردسـتاني وكلنـا أمـل في إسـتمرار مسـيرة نضالكـم مـن أجـل تحقيـق أهـداف شـعبنا الكردسـتاني العادلـة.

في هـذه المرحلـة الحساسـة والمهمـة مـن تاريـخ نضـال ومقاومـة شـعبنا, مسـؤوليتنا مشـتركة ونتقاسـمها كقـوى مجتمعيـة وأحـزاب سياسـية مـن أجـل العمـل الـدؤوب والمتواصـل في سـبيل الوصـول الى وحـدة الصـف الكـوردي والـذي هـو مـن أساسـيات وأولويـات نضالنـا وكفاحنـا والـذي علينا أن نعمـل معـا مـن أجـل وحـدة البيـت الكـوردي، إن هـذه المرحلـة التـي نمـر بهـا وتمـر بهـا البشريـة, مثلـما كانـت هنـاك في المـاضي حـروب وأخطـار تحـدق بنـا, الآن نحـن في مواجهـة فـيروس كورونـا والـذي يشـكل خطـورة عـلى البشريـة جمعـاء, يتطلـب تكاتـف وتعـاون الجميـع في مواجهـة هـذا الوبـاء.

إن مرور الذكرى السنوية الخامسة والعشرون لتأسيس إتحادكم خلال هذه المرحلة, نحن على ثقة كبيرة بأننا سوف نتجاوز هذه المرحلة الصعبة والحساسة في تاريخ شعبنا المعاصر, مثلما تجاوزنا مراحل سابقة خطيرة. المهم لدينا وبالدرجة الأولى وحدة صف البيت الكوردي وإرادة شعبنا, فلنعمل جنبا الى جنب من اجل هذه الوحدة المهمة لمصير شعبنا وقضيته العادلة ونحن على ثقة بأنكم سوف تعملون من اجل هذه الوحدة.

مرة اخرى نبارك لكم هذه الذكرى السنوية الخامسة والعشرون ومن خلالكم لكافة أعضائكم ومناصريكم ونتمنى لكم النصر.

**الرئاسة المشتركة**

**لحركة المجتمع الديمقراطي TEV- DEM**

**زلال جكر غريب حسو**

**٢٥ / ٣ / ٢٠٢٠ قامشلي**

# پەیامی پیرۆزبایی پارتیا یەکیتیا دەمۆکراتیك PYD

**بـۆ بەڕێـزان سـەرکردایەتی, ئەنـدام, تـەواوی دۆسـت و ئالیگرێـن یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان**

ئێمـە وەکـو پارتیـا یەکیتیـا دەمۆکراتیـك PYD ؛ (۲۵)ەمیـن سـاڵڤەگەری دامەزرانـدنی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان پیـرۆز دەکەیـن.
بێگومـان لـە قۆناخێکـی وەهـا گرینگـدا کـەوا کوردسـتان و رۆژهـەڵاتی ناڤینـی تێـدا دەربـاز دەبێـت, ئێمـە پێویسـتیمان بـە یەکڕیـزی و یەکێتـی ناوماڵـی کـوردان هەیـە, بەتایبـەتی پێویسـتیمان بـە بەسـتنی کۆنگرەیەکـی نەتەوەیـی کوردسـتانی هەیـە کـەوا تێیـدا سـتراتیژیەتێکی کوردسـتانی هاوبـەش بێتـە دەستنیشـان کـردن، ئێمـە لـەم باوەڕەدایـن کـەوا لـەم پێنـاوەدا هەڤـاڵانی یەکیتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە کارو خەبـاتی خۆیانـدا بـەردەوام دەبـن و بـۆ پێشـەوە دەچـن.
ئێمـە لـە رۆژاڤایـێ کوردسـتانێ دا بـە قۆناخێکـی پـڕ هەسـتیاردا دەربـاز دەبیـن, لەلایەکـەوە وەک دەزانـن ئەزمـوونی رێڤەبـەری خۆسـەر دامـەزراوە و بەردەوامـە لـە کارو بەرخـودانی خـۆی و رێکخـراوی تیرۆریسـتی بەنـاو (داعـش) ی تێکشـکاند و کۆمەڵـگای کـوردی پاراسـت, بـەڵام لـە بەرامبـەردا ئەمـەدا

هێرشی داگیرکاری دەوڵەتی تورک بۆ سەر خاکی رۆژاڤایێ کوردستانێ هاتیە سەپاندن و بەردەوامیشە لە هەڕەشەکردن, هەروەها نەخۆشی کۆرۆنا ئەویش مەترسییەکی مەزنی لەسەر جیهان دروست کردووە.

لە قۆناخێکی وادا ئێمە لەو باوەڕەداین کەوا پێویستە هەموو لایەکمان پێکەوە کاربکەین و بە تێکۆشانێکی هاوبەش هاوکاربین بۆئەوەی دەستکەوتەکانمان بپارێزین و زەحمەتییەکان دەرباز بکەین و گەلی خۆمان بە ئازادی بگەیەنین.

جارێکی دیکە ئێمە وەکو PYD، (٢٥)ەمینساڵڤەگەری دامەزراندنی یەکێتییەکەتان پیرۆز دەکەین و هیوای سەرکەوتن بۆ خەبات و تێکۆشانتان دەخوازین.

لەگەڵ رێزو سلاوی دووبارەماندا.

**پارتیا یەکیتیا دەمۆکراتیك (PYD)**

**٢١ ئادار ٢٠٢٠ قامشلۆ**

# پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

**بەڕێز مەکتەبی سیاسی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**

وێڕای سڵاوێکی گەرم و برایانە ...

بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە بۆنەی جێژنی نەتەوەیی نەورۆز، هێمای ژیانەوەو بەرخودان دژی زوڵم و زۆرداری، گەرمترین پیرۆزباییتان لێدەکەین و هیواداریـن ساڵێکی پڕ لە دەسکەوت و سەرکەوتن بۆ گەل و نیشتمانە ئازیزەکەمان بێت.

هەروەها بە بۆنەی یووبیلی زیوینی ٢٥ ساڵەی دامەزراندنی پارتە تێکۆشەرەکەتان پیرۆزباییتان لێدەکەین و هیواداریـن پارتە خەباتگێرەکەتان هەروەک تا ئێستا لە مەتەرێزی داکۆکیکردن لە ماف وداخوازییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و بنەما سیاسی ودیموکراتییەکاندا ڕۆڵی بنیاتنەری گێڕاوە، هەروا درێژەدەری ڕێبازی نەتەوەیی و نیشتمانی بێت.

نەورۆزتان پیرۆزبێت

بەرزو پیرۆزبێت یووبیلی زیوینی ٢٥ ساڵەی یەکێتییە تێکۆشەرەکەتان.

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**

**٢٤ / ٣ / ٢٠٢٠**

# پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دیموکراتی کوردستان

**بەڕێز مەکتەبی سیاسی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**

لەگەڵ ڕێز و سڵاو ...

بەبۆنەی ۲٥ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان پێشکێش بە ئێوەی بەڕێزان دەکەین.

یادی دامەزراندنی حزبەکەتان هاوکاتە لەگەڵ هاتنەوەی نەورۆز و دەبینین کە جارێکی دیکە، کوردستانی خۆشەویست، دەستەملانی نەورۆز، جێژنی جوانی و نوێبوونەوە بۆتەوە.

ئەگەرچی ئەمساڵ سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کۆرۆنا مەترسییەک لەسەر گیان و ژیانی خەڵکی کوردستان دروست بووە، بەڵام نەتەوەی کورد وەک لە مێژوودا سەلماندوویەتی بە ژیری و خۆڕاگری بەسەر قۆناغەکاندا تێپەڕیوە، بەو هیوایەی وەک چۆن نەورۆز هێمای مقاوەمەت و مانەوەی کوردە، بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانیش بە یەکیەتی و برایەتیی نێوانیان بەرەو جێژنی هەرە گەورەی سەرکەوتن هەنگاو بنێ.

جارێکی دیکە بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی نەتەوەیی

دیموکـراتی کوردسـتان و، هاتنـی نـەورۆز و دەسـپێکی سـاڵی ۲۷۲۰ی کـوردی، لـە قوڵایـی دڵمانـەوە پیرۆزباییتـان لێدەکەیـن، بـۆ ئێـوە و سـەرجەم هاوڕێیانتـان بەرەوپێشـچوون و سـەرکەوتن لـە خەبـات لەپێنـاوی ئامانجـە پیـرۆزەکان لـە سـاڵی نوێـدا، بـە ئـاوات دەخوازیـن.

**دەفتەری سیاسی**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**۲۰ / ۳ / ۲۰۲۰**

# پەيامی پيرۆزبايی يەكگرتووی ئيسلاميی كوردستان

**بەناوی خوای گەورەو ميهرەبان**

**زۆر بەڕێز كاك غەفوور مەخمووری سكرتێری يەكێتی نەتەوەيی دیموكراتی كوردستان**

**بەرێز مەكتەبی سياسی يەكێتی نەتەوەيی ديموكراتی كوردستان**

سڵاو و ڕێزی برايانە ...

بەبۆنەی يۆبيلی زيوين، ٢٥هەمين ساڵيادی دامەزراندنی يەكێتييە تێكۆشەرەكەتان يەكێتی نەتەوەيی ديموكراتی كوردستان YNDK، جوانترين و گەرمترين پيرۆزباييتان ئاراستە دەكەين و هيوای سەركەوتنی بەردەوامتان بۆ دەخوازين لە خزمەتكردنی زياتری گەل و وڵات، حەزمان دەكرد لەو بۆنەيەدا سەردانتان بكەين و لە نزيكەوە پيرۆزبايتان لێبكەين، بەڵام بەداخەوە بەهۆی پەتای كۆڕۆنا و قەدەغەی هاتوچۆ نەتوانرا. ئومێدەوارين پەيوەندييەكانی هەردوولا هەميشە لە پێشكەوتن دابێت .

دووبارە پيرۆز بێت يۆبيلی زيوينی دامەزراندنتان.

**ئەنجوومەنی جێبەجێكردنی**

**يەكگرتووی ئيسلاميی كوردستان**

**٢٠٢٠/٣/٢١**



# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز محیەددین شێخ ئالی سکرتێری پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا (یەکێتی)

**برایــێ هێــژا غەفــوور مەخمــووری ســکرتێری گشــتیی یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکــراتی کوردســتان**

سلاڤ و رێز ...

بەبۆنـەی ٢٥ەمیـن سـاڵیادی دامەزرانـدنی دامەزرانـدنی یەکێتییـە تیکۆشـەرەکەتان, پیرۆزبایــی لــە جەنابتــان و تــەواوی ئەنــدام و لایەنگرانتــان دەکەیــن و هیــوای پێشــکەوتنتان بــۆ دەخوازیــن, ئومێــد دەکەیــن کارو خەباتتــان وەک هەمیشــە لــە خزمــەتی دۆزی رەوای کــورد و کوردســتان بێــت, بــۆ چەســپاندنی ئاشــتی و ئــازادی و وەکهەڤیـــێ.

هەروەهــا ئێمــە نــەورۆزی هەمــوو لایەکتــان پیــرۆز دەکەیــن و، باوەڕمــان وایــە کــەوا, پاشــەرۆژ بــۆ تێکۆشــانی گــەلی ئێمەیــە.

هەر شاد و بەختەوەر بن.

**براتان**

**محیەددین شێخ ئالّی**

**سکرتێری پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا (یەکێتی)**

**٢١ / ٣ / ٢٠٢٠ قامشلۆ**

# پەیامی پیرۆزبایی پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا (یەکێتی)

**زۆر بەڕێز کاک غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK ی برا**

**بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و هەڤاڵ و لایەنگرانی YNDK**

سڵاوو رێز ...

بەبۆنەی یۆبیلی زیوینی دامەزراندنی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK و جەژنی نەورۆز گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی جەنابتان و گەلی کورد و کوردستان دەکەین و، هیڤیدارین ساڵی تازە ساڵی سەرکەوتنی گەلی کورد و کوردستان بێت بەسەر زوڵم و زۆرداریدا، ببێتە ساڵی یەکهەڵوێستی کوردان لە هەر چوار پارچەی کوردستان و، ببێتە ساڵی جیهانێکی پڕ لە ئاشتی و ئارامی و دوور لە جەنگ و شەڕ ... دووبارە پیرۆز بێت یۆبیلی زیوینی دامەزراندنی YNDK .

**بژی کورد ... بژی کوردستان**

**مەکتەبی سیاسیی**

**پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا (یەکێتی)**

**٢٠-٣-٢٠٢٠ قامشلو**

# پەیامی پیرۆزبایی هەڤبەندی نیشتمانی کورد لە سوریا (Hevbendî)

سڵاوو رێز ...

**الأخ العزيز والقدير غفور مخموري المحترم السكرتير العام للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني الشقيق**

**الأخوة أعضاء القيادة وكوادر وقواعد الاتحاد YNDK المناضلون**

تحية طيبة وبعد:

يسرنا في رئاسة التحالف الوطني الكردي في سوريا ( Hevbendî ) أن نتقدم إلى شخصكم الكريم، وإلى كافة أعضاء حزبكم الشقيق ومحبي نهجكم القومي الكوردايتي في عموم كوردستان بمناسبة اليوبيل الفضي لميلاد اتحادكم، متمنين لكم النجاح والتوفيق في مسيرتكم النضالية، وكلّنا أمل في مساعيكم الوحدوية بين أطراف الحركة القومية الكوردستانية أن تتكلل بالنجاح، وأيادينا ممدودة للتعاون مع كل جهدٍ يُبذل في سبيل التقارب والتعاون بين الأحزاب والأطراف الكوردستانية لتحقيق آمال وتطلعات شعبنا الكوردي.

وتفضلوا بقبول فائق الاحترام والتقدير لكم ولكافة رفاقكم .

**هيئة الرئاسة**

**للتحالف الوطني الكردي في سوريا (Hevbendî )**

**٢٠٢٠/٤/٥ قامشلو**



# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز د. عەبدولڕەزاق ئەلشەمەری ئەمینداری گشتیی گردبوونەوەی هێزە عێراقییەکان بۆ رزگاری

بسم الله الرحمن الرحيم

**الاستاذ غفور مخموري السكرتير العام للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني المحترم**

باسمي وباسم قيادات وأعضاء تجمعنا (تجمع القوى العراقية للإنقاذ ورفض التوسع الايراني) نتقدم بأحر التهاني وأطيب التمنيات لشخصكم الكريم ولجميع قيادات وكوادر اتحادكم ومؤيديكم بمناسبة الذكرى الخامسة والعشرين لتأسيس اتحادكم الاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني، سائلين العلي القدير دوام التقدم والنجاح في جميع خطواتكم المستقبلية، انه سميع مجيب، وكل عام والشعب الكوردي وجميع الشعوب المناضلة بخير.

نوروز مبارك.

**د. عبد الرزاق رحيم الشمري**

**امين عام تجمع القوى العراقية للإنقاذ ورفض التوسع الايراني**

**٢١ / آذار / ٢٠٢٠م**



# پەیامی پیرۆزبایی نووسەرو سیاسەتمەداری ئوردەنی
# بەڕێز حەمادە فەراعنە

**الاخ غفور مخموري السكرتير العام لاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني المحترم**

تحية وبعد ...

بمناسبة تأسيس حزبكم اتمنى لكم مواصلة العمل المدني السلمي الديمقراطي لتحقيق تطلعات شعبكم الكوردي من اجل المساواة والكرامة والشخصية القومية المستقلة التي تستحقونها ... وان عثرات الزمن لا تعني التخلي عن المبادئ او الحقوق بل إن مواصلة النضال العملي الواقعي هو الذي يوفر الفرص لإنجاز المهام الوطنية العادلة... لك ولحزبك ولشعبك الكوردي الشقيق كل الأمنيات من اجل انتصار قضيتكم الكوردية العادلة.

**أخوكم**

**حمادة فراعنة**

**كاتب سياسي**

**٢١ / ٣ / ٢٠٢٠ عمان - الاردن**



# پەیامی پیرۆزبایی نووسەرو سیاسەتمەداری فەلەستینی بەڕێز عومەر ئەلغۆل

**الأخ غفور مخموري السكرتير العام للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني المحترم**

تحية اخوية طيبة ...

بمناسبة ذكرى تأسيس حزبكم الـ٢٥ اتقدم من شخصكم الكريم ومن أعضاء الهيئات القيادية لحزبكم باحر التهاني والتبريكات بالمناسبة الحزبية والوطنية، راجيًا لكم ولحزبكم المزيد من التقدم والنجاح في تعزيز دوره ومكانته في أوساط الشعب الكوردستاني الشقيق.

كما وارجو ان يتمكن حزبكم وباقي القوى الكوردستانية من تحقيق الاهداف القومية لشعبكم المجيد.

ودمتم ودام نضالكم لتحرير شعبكم.

**اخوكم**

**عمر حلمي الغول**

**عضو المجلس المركزي لمنظمة التحرير الفلسطينية**

**٢١ / ٣ / ٢٠٢٠ رام الله - فلسطين**



# پەیامی پیرۆزبایی بالیۆز نەزمی حەزووری
# کۆنسڵی گشتیی فەلەستین لە کوردستان

**الأخ العزيز المناضل الغالي غفور مخموري أدامكم الله**

**السكرتير العام للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني**

تحية طيبة ...

بمناسبة الذكرى الخامسة والعشرين لتأسيس الاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني، يشرفني وبأسم القنصلية العامة لدولة فلسطين، أن أتقدم اليكم ولكافة الرفاق الأعزاء أعضاء المكتب السياسي والهيئة القيادية وكوادر وأعضاء وأنصار الاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني أطيب التهاني والتبريكات بهذه المناسبة الهامة.

ونبارك هذا التأريخ النضالي عبر مسافة الزمن ٢٥ عاماً، من العطاء من أجل شعبكم الكوردستاني وبما مثلتم من مواقف هامة تعزز الترابط العربي الكوردي، وبتقدير عال نثمنُ وعبر مسيرتكم موقف الدعم والمساندة لنضال شعبنا الفلسطيني، وحقوقه الوطنية بالحرية والاستقلال، والقدس العاصمة لدولة فلسطين، وهي من مواقف ثابته لحزبكم، وبما مثلتَ بدورك سكرتيراً عاماً للاتحاد من الوقوف الى جانب القضايا الوطنية والانسانية للشعوب الصديقة.

الأخ العزيـز غفـور مخمـوري السـكرتير العـام للاتحـاد القومـي الديمقراطـي الكوردسـتاني، ونحـن نهنئكـم بهـذه المناسـبة أيضـاً نثمـن باعتـزاز وتقديـر العلاقـة الثنائيـة والتـي نعتـز ونفتخـر بهـا مؤكديـن اسـتمراريتها وتعزيزهـا بكافـة المجـالات، ثبـات واسـتمرار للعلاقـة التأريخيـة بـين شـعبينا الفلسـطيني والكوردسـتاني.

ودمـت في مسـيرة العطـاء مـن أجـل شـعبكم ودوركـم الـذي محـط تقديـر الجميـع.

**السفير نظمي حزوري**

**القنصل العام لدولة فلسطين**

**٢٢ / ٣ / ٢٠٢٠ أربيل - كوردستان**



## پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز عەبدولوەدود کوردی
## سەرۆکی کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی ئوردەن

**الأخ غفور مخموري السكرتير العام للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني المحترم**

بمناسبة الذكرى الخامس والعشرين لتأسيس الإتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني، نبعث اليكم احر التهاني والتبريكات، ومتمنين لكم الدوام والنجاح في مهمتكم خدمة كوردستان حرة ديمقراطية أبية عصية على الأعداء. وتفضلوا بقبول فائق احترامنا وتقديرنا لشخصكم الكريم ولكافة أعضاء حزبكم الموقر ولأبناء كوردستان الأبية.

**المهندس عبدالودود الكوردي**
**رئيس الجمعية الأردنية الكردية للثقافة**
**٢٥ / ٣ / ٢٠٢٠ عمان – الأردن**



# پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز داما کوردی
# بەڕێوەبەری کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی ئوردەن

**الأخ المناضل غفور مخموري السكرتير العام للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني المحترم**

بمناسبة الذكرى الخامس والعشرين لتأسيس الإتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني، أرسل لكم باقة عطرة من التقدير والاحترام لكم ولأعضاء المكتب السياسي وقيادة الحزب وأحيي مواقفكم الباسلة في سبيل خدمة كوردستان والقضية الكردية على مر الزمن.

تعملون ليل نهار وتصلون الأيام والأسابيع بعمل دؤوب يهدف الى خدمة أبناء شعبنا العظيم وتوحيد جميع أطراف كوردستان وتلبية احتياجات أبناء مجتمعكم من خلال النضال والكفاح والرسائل الإعلامية التي لا تقل أهمية عن حمل السلاح.

بوركتم وبوركت جهودكم الطيبة الواضحة آثارها في كل مكان.

وتفضلوا بقبول فائق احترامنا وتقديرنا لشخصكم الكريم ولأعضاء حزبكم الموقر ولأبناء كوردستان الأبية.

**داما الكوردي**

**مديرة الجمعية الأردنية الكردية للثقافة**

**۲۱ / ۳ / ۲۰۲۰ عمان - الأردن**

# پەیامی پیرۆزبایی کوردانی ئاسیای ناڤین


پرۆفیسۆر د. نادری نادرۆڤ


شێخ رەمەزان سەیدۆڤ


پرۆفیسۆر د. کنیاز ئیبراهیمۆڤ


رەمەزان کەریمۆڤ


پرۆفیسۆر د. ئەزیزێ زیۆ بەدرخان


تاهیر سلێمانۆڤ

## بـــرای بەڕێزمـــان کاک غەفـــوور مەخمـــووری ســـکرتێری گشـــتیی یەکێتـــی نەتەوەیـــی دیموکـــراتی کوردســـتان YNDK

سڵاوو ڕێزێکی گەرم ...

ئێمـە وەکـو کـوردانی ئاسـیای ناڤیـن ؛ کـەوا ژمارەمـان دەگاتـە ٢٥٠٠٠٠ دووسـەد و پەنجـا هـەزار کـورد، ٢٥ سـاڵەی دامەزرانـدنی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکـراتی کوردسـتان YNDK لـە جەنابتـان و ئەندامـانی مەکتـەبی سیاسی و سـەرکردایەتی و دۆسـت و لایەنگرانتـان و هەمـوو گـەلی کوردسـتان پیـرۆز دەکەیـن.

یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکـراتی کوردسـتان YNDK سـەبارەت بـە پـرسی نەتەوەیـی لـە هەمـوو بەشـەکانی کوردسـتان و کـوردانی دیاسـپۆرا لـە وڵاتـانی سـۆڤیەتی بـەرێ رۆڵێکـی گرنگـی هەبـووە، ئێمـە دەمانەوێـت ئـەوە بـە بیـر بهێنینـەوە کاتـێ لـە کۆمـاری قرغیزسـتان لـە سـاڵی ٢٠١١ کـە دەیانویسـت شـۆڕش بکـەن و سـەرۆککۆمار لەسـەر کار لاببـەن دەیانویسـت کـورد وەکـو سـووتەمەنی بەکاربهێنـن، لـەو کاتـەدا ئێمـە پەیوەندیـمان بـە بەڕێـز غەفـوور مەخمـووری کـرد و بـە پەلـە نامەیەکـمان نـارد بـۆ بەڕێـز مەخمـووری و بەڕێـز سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان و سـەرۆکی حکومـەت و سـەرۆکی پەرلەمـانی کوردسـتان، لەوکاتـە لـە قرغیسـتان هێرشـیانکردبووە سـەرکوردان و کوردیـان دەکوشـتن و ماڵـی کوردانیـان تـاڵان دەکـرد، بەڕیـز مەخمـووری نامەکـەی ئێمـەی گەیانـدە سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان جەنـابی کاک مەسـعوود بـارزانی و هەروەهـا دەنگـی ئێمـەی گەیانـدە پەرلەمـان و حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان، ئەوەبـوو سـەرۆک بـارزانی و حکومـەت و پەرلەمـانی کوردسـتان لـە رێگـەی خۆیانـەوە پەیوەندییـان کـرد بـە حکومـەتی قرغیزسـتان و وتیـان کـوردانی قرغیزسـتان بێخـاوەن نیـن، لـە ئەنجامـی ئـەو هـەوڵ و پەیوەندییانـە کوشـتنی کـوردان و تاڵانکـردنی ماڵـی کوردانـە هاتـە وەسـتاندن.

ئێمە باسی ژمارەی ٢٥٠٠٠٠ دووسەد و پەنجا هەزار کوردمان کرد کورد لە ئاسیای ناڤین لەوە زیاترن، بۆ نموونە لە زەمانی شا عەباس تەنها لە تورکمانستان ٥٠٠٠٠٠ پێنجسەد هەزار کورد هەبوون، بەڵام بەشێکیان بۆ هۆراسان راگواست و هەندێکی دیکەشیان بۆ شوێنانی دیکە نارد، دەتوانین بڵێین گۆڕانکارییەکانی سۆڤیەتی پێشوو وایکرد ژمارەیەکی زۆری کوردان ئاوارەو دەربەدەربن، ئەوەش بووە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی کوردان لە ئاسیای ناڤین، ئێمە ئەوکات وەکو کوردانی ئاسیای ناڤین ؛ کوردانی قرغیزستان و کازاخستان و ئۆزبەگستان و تورکمانستان سوپاسی پشتیوانی بەڕێز مەخمووریمان کرد، هەڵوێستی بەڕێز جەنابی سەرۆک مەسعوود بارزانی و ئەو پشتیوانییەی باشووری کوردستان و بەدەنگەوەهاتنی بە پەلەی بەڕێز مەخمووری بۆ ئێمە هێزێک بوو لەبیری ناکەین، ئێستاش جارێکی دیکە سوپاسی بەڕێز مەخمووری و یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK و تەواوی کوردانی باشووری کوردستان دەکەین.

بمناسبة الذكرى الخامسة والعشرين لتأسيس اتحادكم الاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني وبمناسبة أعياد نوروز يسعدني ان أتقدم لكم ولرفاقكم في الاتحاد ولجميع افراد عائلتكم الكريمة بأطيب التهاني والتبريكات بهذه المناسبة الكريمة سائلًا الله ان يعيدها عليكم وانتم باحسن الأحوال.

مع خالص الود والاحترام

**اخوكم**

**د. منذر احمد المطلك الناصري**

**٢١ / ٣ / ٢٠٢٠ عمان - الأردن**

# پەیامی پیرۆزبایی پارتی نەتەوەیی کوردستان

**بەڕێز کاك غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**

سڵاوێکی گەرم ...

بەناوی مەکتەبی سیاسی پارتی نەتەوەیی کوردستان ٢٥ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتییە تێکۆشەرەکەتان (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان) گەرمترین پیرۆزبایی لە خۆتان و هەڤاڵانتان دەکەین و هیواداریین هەمیشە لە سەرکەوتن و گەشەسەندندابن.

ئەم یادە لەکاتێکدا دەکرێتەوە کە ناوچەکە بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ و کوردستانیش لەو ناوەندەدا لەناو کۆمەڵێک گرفت و قەیراندایە، کە ئێمە پێمانوایە باشترین وەڵام بۆ ئەم قۆناغە یەکڕیزی و هاو هەڵوێستی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە، کە پێکەوە ڕووبەڕووی پێشهاتەکان ببینەوە.

هەر لەم بۆنەیەدا دەخوازین پەیوەندی هەردوولامان پتەوتر بێت لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکییەکانی نەتەوەکەمان کە خۆی لە کوردستانێکی سەربەخۆدا دەبینێتەوە.

دووبارە پیرۆزەو سەرکەوتووبن.

**مەکتەبی سیاسی**

**پارتی نەتەوەیی کوردستان**

**٢٠ / ٣ / ٢٠٢٠ سلێمانی**

# پەیامی پیرۆزبایی حزبی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردستان

**بۆ بەڕێز مەکتەبی سیاسی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**

دوای سڵاوو ریز ...

بەڕێزان بەبۆنەی جەژنەکانی نەورورۆز سەری ساڵی نوێی کوردی و یادی (٢٥) ساڵەی دامەزراندنی یەکێتییەکەتان یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، بەناوی خۆمان و سکرتێر و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و سەرجەم ئەندام و دۆست و هەوادارانی حزبمان گرمترین و جوانترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین، هیواداریـن سەرکەوتووبن لە کارو خەبات و تێکۆشان لەپێناو بەدەستهێنانی خواستە رەواکانی گەلەکەمان.

دووبارە پیرۆزبێت ... سەرکەوتووبن.

**مەکتەبی سیاسی**

**حزبی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردستان**

**١٩ / ٣ / ٢٠٢٠ سلێمانی**

## پەیامی پیرۆزبایی پارتی سەوزی کوردستان

**بەڕێز کاك غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**

**بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی YNDK**

سڵاوو ڕێز ...

بەبۆنەی (٢٥)هەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، بەناوی پارتی سەوزی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی یەکێتییەکەتان و سەرجەم کادیر و ئەندام و لایەنگرانتان دەکەین، هیواخوازین لە ساڵیادی دامەزراندنیدا یەکێتییە تێکۆشەرەکەتان گەشەی زیاتر بە خۆیەوە ببینێت.

هەر لەم بۆنەیەدا بە پێویستی دەزانین زیاتر برەو بە پەیوەندییەکانمان بدەین لەگەڵ یەکێتییە تێکۆشەرەکەتان لەژینگەیەکی تەندروست لەپێناو بەدەستهێنانی مافی ڕەوای گەلەکەمان لە هەرچوار پارچەی کوردستان.

دووبارە پیرۆزباییمان قبوڵ بفەرموون بە هیوای سەرکەوتن بۆتان.

**پارتی سەوزی کوردستان**

**٢١ـ ٣ـ٢٠٢٠**

# پەیامی پیرۆزبایی بزووتنەوەی چاکسازی نیشتمانی

**بەڕێز کاك غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**

**بەڕێزان مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتیی YNDK**

سڵاوێکی گەرم ...

بەبۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان)، پیرۆزباییەکی گەرمتان لێدەکەین و هیواداریین بەردەوامبن لە خەبات شان بە شانی لایەنە سیاسییەکانی تری کوردستان بۆ خزمەتکردن بە گەل و نیشتمان. جارێکی تر پیرۆزباییتان لێدەکەین و شاد و سەرکەوتووبن.

**ناوەندی باڵای**

**بزووتنەوەی چاکسازی نیشتمانی**

**٢٤ / ٣ / ٢٠٢٠ سلێمانی**



## پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز عارف باوەجانی
## سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان

**بەڕێــز کاک غەفــوور مەخمــووری ســکرتێری گشــتیی یەکێتــی نەتەوەیــی دیمۆکراتــی کوردســـتان**

**بەڕێــزان ئەندامانــی مەکتەبــی سیاســی یەکێتــی نەتەوەیــی دیمۆکراتــی کوردســـتان**

سڵاوو رێز ...

بە ناوی خۆم و گشـت هەڤاڵانم لە ئەنجوومەنی سـەرکردایەتی پارتی سەربەسـتیی کوردسـتان، پیرۆزبایـی یـادی ٢٥ سـاڵەی دامەزراندنـی یەکێتییـە خۆشەویسـت و نەتەوەییەکەتـان دەکەیـن.

هەروەهـا پیرۆزبایـی جەژنـی نـەورۆز و سـەری سـاڵی کوردەواریتـان ئاراسـتە دەکەیـن. هیواخوازیـن کـە یەکێتـی نەتەوەیـی دیمۆکراتـی کوردسـتان، لـە هەنـگاوە گرنگـە نەتەوەییەکانـی بـەردەوام بێـت، وەک هەمیشـە ڕۆڵ و پێگـەی بەهێزبێـت لـە کۆکردنـەوەو یەکدەنگکردنـی ماڵـی کـورد.

بەرز و شکۆداربێت یادی ٢٥ ساڵەی یەکێتی نەتەوەیی دیمۆکراتی کوردستان.

**عارف باوەجانی**

**سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان**

**نەورۆزی ٢٧٢٠ی کوردی، ٢٠٢٠ی زاینی**



# پەیامی پیرۆزبایی نووسەرو مامۆستای زانکۆ بەڕێز پرۆفیسۆر د. کەمال سەعدی

**بـــرای بەڕێـــزم کاك غەفـــوور مەخمــووری ســـکرتێری گشـــتیی یەکێتـــی نەتەوەیـــی دیموکـــراتی کوردســـتان**

سلاوێکی گەرم ...

بەبۆنــەی تێپەڕبــوونی (٢٥) ســاڵ بەســەر دامەزرانــدنی یەکێتــی نەتەوەیــی دیموکــراتی کوردســتان (YNDK)ی تێکۆشــەر، پیرۆزبایــی لــە خــۆت و هەڤــاڵانی یەکێتییــە تێکۆشــەرەکەتان دەکــەم و هیــوای ســەرکەوتنتان بــۆ دەخــوازم لەپێنــاوی ســەربەخۆیی کــورد و کوردســتان.

لەگەڵ ڕێزمدا.

**براتان**

**پرۆفیسۆر د. کەمال سەعدی**

**٢١ – ٣ – ٢٠٢٠**



## پەیامی پیرۆزبایی مامۆستای زانکۆ پرۆفیسۆر د. عەبدولغەنی عومەر ئیسماعیل

**بەڕێز کاك غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**

**بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**

سلاو...

بەبۆنەی جەژنی نەورۆزوسەری ساڵی کوردی و یۆبیلی زیوین (٢٥) بیست و پێنجەمین ساڵیادی دامەزراندن یەکیتییە تێکۆشەرەکەتان یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان (YNDK)، جوانترین پیرۆزبایی لەبەڕێزتان و گشت ئەندام و دۆست و لایەنگرانتان دەکەین، هیواداریـن هەموو ساڵێك ئەو بۆنە پیرۆزانە بەخێر و خۆشي یادبکەینەوە و سەرکردایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی راستەقینەی گەلی کورد یەك وتارو یەك رەفتارو هەڤاڵانە و دەست لەناو دەست هەنگاوی راست و دروست و کوردانە پەیڕەو بکەن بۆ زووتر گەیشتن بەئاوات و ئامانجەکانی لەمیژینەی گەلەکەمان کە رزگاری وسەربەخۆیی گەل و ولاتە.

دووبارە پیرۆز بیت، هەر سەرکەوتوو بن.

**پرۆفیسۆر د. عەبدولغەنی عومەر ئیسماعیل**

**کۆلێجي زانست / زانکۆی سەلاحەددین-هەولیر (٢١ – ٣ – ٢٠٢٠)**



# پەیامی پیرۆزبایی نووسەرو شاعیر
# بەڕێز عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی

**بەڕێز غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK**

**بەڕێزان مەکتەبی سیاسی و ئەندام و کادرو لایەنگرانی YNDK**

سڵاوێکی گەرم.....

بەبۆنەی ساڵیادی حیزبە تێکۆشەرەکەتان گەرمترین پیرۆزبایی لە بەڕێز سکرتێری گشتی حزب و مەکتەبی سیاسی و کادران و ئەندامان و لایەنگرانی حزبە تێکۆشەرەکەتان یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK دەکەین، بەهیوای بەدیهاتنی ئامانجە نەتەوەییەکانمان و کوردستانێکی سەربەخۆ، کە حزبە تێکۆشەرەکەتان لەپێناویدا خەباتی کردووە و هەوڵی بۆداوە.

ئیتر بەهیوای سەرکەوتن و خۆشبەختیتانین.

**براتان**

**عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی**

**نەورۆزی ۲۰۲۰**



# پەیامی پیرۆزبایی نووسەرو رۆژنامەنووسی کوردی ئوردەن
# بەڕێز خالید ئیسحاق شێخۆ

**الأخ غفور مخموري المحترم**

**السكرتير العام للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني**

تحية طيبة ...

بمناسبة الذكرى الخامس والعشرين لتأسيس الإتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني، نبعث اليكم التهاني والتبريكات، ومتمنين لكم مزيد من التقدم والدوام والنجاح في خدمة كوردستان حرة ديمقراطية.

وتفضلوا بقبول فائق الاحترام والتقدير لكم ولكافة أعضاء حزبكم الكريم ولأبناء كوردستان الشامخه .

**خالد اسحق شيخو**

**كردي أردني**

**اتحاد الكتاب الاردنيين**

**٢١ / ٣ / ٢٠٢٠**



# پەیامی پیرۆزبایی چیرۆکنووس و رۆماننوس
# بەڕێز نور شەوقی گۆرانی

**الاستاذ المناصل غفور مخموري السكرتير العام للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني**

**كوادر وأعضاء الاتحاد**

تحية طيبة ...

أقدم لكم أحر التهاني بمناسبة مرور خمسة وعشرون عاما على تأسيس حزبكم، حيث اتسم بالمواقف الجريئة والم بقضايا الشعب الكوردي في باشور والمطالبة بحق تقرير مصيره والمطالبة بفيدرالية لإقليم كوردستان ومطالبة الحقوق المشروعة للشعب الكوردي في الاجزاء الأخرى من كوردستان، كما كان للحزب و قيادته مواقف مشرفة اتجاه اللاجئين الكورد في خدمة قضايا شعبكم الكورد .

اكرر تهنئتي الى جنابكم والى كل كوادر وأعضاء الحزب واتمنى لكم التوفيق في مساعيكم وخدمتكم لشعبكم.

الله ولي التوفيق.

**القاص والروائي نور شوقي كوراني**

**٢١ / ٣ / ٢٠٢٠**

# پەیامی پیرۆزبایی بزوتنەوەی نوێبوونی کوردستان

**بـرای بەڕێزمـان غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK**

**بەڕێز مەکتەبی سیاسی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**

سڵاوی سەربەخۆیی و ئازادی ...

بەبۆنــەی هاتنــی جەژنــی نــەورۆز و ســەری ســاڵی کــوردی و ســاڵرۆژی دامەزراندنـی یەکێتییـە تێکۆشـەرەکەتان (یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان) گەرمتریـن و جوانتریـن پیرۆزبایـی ئاراسـتەی بەڕێزتـان و گشـت ئەنـدام و دۆسـت و جەماوەرتـان دەکەیـن، داواکاری پێشـڤەچوون و سـەرکەوتنی بـەردەوام بـۆ یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDK دەخوازیـن.

ئـەو بۆنـە بەدەرفـەت دەزانـین جارێـکی تـر جەخـت لەسـەر پتەوکـردن و بەرەوپێشـەوەبردنی پەیوەنـدی دۆسـتانەی نێـوان (بزوتنـەوەی نوێبـوون و یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان)ی دۆسـت و هاوپەیـمان دووپـات بکەینـەوە لەپێنـاو خزمەتکـردن بەئامانـج و بەرژەوەندییـە بـاڵاکانی گـەلی کوردسـتان.

**ئەنجوومەنی سەرکردایەتی**

**بزوتنەوەی نوێبوونی کوردستان**

**٢٠ / ٣ / ٢٠٢٠**

# پەیامی پیرۆزبایی پارتی کۆماری کوردستان

**بۆ بەڕێز مەکتەبی سیاسی یەکێتی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان**

سڵاوی هاوخەباتیانەی گەرم ....

بەبۆنـەی( ٢٥)میـن سـاڵیادی دامەزراندنـی یەکێتییـە خەباتگێڕەکەتـان (یەکێتـی نەتەوەیی دێموکراتـی کوردسـتان) بەنـاوی خۆمانو تەواوی ئەنـدامو لایەنگرانی پارتی کۆماری کوردسـتان، جوانتریـن پیرۆزبایتـان ئاڕاسـتە دەکەیـنو خوازیارین سـاڵیادی دامەزراندنی ئەمسـاڵتان هاندەر بێـت بۆ زیاتر پێشـڤەچوونتان.

بەڕێـزان: یەکێتـی نەتەوەیـی دێموکراتـی کوردسـتان لەمـاوەی تەمەنـی خەبـات و تێکۆشـانیدا، وەك لایەنێـك لـە گۆڕەپانـی سیاسـی باشـووری کوردسـتان هەڵوێسـتی لەخەبـات دژی داگیرکـەران و دوژمنانـی کوردسـتان هەبـووەو هەموو کات خەباتی کـردووە بۆ بەدیهێنانی مافەکانـی گەلـی کوردسـتان, ئـەوەی لـەم قۆناغـەی ئەمڕۆشـمان گرنگـە یەکریـزی و تەبایـی سـەرجەم هێزو لایەنەکانی کوردسـتانە بۆ بەدیهێنانی تەواوی مافەکانی گەلەکەمان و پاراسـتنی دەسـتکەوتەکانمان. لـەم بۆنەیەتانـدا جارێکی تر جەخت دەکەینەوە سـەر زیاتـر توندوتۆڵکردنی پەیوەنـدی برایانـەی نێوانمـان و سـەرجەم هێـز و لایەنەکانـی هەمـوو کوردسـتان .

هەر سەرکەوتووبن .... لەگەڵ ڕێزماندا.

**مەکتەبی سیاسی**

**پارتی کۆماری کوردستان (١٨-٣-٢٠٢٠)**

# پەیامی پیرۆزبایی تۆڕی پاراستنی نیشتمان

**بەڕێزان سکرتێر و مەکتەبی سیاسی و تێکڕای ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**

سڵاوو رێز ...

بەبۆنەی یوبیلی زیوین ٢٥ ەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتییەکەتان جوانترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین، دیارە ئاشکرایە کە (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان) لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، بە فۆڕمێکی جیاواز و بیرێکی فراوان، ئەدای حوکمداری و سەربەخۆیی هەنگاوی ناوە، لە ساتەوە تا ئێستا رۆڵی زۆر باش و ئەرێنی خۆی لە پرسە چارەنووسسازە سیاسییەکانی (هەرێمی کوردستان) بینیوە، لە قۆناغە سەخت و دژوارەکاندا رۆڵی کارای خۆتان بینیوە و، هەوڵی یەکڕیزیتان داوە ولەگەڵ سەربەخۆیی وڵات بوون.

لەکاتی ریفراندۆمی سەربەخۆییدا، رۆڵی بەهێزو کاراتان هەبووە لە سەرخستنی ئەو پرۆسەیە و، بە یەکێک لەو حزبانە دادەنرێن کە کار بۆ ئامانجە نەتەوەییەکانی وڵات دەکەن.

(تۆڕی پاراستنی نیشتمان)، بە گرنگییەوە دەڕوانێتە روئیا و ئەدای کارکردنتان، خۆمان بە خۆشحاڵ دەزانین کە هاوبەشی گرنگترین پرۆژە

بووین، کە ئەویش زیندووکردنەوەو هێنانەوە بەر باسی (دەستووری هەرێمی کوردستان)ە، بە خۆشحاڵییەوە بەردەوام دەبین لە هەماهەنگی و کاری پێکەوەییمان لە پێناو سەرخستنی ئامانجە نەتەوەیی و سیاسییەکانی وڵاتەکەمان.

**تۆڕی پاراستنی نیشتمان**

**١٨ - ٣ - ٢٠٢٠**



# پەیامی پیرۆزبایی کەسایەتی عێراقی
# بەڕێزعەمید ئیبراهیم ئەلجبوری

**الأستاذ غفور مخموري المحترم السكرتير العام للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني**

نهنئكم بمناسبة الذكرى ٢٥ لتأسيس الإتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني، راجيا لحزبكم التقدم على طريق تحقيق الهدف القومي الأسمى لشعبنا الكوردي المناضل نحو حرية وإستقلال كوردستان.

وتقبلوا مني فائق التقدير والاحترام.

**العميد إبراهيم الجبوري**

**٢١ – ٣ – ٢٠٢٠**

# پیرۆزبێت نەورۆز و

# یۆبیلی زیوینی دامەزراندنی

# یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

# YNDK

**- جەماوەری وڵاتپارێزو خۆڕاگری کوردستان ...**

**- کەس و کارو بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان ...**

ئەمڕۆ ٢٥ بیست و پێنج ساڵ بەسەر تەمەنی پڕ لە خەبات و بەرخۆدانی YNDK تێدەپەڕێت، لەم رۆژەدا YNDK وەکو رێکخستنێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و جەماوەریی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان لەدایکبوو و راگەیاندراو بووە هیوابەخش بۆ هاوبیرانی نەتەوەیی و وڵاتپارێزان و تێکۆشەران،YNDK لەماوەیەکی کورتی تەمەنیدا توانی بوون و کاریگەری خۆی بسەلمێنێت و، بەهۆی کاری بەردەوامی لەسەر خزمەتکردن و کارکردن بۆ سەربەخۆیی کوردستان کاریگەری لە سەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانی و سیاسییەکان دروست بکات، YNDK توانیویەتی لەئاست بەرپرسیاریەتیدا بێت و بە شرۆڤە و خوێندنەوە و پێشبینییەکانی پیلانە نەگریسەکانی داگیرکەران و دوژمنانی کورد و کوردستان ئاشکراو ریسوا بکات و رووبەڕوویان ببێتەوە، لەهەمان کاتدا YNDK هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بە پەروەردەیەکی

نەتەوەیـی و ئاشـناکردنی تـاك بەناسـنامەکەی و پەیوەسـتبوونی تاکـی کـوردی بـە خـاك و وڵات و کلتـور بـە بنەمـا گـرت، ئـەوەش بۆئـەوەی کەسـایەتی تاکـی کـورد لەسـەر بنەمـای باوەڕبەخۆبـوون بنیاتبنێتـەوەو شـێلگیرانە رووبـەڕووی دوژمنـان و داگیرکەرانـی کوردسـتان ببێتـەوە، هـزری نەتەوەیـی و وڵاتپارێـزی YNDK وایکـرد زۆر بەخێرایـی بەدیاربکـەوێ و ببێتـە خـودان پێگـەی خـۆی لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی مەزنـدا.

ئێمـە لەکاتێکـدا کـەوا یـادی یۆبیـلی زیوینـی دامەزراندنـی YNDK دەکەینـەوە بەهـۆی ئاڵـۆزی ناوچەکـە و ئـەو هەڕەشـانەی لەسـەر کوردسـتان هـەن، وایانکـردووە کوردسـتان بکەوێتـە رەوشـێکی زۆر ناسـك و هەسـتیار، ئەوەتـا لەلایـەك حکومەتـی عێـراق دوای داگیرکردنـی کەرکـوك و مەخمـوور و شـنگاڵ و توزخورماتـوو لـە ١٦ / ١٠ / ٢٠١٧ لـەو کاتـەوە تـا ئێسـتاش رەوشی ئـەو دەڤەرانـەی ئاسـایی نەکردۆتـەوە و، دەسـەڵاتدارانی بەغـدا تـا ئێسـتاش دەسـتبەرداری عەقڵییـەتی خۆسـەپاندن و پەراوێزخسـتنی کـورد نەبـوون، لەلایەکـی دیکـەوە داگیرکـەرانی کوردسـتان لەهەمـوو لایەکـەوە بـۆ دژایەتیکردنمـان لـە پیلاندانانـدان، رژێمـی داگیرکـەری تورکیـا کـە سـاڵی رابـردوو بـە جۆرەهـا چـەك هێرشـی کـردە سـەر شـاری رۆژئـاوای کوردسـتان و خاکەکـەی وێـران و سـوتماك کـردو خەڵکەکەشـی جینۆسـاید و ئـاوارە کـرد، ئێسـتاش هەوڵـدەدات دیمۆگرافیـای رۆژئـاوای کوردسـتان بگۆڕێـت، لـە باکـووری کوردسـتان ؛ ئـەوا دەبینیـن رژێمـی تورکیـا چـۆن کەوتۆتـە دژایەتیکـردنی نەتەوەکەمـان و هیـچ شـتێکی پـێ رەوا نابینێـت و ئازادیخـوازان زینـدانی دەکات و دژی بـوونی کـوردە بـە هەمـوو شـێوەیەک، لـە رۆژهـەڵاتی کوردسـتان ؛ رژێمـی ئێـران بەردەوامـە لەسـەر گرتـن و لـە سـێدارەدانی گەنـج و ئازادیخـوازانی کـورد، رژێمـی سـوریاش سـەرەڕای رەوشی نالەبـاری خـۆی ئامـادە

نییە چارەسەری پرسی کورد لە رۆژئاوای کوردستاندا بکات، بەڵێ ئەوە رەوشی ئێمەی کوردستانییانە، لێرەوە جارێکی دیکە ئەو هەڕەشە و پیلانانەی داگیرکەران ئیدانەو شەرمەزار دەکەین و وەک هەمیشە دژیان دەوەستینەوە، بێگومان سەرەڕای پیلان و ئاستەنگەکان خەباتی گەلی کوردستان بەردەوامە و پێشڤەدەچێت، پێشڤەچوونی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەمان لە باکوورو باشوور و رۆژهەلات و رۆژئاوای کوردستان مایەی خۆشحاڵین و وەك هەمیشە پشتیوانی و هاوکاری تەواوی خۆمانیان پێڕادەگەیەنین, لەم رەوشەدا بۆ یەکدەنگی و یەکڕیزی گەلی کوردستان؛ لەسەر ئاستی نەتەوەیی جارێکی دیکە جەختدەکەینەوە سەر بەستنی (کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان) بە بەشداری تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و، داڕشتنی بەرنامەی کارو خەبات بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان بەرەچاوکردنی بارودۆخیان بەکارێکی نەتەوەیی و نیشتمانی گرنگ دەزانین، لەم پێناوەدا ئێمە وەکو YNDK وەك هەمیشە ئەوەی لە توانامانداییت دەیکەین، لەهەمان کاتدا بانگ لە هەموو لایەك دەکەین کەوا بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی گەلی کوردستان کاربکەین و زۆر بەوردی و بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ ئەم رەوشەدا بکەین، بێگومان ئەمەیش تەنیا بە یەکڕیزی و یەکدەنگی لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی گەلی کوردستان دەبێت.

### جەماوەری دڵسۆزو وڵاتپارێزی کوردستان ...

سەبارەت بە رەوشی ئێستای باشووری کوردستان؛ ئێمە وای دەبینینەوە کەوا ناوەندی سیاسی لێکترازاو و پەرش و بڵاوەو پێویستی بە رێکخستنەوەو یەکخستەوەیە، لەسەر ئاستی جەماوەریش گلەیی و گازاندەی زۆر هەن لەو ناعەدالەتییەی کەوا لە باشووری وڵاتدا هەیە، بۆیە پێویستە لایەنە سیاسییەکان

و دەســەڵات و جەمــاوەری کوردســتان زیاتــر لەیەکــدی نزیکببنــەوەو هــاوکاری یەکتربــن، بــۆ ئــەم مەبەســتە جارێکــی دیکــە داوای پێکهێنانــی (ئەنجوومەنــی سیاســی کوردســتان) دەکەیــن، کــە ئەنجوومەنێــك بێــت هەمــوو حــزب و لایەنــە سیاســییەکانی باشــووری کوردســتان بگرێتەخــۆ، ئەمــەش باشــترین هەنــگاوە بــۆ ڕێکخســتنەوەی ناوەنــدی سیاســی کوردســتان و پاراســتن و پێشــڤەبردنی دەزگا و دامــەزراوەکانی کوردســتان.

**کودستانییانی ئازیز ...**

وەک هەمــوو لایــەک ئــاگادارن بڵاوبوونــەوەی ڤایــرۆسی کۆرۆنــا (COVID-١٩) لەجیهانــدا، بۆتــە هەڕەشــەیەکی گــەورە و رووبــەڕووی تــەواوی مرۆڤایــەتی بۆتــەوە، بەداخــەوە کوردســتانیشی گرتۆتــەوە، ئەمــەش وایکــردووە حکومــەتی کوردســتان کۆمەڵــێ ڕێــکارو ڕێنمایــی هەبێــت بــۆ پاراســتنی هاوڵاتیــانی کوردســتان و ڕێگرتــن لــە بڵاوبوونــەوەی ڤایــرۆسی کۆرۆنــا، ئێمــە لــە YNDK پشــتیوانی تــەواو لــە هەنــگاوو ڕێنماییــەکانی حکومــەتی کوردســتان دەکەیــن، هەربۆیــە بڕیارمانــدا بــە وەســتاندنی تــەواوی چالاکــی و مەراســمیی یۆبیــلی زیوینــی YNDK و، لێــرەوە داوا هەمــوو لایــەک دەکەیــن ئــەو بەڕێزانــەی دەیانــەوێ لــەم یــادەدا لەگەڵــمان بەشــداربن دەکــرێ لــە ڕێــی نــاردنی پەیــام و بروســکەی پیرۆزبایــی بەســەرمانبکەنەوە.

لــە کۆتاییــدا؛ لــەم یــادە بــەرزو شــکۆدارەدا جەژنــی نــەورۆز و ســاڵی نوێــی کــوردی و یۆبیــلی زیوینــی دامەزراندنــی YNDK لــە هەمــوو هەڤــاڵان و تــەواوی گەلــی کوردســتان پیــرۆز دەکەیــن و، ڕێــزو هاوســۆزی خۆمــان بــۆ بنەماڵــە و کــەس و کاری ســەربەرزی تــەواوی شــەهیدانی کوردســتان دەردەبڕیــن و، بەرخودانــی پێشــمەرگە قارەمانەکانــی کوردســتان و بەرخودانــی نەتەوەکەمــان لــە هەمــوو

بەشــەکانی کوردســتان بــەرز رادەگریــن و پشــتیوانی خۆمانیــان بــۆ رادەگەیەنیــن و، پەیــمان دەدەیــن وەك هەمیشــە لەســەر رێبــازی شــەهیدان، رێبــازی پیــرۆزی کوردایەتــی درێــژە بــە خەبــات و تێکۆشــانی خۆمــان بدەیــن لــە پێنــاو هێنانــەدی کوردســتانێکی ســەربەخۆ و ئــازاد و یەکگرتــوو دیموکــرات.

**- نەمــری و ســەربەرزی بــۆ شــەهید (سەربەســت مەحمــوود) و تــەواوی شــەهیدانی رێــی ســەرخۆبوون و ئــازادی کوردســتان.**

**- مردن و رووڕەشی بۆ داگیرکەران و دوژمنانی کوردستان.**

**- بێتەدی کوردستانێکی سەربەخۆو ئازادو یەکگرتوو و دیموکرات.**

**مەکتەبی سیاسیی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**

**١ ی نەورۆزی ٢٧٢٠ ی کوردی _ ٢١ / ٣ / ٢٠٢٠ ی زایینی**

**هەولێر _ باشووری کوردستان**



# پەیامی سکرتێری گشتیی

# یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

# YNDK

# بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە

**- جەماوەری خۆڕاگرو وڵاتپارێزی کوردستان ...**

**- کەس و کارو بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان ...**

**- حزب و لایەنە سیاسییە تێکۆشەرەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی...**

**جەژنی نەورۆزو ساڵی نوێی کوردیتان پیرۆزبێت ...**

بەبۆنـەی جەژنـی نـەورۆزو سـەری سـاڵی کوردییـەوە جوانتریـن پیرۆزبایـی لـە تـەواوی گەلـی کوردسـتان و بنەماڵـەی سـەربەرزی شـەهیدان و کەسـوکاری ئەنفالکـراوان و هێـزەکانی پێشـمەرگەی کوردسـتان و گەریـلا و شـەڕڤانان و زیندانیـانی سـیاسی نێـو زیندانـەکانی داگیرکـەرانی کوردسـتان و ئێـوەی خۆشەویسـت دەکـەم و، هیڤیـدارم ئـەم نـەورۆزە ببێتـە نـەورۆزی سـەرخۆبوون و ئـازادی کوردسـتان و رزگاربوونـی نەتەوەکەمـان لەژێردەسـتی داگیرکـەران.

بێگومـان نـەورۆز سـیمبوڵی نوێبوونـەوەو دەسـتپێکردنی ژیانێکـی نوێیـە، ئومێـد دەکەیـن ئێمـەی کوردیـش وەکـو نـەورۆز دەسـت بـە ژیانێکـی نوێـتر بکەیـن و بەرنامەیەکـی نـوێ بـۆ داهاتوومـان دابڕێژیـن و بـەرەو ئایندەیەکـی

گـەش هەنـگاو بنێیـن، ئەمەیـش بـە ڕێکخسـتنەوەی ناوەنـدی سـیاسی کوردسـتان و یەکدەنگـی و یەکڕیـزی گـەلی کوردسـتان و لایەنـە سیاسـییەکان دێتـەدی، بۆئەمـەش پێویسـتە بـە زووتریـن کات (ئەنجوومـەنی سیاسـیی کوردسـتان) بـە بەشـداری تـەواوی هێـزو لایەنەساسـییەکانی کوردسـتان پێکبهێنرێـت، بێگومـان ئەمەیـان بـۆ چارەسـەرکردنی پرسـەکانی باشـووری کوردسـتان دەبێتـە فاکتەرێکـی بەهێـز، لەهەمـان کاتـدا لەسـەر ئاسـتی نەتەوەیـی پێویسـتە هەمـوو لایەکـمان کار بـۆ بەسـتنی کۆنگرەیەکـی نەتەوەیـی لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی مـەزن بکەیـن، ئەمـەش ئەرکێکـی بەپەلـەی نەتەوەیـی و نیشـتمانی ئـەم قۆناخـەی خەبـاتی گـەلی کوردسـتانە، بۆیـە لەسـەر هەمـوو لایەکمانـە بـەو ئاراسـتەیە کاربکەیـن بۆئـەوەی بگەیـن بـە ئـازادی و سـەربەخۆیی کوردسـتان.

**- جەماوەری تێکۆشەرو خۆڕاگری کوردستان ...**

نـەورۆزی ئەمسـاڵمان لەگـەڵ نـەورۆزی سـاڵانی رابـردوو جیـاوازە، لـە لایـەک رژێمـی عێـراق لـە ١٦ ی ئۆکتۆبـەری ٢٠١٧ ەوە کەرکـوک و مەخمـوور و شـنگاڵ و زومـمار و توزخورماتـووی داگیرکـردووە و لـەو کاتـەوە تـا ئێسـتا رەوشی ئـەو ناوچانـەی داگیـری کـردوون ئاسـایی نەکردۆتـەوە، لەلایەکـی دیکـەوە دوای بەرخودانێکـی بێوێنـەی شـەڕڤانان و گەلەکەمـان لـە هەمبـەر هێـرشی رژێمـی تورکیـا و چەتـەکانی بـۆ سـەر رۆژئـاوای کوردسـتان، رژێمـی تورکیـای فـاشی و خوێنرێـژ لـە ١٨ / ٣ / ٢٠١٨ ەوە عفرینـی قـەڵای بەرخـودانی داگیرکـردووەو دەسـتی بـە وێرانکـردنی شـارەکە و ئاوارەکـردن و جینۆسـایدکردنی خەڵکەکـەی کـردووە و لەهەمـان کاتـدا رژێمـی تورکیـا بەردەوامـە لـە هەوڵـەکانی بـۆ گۆڕینـی دیموگرافیـای رۆژئـاوای کوردسـتان، هەروەهـا رژێمـی ئێـران لـە رۆژهـەڵاتی کوردسـتان بەردەوامـە لەسـەر گرتـن و لـە سـێدارەدانی چالاکوانـان و گەنجـانی نەتەوەکەمـان، بێگومـان تێکـڕای ئـەم تاوانانـەش بـە بەرچـاوی هەمـوو دونیـاوە ئەنجامدەدرێـن و، وڵاتـانی

زلهێــزی ویــژدان مــردوو بێدەنگــن و ئارەقــەی شــەرمەزاریان لێدەتکێــت، لێــرەوە جارێکــی دیکــە زۆر بەتونــدی داگیرکــردنی کەرکــوک و عفریــن و لــە گرتــن و لــە سـێدارەنی لاوانی رۆژهــەڵاتی کوردســتان ئیدانــەو مەحکــووم دەکەیــن و، سـڵاوو رێــزو خۆشەویســتیمان بــۆ خەڵکــی خۆڕاگــری کەرکــوک عفریــن و مەخمــوور و شــنگاڵ و زومــمار و توزخورماتــوو هەیــە و، پێیاندەڵێیــن کــەوا ئــەو داگیرکارییــە تــا ســەر نابێــت و، پێشــهاتەکان پێماندەڵێــن داگیرکــەران باجــی قــورسی ئــەو ســەرەڕۆییانەیان دەدەن و دەچنــە زبڵــدانی مێــژووەوە.

**جەماوەری خۆشەویستی کوردستان ...**

ئێمــە لــە کاتیکــدا کــەوا یــادی هاتنــەوەی جــەژنی نــەورۆزی ئەمســاڵمان دەکەینــەوە، وەک هەمــوو لایــەک ئــاگادارن بڵاوبوونــەوەی ڤایــرۆسی کۆرۆنــا (COVID-١٩) لەجیهانــدا، بۆتــە هەڕەشــەیەکی گــەورە و رووبــەڕووی تــەواوی مرۆڤایــەتی بۆتــەوە، بەداخــەوە کوردســتانیشی گرتۆتــەوە، ئــەم رەوشــە لــە هەمــوو لایەکــمان دەخوازێــت کــەوا هــاوکارو پشــتیوانی یەکــدی بیــن بــۆ تێپەڕانــدنی ئــەم پەتایــە، باشــترین چارەســەریش بــۆ بەرگرتــن لــە بڵاوبوونــەوەی ئــەم پەتایــە مانەوەمانــە لــە ماڵەکانمــان، بــۆ پێویســتە لــە ماڵەکانمــان بمێنینــەوەو نــەورۆزی ئەمســاڵمان لــە ماڵەکانــدا بکەیــن.

لەگەڵ رێزو خۆشەویستی و پیرۆزبایی دووبارەمان بۆ هەموو لایەك.

هەر بژین و سەرکەوتووبن و سەربەخۆیی کوردستان ببینن.

**دڵسۆزتان**

**غەفوور مەخمووری**

**سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**

**ئێوارەی ٢٠ / ٣ / ٢٠٢٠**

# راگەیاندنی کۆتایی
# کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی
# یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان
# YNDK

ئەمڕۆ شـەممە ٧ / ٣ / ٢٠٢٠ کۆمیتەی سـەرکردایەتیی (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردسـتان YNDK) بەسەرپەرشـتی هەڤاڵ غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی YNDK، لـە بـارەگای مەکتەبی سیاسـی YNDK لە شـاری هەولێر، کۆبوونەوەی ئاسـایی خـۆی ئەنجامـدا، لـە کۆبوونەوەکـەدا گفتوگـۆ لەسـەر بارودۆخـی سیاسـی کوردسـتان و عێـراق و ناوچەکـە و کارو خەباتـی YNDK کـرا:

باکووری کوردسـتان: ئێمە لە YNDK پشـتیوانی خۆی بۆ خەباتی باکوور رادەگەیەنین و، ئیدانـەی تـەواوی ئـەو دەسـتدرێژیانەی دەوڵـەتی داگیرکـەری تورکیـا دەکەیـن کـەوا دەیکاتـە سـەر پەرلەمانتـارانی کـورد و شـارەوانییەکان و چالاکییـە مەدەنییـەکان، ئـەو دەسـتدرێژییانەی تورکیـا ئەو راسـتییە دەسـەلمێنن کـەوا تورکیا دژی هەرجـۆرە خەباتێکی مـەدەنی و پەرلەمـانی و سیاسـییە لە باکووری کوردسـتاندا، داوا لە کۆمەڵـگای نێودەوڵەتی دەکەیـن دژی ئـەو دەسـتدرێژییانەی تورکیـا بیدەنـگ نەمێنـن، سـەرەڕای ئاسـتەنگەکانی بـەردەم خەبـاتی نەتەوەکەمـان لـە باکـوور پێشـڤەچوونی بەرچاویـش وەدیهاتـوون، خۆشـحاڵین بەپێشـڤەچوونەکانی خەباتـی نەتەوەکەمـان لـەو بەشـەی وڵات و, ئومێـد دەکەیـن ببێتـە فاکتـەری سـەرەکی پێشـڤەچوون و سـەرکەوتنی زیاتر و گەیشـتن بە مافە

ڕەواكانی نەتەوەكەمان.

■ **ڕۆژهەڵاتی كوردستان:** YNDK هەوڵەكانی لەیەكدی نزیكبوونەوەی لایەنە سیاسیەكانی ئەو بەشەی وڵات بەرز دەنرخێنێت و, بە گرنگی دەبینێت كە تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەكانی ڕۆژهەڵاتی وڵات كار بكەن بۆ كۆكردنەوەی هێزو تواناكانیان و، بەرەیەكی سیاسی بەرفراوان كە تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەكانی ڕۆژهەڵات بگرێتەخۆ لە نێوان خۆیاندا پێكبهێنن، بۆئەوەی ئامادە بن بۆ ئەو ئەگەرو پێشهاتانەی كە لەسەر ئاستی ناوچەكەدا ڕوودەدەن و دێنە پێشەوە، لەهەمان كاتدا سڵاوو ڕێز دەنێرین بۆ زیندانییانی سیاسی لە زیندانەكانی ئێران و خەبات و بەرخودانیان بەرز دەنرخێنین و، داوا لە كۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤ دەكەین كەوا هەوڵبدەن گیانی چالاكوانان لە زیندانەكانی ئێران لە مردن ڕزگار بكەن.

■ **ڕۆژئاوای كوردستان:** YNDK جارێكی دیكە پشتیوانی خۆی بۆ خەبات و بەرخودانی ڕۆژئاوای كوردستان ڕادەگەیەنێت و، پێشڤەچوون و سەركەوتنەكانی ڕۆژئاوای كوردستان بەرز دەنرخێنێت و، بە گرنگی دەزانێت تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەكانی ئەو بەشەی وڵات یەكڕیزو یەكدەنگ بن و بەیەكەوە كاربكەن و خۆیان لە ململانێی حزبایەتی بەدوور بگرن، لەجیاتی حزبایەتی كوردایەتی بكەن و بەرژەوەندی نەتەوەیی لەبەرچاو بگرن و خۆیان لەهەر گرژی و ناكۆكییەك بپارێزن، لەهەمان كاتدا تەواوی هێرش و پەلامار ودەستدرێژییەكانی دەوڵەتی داگیركەری توركیا بۆ سەرڕۆژئاوای كوردستان ئیدانە دەكەین و داوا لە كۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەكەین كەوا لە بەرامبەر توركیادا هەڵوێست وەربگرن.

■ **باشووری كوردستان:** ئێمە لە YNDK بە پێویستی دەزانین كە بەزووترین كات ناوەندی سیاسی و ناوماڵی كوردستان ڕێك و یەكبخرێتەوەو، بۆ ئەمەش پێكهێنانی (ئەنجوومەنی سیاسیی كوردستان) كە تەواوی لایەنە سیاسییەكان بگرێتەخۆ بەگرنگ دەزانین، ئەمەش دەبێتە فاكتەرێك كەوا هەموو لایەنە سیاسییەكان لەسەر پرسە

نەتەوەیی و نیشتمانییەکان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بن، بە تایبەت لەم قۆناخە هەستیارو چارەنووسسازەدا، کەوا ئێستا داگیرکەرانی کوردستان لە هەموو لایەکەوە کوردستانیان گەمارۆداوە، بێگومان ئەم پیلان و هەڕەشانەی لەسەر گەلی کوردستان و ئەزموونەکەی بەڕێوەدەچێت، پیلانێکی ناوچەیی بەرنامە بۆ دارێژراوی گەورەیە دژ بە گەلی کوردستان، ئەم پیلانانە دەمێکە کاری لەسەر دەکرێت و هەوڵی جێبەجێکردنی دەدرێت.

لەسەر ئاستی حوکمداری باشووری کوردستان؛ YNDK ئەنجامدانی چاکسازییەکی گشتگیر لە تەواوی بوارەکانی بەڕێوەبردنی کوردستان بەپێویست دەزانێت و، داواکارە حکومەتی کوردستان تەواوی دەزگاو دامەزراوەکانی کوردستان بەشێوەیەکی سەردەمییانە سیستماتیک بکات و، ببێتە حکومەتی هەموو خەڵکی کوردستان، هەموو لایەکمان چاوەڕوانین کەوا حکومەتی کوردستان هەنگاوی باش بنێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیاترو نەهێشتنی گەندەڵی و ناداپەروەری کۆمەڵایەتی و حزب حزبێنە و نایەکسانی، هەروەها پێویستە حکومەتی کوردستانە ئاوڕی زیاتر لە فەرمانبەران و مامۆستایان و خانەنشینان و خانەوادەی شەهیدان و خاوەن پێداویستی تایبەت بداتەوە و مووچەکانیان لەکاتی خۆیدا بۆ خەرج بکات و کاربکات بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان، هەورەها کار بۆ گەڕاندنەوەی کەرکووك و مەخموور و هەموو ئەو شوێنانە بکات کە بەپیلانێکی نەگریس کەوتنە بندەستی سوپای داگیرکەری عێراق.

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان: YNDK جەختدەکاتەوە سەر بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بەبەشداری تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی مەزن و, بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لەم کاتە هەستیارەدا بەئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی دەزانێت، وەک هەنگاوێك بۆ یەکڕیزی و یەکدەنگی گەلی کوردستان لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن لێیدەڕوانێت.

■ **یۆبیلی زیوینی YNDK:** نەورۆزی ئەمساڵ YNDK پێدەنێتە ٢٥ بیست و پێنجەمین ساڵیادی دامەزراندنی خۆی، YNDK وەکو رێکخستنێکی نەتەوەیی و جەماوەریی لە گۆڕەپانی سیاسی و کلتوری کوردستان لە نەورۆزی ١٩٩٥ لەدایکبوو و راگەیاندراو بووە موژدەبەخش بۆ هاوبیرانی نەتەوەیی و وڵاتپارێزان و نیشتمانپەروەران، YNDK لەماوەیەکی کورتی تەمەنیدا توانی بەدیاربکەوێ و بەهۆی کاری بەردەوامی لەسەر خزمەتکردن و کارکردن بۆ سەربەخۆیی کوردستان، کاریگەری لە سەر پرسە نەتەوەیی و سیاسییەکان دروست بکات، ئەمساڵیش کەوا یادی یۆبیلی زیوینی خۆی دەکاتەوە، بڕیاربوو بە کۆمەڵێ چالاکی و مەراسیمی جۆراوجۆر یادەکە بکاتەوە، بەڵام وەک هەموو لایەک ئاگادارن بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (COVID-١٩) لەجیهاندا، بەداخەوە کەوا کوردستانیشی گرتۆتەوە، وایکردووە حکومەتی کوردستان کۆمەڵێ رێکارو رێنمایی هەبێت بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی کوردستان و رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئێمە لە YNDK پشتیوانی تەواو لە هەنگاوو رێنماییەکانی حکومەتی کوردستان دەکەین، هەربۆیە بڕیارماندا بە وەستاندنی تەواوی چالاکی و مەراسمیی یۆبیلی زیوینی YNDK و، لێرەوە داوا هەموو لایەک دەکەین ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ لەم یادەدا لەگەڵمان بن دەکرێ لە رێی ناردنی پەیام و بروسکەی پیرۆزبایی بەسەرمانبکەنەوە.

■ **عێراق:** YNDK پێیوایە ئەم رەوشەی کەوا ئێستا عێراق پێیدا گوزەر دەکات بەرەنجامی عەقلیەتی تاکڕەوی و دکتاتۆرییەتە کە حکومەتی تائیفی و مەزهەبی لە ساڵانی رابردوو و لە ئێستادا هۆکاری هێنانە ئارای ئەم عەقلیەت و رەوشە نەخوازراوە بوون، بە باوەڕی ئێمەو بەپێی ئەزموونی کورد لەگەڵ رژێمەکانی پێشووی عێراق دەگەینە ئەو راستییەی کەوا متمانە بە دەسەڵاتەکانی عێراق نەکەین، بێگومان دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق دەیانەوێ هەمان سیاسەتی هەڵەی حکومەتەکانی پێشووی عێراق دووبارە بکەنەوە، روانینی دەسەڵاتی ئێستای عێراق هەمان روانینی دەسەڵاتەکانی پێشووە، ئەمەش ئەو راستییە دەسەلمێنێت کەوا عەقلیەتی

دەسەلاتداری عێراقی چەقبەستووەو ناگۆڕێت و، روانینی زۆربەیان هەمان روانینی حکومەتەکانی رابردووە بۆ چارەسەری پرسی کورد ! زۆربەی دەسەڵاتدارانی عێراق لۆژیکی خۆبەزلزانین و سەربازی دەخەنە پێش لۆژیکی دیالۆگ و لەیەکترگەیشتن، ئەم روانین و پەراوێزخستنانەیان بۆ کورد پەیامێکن بۆ هەموو لایەک کەوا تائێستاش گەلی کوردستان هەڕەشەی لەسەرە و پێویستی بە پاراستن هەیە بۆیە لەسەر هەموو لایەکمان پێویستە ناکۆکی و دووبەرەکی بخەینە لاوەو بە یەکڕیزی و یەکدەنگی رووبەڕووی ئەم هەڕەشانە ببینەوە.

■ **رەوشی ناوچەکە:** YNDK پێیوایە رۆژهەڵاتی ناڤین لە رەوشێکی پڕ ناسك و هەستیارو ئاڵۆزدایەو رۆژ بە رۆژ ئەگەرو پێشهاتی نوێ دێنە پێشەوەو، ئەو ئەگەرو پێشهاتانە کاریگەری خۆیان دەبێت بۆ سەر رەوشی ئێستای کوردستان و بزاڤە رزگاریخوازەکانی ناوچەکە، بۆیە پێویستە ئێمەش وەکو گەلی کوردستان سوود لەو دەرفەتە وەربگرین و، هەروەها پێویستە برایانمان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان کارو خەباتی خۆیان خورت بکەن و بەرەو رزگاری و ئازادی هەنگاو بنێن، لە هەمان کاتدا وای دەبینین کەوا دەکرێ لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی کەوا دێنە پێشەوە سوود وەربگرین بۆ کارکردن بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەنجامی ریفراندۆم و کارکردن بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

لە دوا تەوەری کۆبوونەوەکەدا باس لە کاروخەباتی YNDK لەماوەی رابردوودا کراو، کارنامەیەکیش بۆ کارو خەباتی داهاتووی YNDK دانرا، ئەمەو کۆبوونەوەکە سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارنامەی خۆی هێنا.

**کۆمیتەی سەرکردایەتیی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**

**۷ / ۳ / ۲۰۲۰ هەولێر _ باشووری کوردستان**

# پاشکۆی وێنەکان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی
بارەگای YNDK، هەولێر – کوردستان ٥- ٢- ١٩٩٨



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی
کۆشکی سەرۆکایەتیی کوردستان، پیرمام - کوردستان



سکرتێری گشتیی و شاندی سەرکردایەتیی YNDK لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی
کۆشکی سەرۆکایەتیی کوردستان، پیرمام - کوردستان ١٨- ٣- ٢٠٠٢



سکرتێری گشتیی و شاندی سەرکردایەتیی YNDK لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی
کۆشکی سەرۆکایەتیی کوردستان، پیرمام - کوردستان ١٦- ٢- ٢٠١٣



سکرتێری گشتیی YNDK لە کۆبوونەوەی شاندی دانووساندنکاری کوردستان بەسەرۆکایەتی سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ شاندی حکومەتی عێراق بەسەرکایەتی نوری مالیکی سەرۆکی حکومەتی عێراق
سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، بەغدا ٧ – ٧ - ٢٠١٣



سکرتێری گشتیی YNDK لە کۆبوونەوەی فراوانی حزبە کوردستانییەکان لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی
کۆشکی سەرۆکایەتیی کوردستان، پیرمام - کوردستان ١٠- ٦- ٢٠١٧



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان



سکرتێری گشتیی YNDK لە کۆبوونەوەی حزبە کوردستانییەکان لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان



سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازیکردنی شاندی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز فازل میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان
بارەگای YNDK، هەولێر – کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز کۆسرەت رەسووڵ عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان



سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازیکردنی شاندی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان
بارەگای YNDK، هەولێر – کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ شەهید سەرهەنگ معەممەر قەزافی رێبەری شۆڕشی لیبیا
خێوەتگای قەزافی، کەنداوی سێرت – لیبیا ٦ – ٢ – ٢٠٠٧



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ شەهید سەرهەنگ معەممەر قەزافی رێبەری شۆڕشی لیبیا
خێوەتگای قەزافی، کەنداوی سێرت – لیبیا ٦ – ٢ – ٢٠٠٧



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز (أحمد قذاف الدم) بەرپرسی سیاسی بەرەی خەباتی نیشتمانی لیبیا



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز (ولید محمد سید قذاف الدم) بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی بەرەی خەباتی نیشتمانی لیبیا



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز سەرۆک مەحمود عەباس (أبو مازن) سەرۆکی فەلەستین
عەمان – ئوردەن ٢٦ – ١ – ٢٠١٤



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز سەرۆک مەحمود عەباس (أبو مازن) سەرۆکی فەلەستین
کۆشکی سەرۆکایەتیی فەلەستین، رامەللا - فەلەستین ٢٨ – ١١ – ٢٠١٦



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز فەیسەڵ فایز سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەعیانی ئوردەن، عەمان – ئوردەن



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز دکتۆر نەسار قەیسی جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئوردەن، عەمان – ئوردەن



غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی YNDK لەگـەڵ بەڕێـز سـتیڤان دی میسـتۆرا نوێنـەری تایبـەتی سـکرتێری گشـتیی نەتـەوە یەکگرتـووەکان UN



غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی YNDK لەگـەڵ شـاندی پارتی کۆمۆنیسـتی چین بە سـەرۆکایەتی بەڕێز داڤیـد وانگ ئەندامی ئەندامـی کۆمیتەی ناوەنـدی پارتەکە.



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز خالید محێدین سەرۆکی پارتی گردبوونەوەی نیشتمانی یەکگرتووی پێشکەوتنخوازی میسر

قاهیرە – میسر ٣١ – ٥ – ١٩٩٨



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز کلاودیا روس سەرۆکی پارتی سەوزی ئەڵمانیا



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز ئیریک سەلە سەرۆکی پارتی پارێزگارانی مەسیحی نەرویج
ئۆسلۆ – نەرویج ١ – ٣ – ٢٠١٦



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز لویس ئایالا سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی سۆشیالیستی نێودەوڵەتی



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز ڤیجای جولی سەرۆکی پارتی بەجاتای هیندی (BJP)



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ شاندی سۆشیال دیموکراتی سوید (SPD) بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەرکان کوسا ئەندامی پەرلەمانی سوید



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز (مريم المنصوره الصادق المهدي) جێگری سەرۆکی پارتی نەتەوەیی سودان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز (محند العنصر) ئەمینداى گشتیی بزووتنەوەی میللی مەغریب




غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز جەمیل بایک هاوسەرۆکی کۆما جڤاکێ کوردستان KCK
بارەگای سەرکردایەتیی KCK، بناری قەندیل - کوردستان ۳ - ۱۰ - ۲۰۱٤



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ شاندی پارتی شین فینی ئێرلەندی بە سەرۆکایەتی بەڕێز مارتینا ئەندرسن ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێزان سەلاحەددین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان HDP و ئەحمەد تورک سەرۆکی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکرات KCD



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێزان ژمارەیەک لە سیاسەتمەدارانی باکووری کوردستان، لە راستەوە: خەتیب دجلە، عوسمان بایدەمیر، سری ساقق، ئەحمەد تورک



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز ئەحمەد تورک سەرۆکی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکرات KCD




غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز ڕەمزی قارتاڵ سەرۆکی کۆنگرەی گەل KG



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێز مستەفا ئوزچەلیک سەرۆکی پارتیا ئازادیا کوردستانێ PAK و شاندی یاوەری
بارەگای YNDK، هەولێر – کوردستان ٢٣ – ٥ – ٢٠١٥



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێز ئیمام تاچیەر سەرۆکی پارتی ئینسیاتیڤی ئازادی و شاندی یاوەری
بارەگای YNDK، هەولێر – کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
بارەگای YNDK، هەولێر - کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێز بەیرەم بۆزیل سەرۆکی پارتی ماف و ئازادی HAKPAR و شاندی یاوەری
بارەگای YNDK، هەولێر - کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێزان ڕێبەرانی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕاستەوە:
- مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
- مستەفا مەولودی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان
- ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری گشتیی پارتی کۆمۆنیستی ئێران – ڕێکخراوی کوردستان (کۆمەڵە)
- غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK
- عەبدوڵڵای موهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- بابە شێخ حوسێنی سکرتێری گشتیی سازمانی (خەبات)ی کوردستانی ئێران
- عومەر ئیلیخانزادە سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
- محەممەد نەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

هەولێر – کوردستان ١٧ – ٥ - ٢٠١٧



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێز مستەفا مەولودی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان
بارەگای YNDK، هەولێر - کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێز ڕێزان جاوید هاوسەرۆکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان PJAK و شاندی یاوەری
بارەگای YNDK، هەولێر - کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێز غەریب حەسۆ هاوسەرۆکی تەڤگەری کۆمەڵگەی دیموکرات TEV-DEM و شاندی یاوەری
بارەگای YNDK، هەولێر - کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێز ئەنوەر موسلیم هاوسەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکرات PYD و شاندی یاوەری
بارەگای YNDK، هەولێر - کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێز محێدین شێخ ئالی سکرتێری گشتیی پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا (یەکێتی) PYDKS و شاندی یاوەری
بارەگای YNDK، هەولێر – کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێز نەسرەددین ئیبراهیم سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا (پارتی) PDKS و شاندی یاوەری
بارەگای YNDK، هەولێر – کوردستان




سـەردانی غەفـوور مەخمـووری سـکرتێری گشـتیی YNDK و شـاندی یـاوەری بـۆ ئەنجوومـەنی یاسـادانان و ئەنجوومـەنی بەڕێوەبردنی کانتـۆنی جزیرە

عامودا – ڕۆژئاوای کوردستان ٧ – ٥ – ٢٠١٥



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێز د. جەواد مەلا سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان KNC

بارەگای YNDK، هەولێر – کوردستان




غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز شێخ حمێدی دەهام ئەلجربا هاوسەرۆکی کانتۆنی جزیرە
گوندی تەل عەلۆ - قامشلۆ – رۆژئاوای کوردستان ٧ – ٥ – ٢٠١٥



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز هەدیە یوسف هاوسەرۆکی کانتۆنی جزیرە
رمێلان - رۆژئاوای کوردستان ٧ – ٥ – ٢٠١٥



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێز ئاڵدار خەلیل ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی TEVDEM و شاندی باڵای رۆژئاوای کوردستان

بارەگای YNDK، هەولێر – کوردستان ٢٧ – ١٠ - ٢٠١٤



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێزان سەرۆک و سکرتێری پارتەکانی رۆژئاوای کوردستان

بارەگای YNDK، هەولێر – کوردستان ٣ – ١٢ – ٢٠١١



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێز سەلاحەددین محەممەد بەهائەددین ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و شاندی یاوەری
بارەگای YNDK، هەولێر – کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێز فەرید ئەسەسەرد سکرتێر ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان
بارەگای YNDK، هەولێر – کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێز د. کاوە مەحموود سکرتێری حزبی شیوعی کوردستان و شاندی یاوەری
بارەگای YNDK، هەولێر – کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێز بەڵێن عەبدوڵڵا سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و شاندی یاوەری
بارەگای YNDK، هەولێر – کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێز رۆمیۆ هەکاری سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی بێت نەهرێن

بارەگای YNDK، هەولێر – کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێز جەودەت نەجار سەرۆکی کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمان لە کوردستان

بارەگای YNDK، هەولێر – کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێز د. عەبدوڵڵا مەلا سەعید مەلا وەیسی گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان و شاندی یاوەری
بارەگای YNDK، هەولێر – کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێزان شێخ موراد شێخ مەعشوق خەزنەوی و شێخ مورشید مەعشوق خەزنەوی
بارەگای YNDK، هەولێر – کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز مار لویس روفائیلی یەکەم ساکۆ پەتریارکی کلدان و کاسۆلیک لە عێراق



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز مەتران د. رەفعەت بەدر سەرۆکی ناوەندی کاسۆلیکی مەسیحییەکانی ئوردەن

عەمان – ئوردەن



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز مار گۆرگیسی سێیەم سلێوا پەتریارکی کەنیسەی مەشریقی ئاشووری لە جیهان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز قەشە ئیشا داود سەرپەرشتیاری کەنیسەی مارگۆرگیسی رۆژهەڵاتی ئاشووری لە هەولێر



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز مەتران مار بەشار مەتی وەردە سەرۆکی ئەبرەشییەی کلدانی هەولێر



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێز مەتران مار یەعقوب شیر سەرۆکی ئەبرەشییەی کلدانی هەولێر
بارەگای YNDK، هەولێر - کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز میر حازم تەحسین بەگ میری ئێزدییان لە جیهان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز مەحموود بەشاری کەعبی دامەزرێنەری بەرەی عەرەبی رزگاریخوازی ئەهواز، ئۆسلۆ – نەرویج



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز محەممەد زەینەدینی سەرۆکی بزووتنەوەی میللی بلوجستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێزان مەحموود بەشاری کەعبی دامەزرێنەری بەرەی عەرەبی رزگاریخوازی ئەهواز و ئەحمەد مەولا سەرۆکی بزووتنەوەی خەباتی عەرەبی بۆ رزگاری ئەهواز
لاهای – هۆڵەندا ۲۱ – ۱۱ – ۲۰۱۵



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێز د. عەبدولڕەزاق ئەلشەمەری ئەمینداری گشتیی گردبوونەوەی هێزە عێراقییەکان بۆ ڕزگاری و ڕەتکردنەوەی فراوانخوازی ئێران
بارەگای YNDK، هەولێر – کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێز کاروان بابان نوێنەری ڕەوتی حیکمەی عێراقی
بارەگای YNDK، هەولێر – کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لە پێشوازی بەڕێز ئەحمەد قەرەموس هاوسەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK و شاندی یاوەری
بارەگای YNDK، هەولێر – کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز یوروند ریتمان بەرپرسی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی نەرویج
باڵەخانەی پەرلەمانی نەرویج، ئۆسلۆ – نەرویج ٢ – ٣ – ٢٠١٦



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێزان هیکی هۆلمس سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی سۆشیالیستی چەپی نەرویج و ئولە ئالفشتون سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لیبرالی نەرویج لە پەرلەمانی نەرویج
باڵەخانەی پەرلەمانی نەرویج، ئۆسلۆ – نەرویج ٣ – ٣ – ٢٠١٦



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز کیشیل هالفۆڕسن یاریدەدەری وەزیری دەرەوەو بەرپرسی فەرمانگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا لە وەزارەتی دەرەوەی نەرویج
باڵەخانەی وەزارەتی دەرەوەی نەرویج، ئۆسلۆ – نەرویج ٢ – ٣ – ٢٠١٦



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز پۆل ئارنە دافیسن جێگری وەزیری دەرەوەو بەرپرسی ئاژانسی هاوکاری گەشەپێدانی نەرویج NORAD
باڵەخانەی وەزارەتی دەرەوەی نەرویج، ئۆسلۆ – نەرویج ١ – ٣ – ٢٠١٦



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز ساڤیۆر چیشیمبا سەرۆکی پارتی پێشکەوتنخوازی یەکگرتووی گەلی زامبیا



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز نی رووچی کۆنسڵی گشتیی کۆماری چینی میللی لە هەولێر
کۆنسڵخانەی گشتی کۆماری چینی میللی، هەولێر - کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز میشێل سڤۆبۆدا Michal Svoboda کۆنسڵی گشتیی کۆماری چیک
لە هەولێر، کۆنسڵخانەی گشتی کۆماری چیک، هەولێر - کوردستان



غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ بەڕێز بالیۆز هەیسەم ئەبو فول کۆنسلی گشتیی شانشینی ئوردەن لە هەولێر
کۆنسڵخانەی گشتی شانشینی ئوردەن، هەولێر – کوردستان


